# کێڵگە واتایی یەکان لە ڕکێفەمەودای کۆمەڵەوە

(لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا)

نامەیەکە

تابان محەمەد سەعید حەسەن

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە و بە شێکە لە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت

پ.د. فەرەیدون عەبدول محەمەد

2014 زاینی

2714 کوردیی

**ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.**

**پ. د. فەرەیدوون عەبدوول محەمەد**

**بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لێژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**پ. د. بەکر عومەر عەلی**

**سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵای بەشی کوردیی**

**ئەم نامەیە تەنها پێشکەشە بە**

# - (دایکوباوک)م

**چونکە بە هاوکاری و هاندانی ئەوان تەواو بوو**

## سوپاس و پێزانین

سەرەتای سوپاسی خوای گەورە ئەکەم کە تەندروستی و تەمەن و کەسی دڵسۆزیی پێبەخشیم لە تەواوکردنی ئەم باسەدا، پاشان سوپاس بۆ:

- بەشیی کوردیی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی، کە وەك ماڵی دووەم هەمووومانی لە ئامێز گرتووە و پێی گەیاندین.
- هەموو مامۆستاکانی درێژایی خوێندنی ژیانم، چونکە لە هەریەکێکیانەوە وانەیەك فێربووم.
- سەرپەرشتیارەکەم (پ.د.فەرەیدوون عەبدوول محەمەد)، کە زۆر میهرەبان و دڵسۆز بوو، جگە لە هاوکاری و ڕێنمایی، پشتگیریشی دەکردم و لە کاتی ماندووبوندا دڵنەوایی دەکردم.
- سوپاسی تایبەتم بۆ مامۆستای زۆر ئازیز و دڵسۆزم (پ.د.بەکر عومەر عەلی)، کە هاوکار و پشتگیر و هاندەرم بووە لە یەکەم ڕۆژمەوە لە خوێندنی زانکۆ، هەتا ئیستا. خوا تەمەنی درێژ بکات و هەر سەرکەوتوو بێت.
- بەڕێز (پ.د.دڵشاد علی) کە ئەو ڕێبەرە دڵسۆزەیە، هەمیشە هاوکاری خوێندکارانی خوێندنی باڵا ئەکات.
- دایکم و باوکم و براکەم و خوشکەکانم، کە بە دڵسۆزی و خەمخۆری خۆیان منیان گەیاندە ئەم پلەیە. زۆرجار لە هەقی خۆیان خۆش بوون.
- هاوڕێ دڵسۆزەکانم (بەسۆز، تریفە، هێرۆ، سازان، کوردیا) نموونەی هاوڕێن بۆ من.
- تۆی خوێنەر کە خۆت بە خوێندنەوەی ئەم باسەوە خەریك دەکەیت.

**لیستی زاراوەکان**

| | |
|---|---|
| Sequences | بازنەیی |
| Feature valves | بەهای نیشانە |
| Celebrate and occasion | بۆنەویاد |
| Sentagmatic | تەکنشینی |
| Semantics relations | پەیوەندی واتایی |
| Degree | پلە |
| Measures | پێوانە |
| Paradigmatic | جێنشینی |
| Word family | خێزانی وشە |
| Antonym | دژواتا |
| Binary | دوو پەلکی |
| Sociolinguistics | زانستی زمانی کۆمەلایەتی |
| Native language | زمانی دایك |
| Second language | زمانی دووەم |
| Linear structures | ستراکچەری ئاسۆیی |
| Prototype | چەشنی نمونەیی |
| Hyponym | گرتنەوە |
| Polysemy | فرەواتایی |
| Stage | قۆناغ |
| Lexical gap | کەلێنی واتایی |
| Code | کۆد |
| Collocation | کۆلۆکەیشن |
| Semantic fields | کێلگە واتاییەکان |
| Family fields | کێلگەی خێزان |

| | |
|---|---|
| Lexical field | کێلگەی فەرهەنگی |
| Metaphor | میتافۆر |
| Binary feature | نیشانەی دووپەلکی |
| Semantic feature | نیشانەی سیمانتیکی |
| Homonymy | هاوبێژی |
| Homograph | هاوپیت |
| Homophone | هاودەنگ |
| Synonym | هاوواتا |
| Taxonomic hierarchies | هەرەمی پۆلێنکاری |
| Meronymic hierarchies | هەرەمی گرتنەوە |
| Hierarchies | هەرەمیی |
| Clusters | هێشووە وشە |
| Lexical meaning | واتای فەرهەنگی |
| Social meaning | واتای کۆمەڵایەتی |
| Base words | وشەی بنەڕەتی |
| Rank | ڕیزبەندی |

# پێڕست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | |
| (1/0) ناونیشان و بواری نامەکە | 1 |
| (2/0) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە | 1 |
| (3/0) کەرەستە و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە | 1 |
| (4/0) گرفتی نامەکە | 2 |
| (5/0) بەشەکانی نامەکە | 3 |
| بەشی یەکەم | |
| (1/1) مێژوی کێڵگەی واتایی | 5 |
| (2/1) کێڵگە واتاییەکان | 8 |
| (3/1) بنەمای کێڵگە واتاییەکان | 13 |
| (4/1) تیۆرەکانی کێڵگەی واتایی | 15 |
| (1-4/1) کێڵگەی واتایی جێنشینی ترایگەر | 16 |
| (2-4/1) کێڵگەی واتایی تەکنشینی پۆرزیگ | 17 |
| (5/1) جۆرەکانی کێڵگەی واتایی | 18 |
| (5/1- 1) ستڕکچەری ستونی | 19 |
| (1-1-5/1) هەرەمی پۆلێنکاری | 19 |
| (2-1-5/1) هەرەمی گرتنەوە | 21 |
| (5/1- 2) ستڕاکچەری ئاسۆیی | 21 |
| (1-2-5/1) جووت جەمسەرەکان | 21 |
| (2-2-5/1) تاك جەمسەرەکان | 21 |
| (5/1- 2- 2-1) ئاست | 22 |
| (5/1- 2- 2-2) قۆناغ | 22 |
| (5/1- 2- 2-3) پێوانە | 22 |
| (5/1- 2- 2-4) پلە | 22 |

| | |
|---|---|
| 22 | (1/5- 2- 2-5) بازنەیی |
| 23 | (1/5-3) هێشووە وشە |
| 23 | (1/5-3-1) ئەو هێشووە وشەیەی دانەیەك كۆیان دەكاتەوە |
| 23 | (1/5-3-2) ئەو هێشووە وشانەی هیچ دانەیەك كۆیان ناكاتەوە |
| 23 | (1/6) نیشانە واتاییەكان |
| 26 | (1/7) جۆەكانی نیشانە واتاییەكان |
| 26 | (1/7-1) نیشانە واتاییە جیهانییەكان |
| 28 | (1/7-2) نیشانە واتاییە تایبەتییەكان |
| 29 | (1/8) تایبەتێتی نیشانە واتاییەكان |
| 29 | (1/8-1) واتای هۆشەكی |
| 32 | (1/8-2) واتای باركراو |
| 33 | (1/8-2-1) جۆرەكانی واتای لاوەكی |
| 33 | (1/8-2-1) شێوازی |
| 33 | (1/8-2-2) ویژدانی |
| 34 | (1/8-2-3) بیرەكی |
| 35 | (1/8-2-4) تێكەڵ |
| 35 | (1/8-2-5) بابەتی |
| | بەشی دووەم |
| 36 | (2/1) بەیەكداچوون و پەیوەندی كێڵگەكان |

| | |
|---|---|
| 38 | (1-1/2) پەیوەندی واتایی دانەکانی کێڵگەیەك لەگەڵ دانەکانی کێڵگەیەکی تر، کە لەم شێوازانەدا دەردەکەوێت |
| 38 | (1-1-1/2) فرەواتایی |
| 42 | (2-1-1/2) هاوبێژی |
| 46 | (3-1-1/2) کۆلۆکەیشن |
| 47 | (4-1-1/2) پەیوەندی فۆڕمی |
| 48 | (2-1/2) پەیوەندی واتایی دانەکانی ناو یەك کێڵگە |
| 48 | (1-2-1/2) دژواتایی |
| 52 | (3-2-1/2) گرتنەوە |
| 53 | (5-2-1/2) هاوواتایی |
| 59 | (2/2) کێڵگەی واتایی و چەشنی نمونەیی |
| 61 | (3/2) کێڵگەی واتایی و میتافۆر |
| 64 | (4/2) کێڵگەی واتایی لە دەقدا |
| 65 | (4/2) کێڵگەی واتایی لە فێربوونی زمانی دووەمدا |
| 74 | (6/2) سودەکانی کێڵگەی واتایی |
| | بەشی سێیەم |
| 78 | (1/3) کێڵگەی واتایی و کۆمەڵ |
| 83 | (2/3) کێڵگەی خێزان |
| 85 | (1-2/3) دانەکانی کێڵگەی خێزان |

| | |
|---|---|
| 91 | (2-2/3) کێڵگەی ئەو وشانەی بە پێی ڕاپرسییەکە بە کەسوکار دادەنرێت: |
| 94 | (4-2/3) پەیوەندییە واتاییەکان لەناو کێڵگەی خێزاندا |
| 99 | (5-2/3) دانەکانی کێڵگەی خێزان لە زمانی ئینگلیزیدا پە پێی ڕاپرسییەکە: |
| 101 | (6-2/3) جیاوازی کێڵگەی خێزان لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا: |
| 101 | (1-6-2/3) لە ڕووی زاراوەییەوە |
| 102 | (2-6-2/3) لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە |
| 104 | (3/3) کێڵگەی واتایی و بیر و کەلتوور:<br>(4/3) کێڵگەی بۆنە و یادەکان |
| 107 | (4/3- 1) دانەکانی کێڵگەی بۆنە و یادەکان بە پێی ئەنجامی ڕاپرسییەکە |
| 112 | (2-4/3) کێڵگەی بۆنە و یادەکان لە زمانی ئینگلیزیدا |
| 116 | (2-4/3) کێڵگەی بۆنە و یادەکان لە زمانی ئینگلیزیدا  بە پێی ئەنجامی ڕاپرسییەکە |
| 118 | (2-4/3) جیاوازی زمانی کوردی و ئینگلیزی لە کێڵگەی بۆنەویادەکاندا |
| 120 | ئەنجام |
| 121 | لیستی سەرچاوەکان |
| 122 | ملخص البحث |
| 123 | Abstract |

# پێشەکی

## (1/0) ناونیشان و بواری نامەکە:

نامەکە بە ناونیشانی (کێڵگە واتاییە یەکان لە ڕکێفەمەودای کۆمەڵەوە)یە، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا، واتە لێکۆڵینەوەکە بۆ کێڵگەی واتایی و جیاوازییەکەی لە نێوان ئەو دوو زمانەدا تەرخانکراوە.

## (2/0) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

زانستی زمانی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو بابەتانەی کە هەمیشە جێی سەرنجی لێکۆڵەر بووە، هەروەها گرنگیدان بە کێڵگەی واتایی لە کۆمەڵدا یەکێکە لە کارە گرنگەکان، کە پێویستە زۆر گرنگی پێبدرێت و ئەم بوارە لە فەرهەنگ و زماندا چالاکبکرێت.

## (3/0) کەرەستە و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە:

کەرەستەی نامەکە بە شێوەیەکی تایبەتی چڕکراوەتەوە لە شێوەزاری سلێمانیدا، بۆیە زانیاری و ڕاپرسییەکان هەر لە سنووری ئەم ناوچەیەدا کۆکراونەتەوە، ئەمەش بۆ زیاتر وردبونەوە لە بابەتێکی دیاریکراو و شێوەزارێکی دیاریکراو، بۆ زیاتر بە زانستی بوونی بابەتەکە بۆ ئەوەی سنوورەکەی دیاریکراو بێت، هەروەها نموونە ئینگلیزییەکان تەنها لە زمانی بەریتانی وەرگیراوە، بۆئەوەی بتوانین چڕی بکەینەوە لە یەك کلتوردا. بۆ ئەم مەبەستەش ڕێبازی شیکردنەوەی پەسەندکەرانە گیراوەتە بەر.

## (4/0) گرفتی نامەکە:

لەگەڵ بوونی سەرچاوەیەکی باش لەسەر کێڵگەی واتایی، بەڵام کەمیی لێکۆڵینەوەی پراکتیکی بە پێی ئەم تیۆرە لە زمانی کوردیدا، ڕێگەی لێکۆڵەری بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، گرانتر کرد ، چونکە لەهەندێ کاتدا لێکۆڵەر وەك سەرەتاییەك کاری تێدا دەکرد. هەروەها گرفتێکی تر ئەوەبوو لێکۆڵینەوەکە مەیدانی بوو، ئەو ڕاپرسیانەی بۆ زمانی ئینگلیزی کرابوو پێویست بوو لە کەلتوریکدا بکرێت کە کەلتورێکی ئینگلیز بێت، بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێی چەند هاوڕێیەکی دڵسۆزمەوە ئەوکارەیان بۆ ئەنجامگەیاند لە وڵاتی بەریتانیا، بەڵام وەك هەر لێکۆڵەرێکی تر ئەوانیش توشی ئەو گرفتەبوون کە خەڵکانی ئەوێ کاتی خۆیان بەو شتانەوە ناکوژن و هەندێکیان بەدەم داواکەوە نەچووبوون، بۆیە ئەوانیش زۆر ماندووبوون و منیش کاتێکی زۆر چاوەڕێم کردن.

## (5/0) بەشەکانی نامەکە:

نامەکە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە.

لە بەشی یەکەمدا کێڵگەی واتایی وەك لایەنی تیۆری و تایبەتییەکانی باسکراوە، جۆرەکانی کێڵگەی واتایی دیاریی کراون، هەروەها ئەو بنەمایانەی کێڵگەی واتایی لەسەر بنیات دەنرێت. لە جۆرەکانی کێڵگەی واتاییدا ئاماژە بەوە دراوە کە کێڵگەی واتایی لەسەر هەردوو ئاستی ستوونی و ئاسۆیی کاردەکات. بە پێی ئەم ئاستانەش جۆری کێڵگەکان بە نموونەوە شیکراوەتەوە. پاشان باسی نیشانە واتاییەکان کراوە کە پێوەرێکە بۆ جیاکردنەوەی کێڵگەی واتایی، چونکە لێرەدا وشە بۆ بچوکترین پێکهاتەی بچوکدەکرێتەوە کە بە هۆیەوە واتاکەی دیاری دەکرێت. ئەم نیشانانەش هەیانە تایبەتە بە نەتەوەیەك و هەیانە جیهانییە، بە هۆیەوە وشە

دەبێتە خاوەنی دوو جۆر واتا، کە یەکەمیان سەرەکییەو  ئەوی تریان لە ڕێی پەیوەندییەکانەوە بۆی پەیدا دەبیت.

لە بەشی دووەمدا هەوڵمانداوە تایبەتییەکانی کێڵگەی واتایی دیاریی بکەین، کە خۆی لە چەند تەوەرێکدا دەبینێتەوە، تەوەرێکیان باسکردنە لەو پەیوەندییانەی وشەکان بە یەکترییەوە و بە وشەکانی کێڵگەیەکی ترەوە دەبەستێتەوە، لە سنووری پەیوەندییە واتاییەکاندا باسکراوە. واتە بەیەکداچوونی کێڵگەکان. پەیوەندییەکانیش بەستراوە بە پەیوەندی وشەکان لە هەمان کێڵگەدا و پەیوەندییان لەگەڵ وشەکانی کێڵگەیەکی تردا. لە تەوەرێکی تردا باس لە کێڵگەی واتایی کراوە لە ئەدەبدا، کە یەکێکە لە لێکۆڵینەوە گرنگەکان لە دنیای ئەدەبدا، ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە لە هەندێ نامەی ماستەر و دکتۆرای ئەدەبدا کراوە، بە بێ ئەوەی ئاماژە بەم تیۆرە بکرێت، بەڵام میتۆدی لێکۆڵیەوەکە بەو ئاڕاستەیەیە. هەر پەیوەست بەم بیرەوە باس لە کێڵگەی واتایی کراوە پەیوەست بە میتافۆرەوە، کە دەچێتە هەم سنووری ئەدەب و هەم سنووری زمانەوە.

تەوەرێکی گرنگی تری ئەم بەشە باسکردنە لە ڕۆڵی کێڵگەی واتایی لە فێربوونی زمانی دووەمدا، کە یەکێکە لە ڕێگە نوێیەکان بۆ فێربوونی زمانی دووەم بەئاسانی. چونکە دابەشکردنی وشەکانی زمان بە پێی چەند کێڵگەیەك ، لێکۆڵیەنەوە و فێربوونی زمانەکە ئاسانتر دەکات. پاشان لە کۆتاییدا سوودەکانی ئەم تیۆرە ڕوونکراونەتەوە.

لە بەشی سێهەمدا باس لە کێڵگەی واتایی دەکرێت لە ناو کۆمەڵدا، واتە پەیوەندییەکانی ئەم تیۆرە بە کۆمەڵ و دەوروبەرەوە، چونکە کۆمەڵ ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر دانەکانی کێڵگەیەك و چۆنیەتی ڕیزبوونیان، لێرەدا بیر و کلتوور دەبنە بەشێك لەو بیرکردنەوانە و کار لە دانەکان دەکەن.

بۆ ئەم مەبەستەش نموونەی دوو کێڵگەی واتایی هێنراونەتەوە و بە شێوەیەکی مەیدانی کاری تێدا کراوە،  ئەویش بە دەستنیشانکردنی هەردوو کێڵگەی

**خێزان و کێڵگەی بۆنەویادەکان و پاشان دیاریکردنی مەبەستی لێکۆڵەر لە دوو پرسیاری سەرەکیدا، ئەم پرسیارانەش بە فۆڕم بەسەر بەشداربوانی ڕاپرسییەکەدا دابەشکراوە، بەشداربوانی ڕاپرسییەکە بریتیبوون لە قسەکەری هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی بە تەمەن و پیشەی جیاواز، چونکە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەرکەوتووە کە بە پێی تەمەن، بیرکردنەوەی کەسەکان دەگۆڕێت. سنووری لێکۆڵینەوەکە چڕکراوەتەوە لە هەردوو شێوەزاری سلێمانی و زمانی ئینگلیزی بەریتانیدا، بۆ زیاتر بە زانستی بوونی کارەکە. هەروەها لە کۆتایی ڕاپرسییەکەدا کۆمەڵێك جیاوازیی ئەو دوو زمانە خراونەتە ڕوو.**

**نامەکە بە ئەنجام و لیستی ئەو سەرچاوانەی بەکارهاتوون، لەگەڵ کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، کۆتایی هاتووە.**

# بەشی یەکەم

# تیۆری کێڵگەی واتایی و جۆرەکانی

## (1/1) مێژووی کێڵگەی واتایی

هەر تیۆری و ڕێبازێك مێژوویەکی دیاریکراوی هەیە، ئەگەر بمانەوی وەك لایەنی مێژوویی لە زاراوەکە بکۆڵینەوە، ئەم تیۆرەی کە کرۆکی باسەکەی ئیمەیە، بە پێی سەرچاوەکان بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە.

تێوری کێڵگەی واتایی لە کۆنترین تیۆرەکانی واتایە، وەك زاراوە بۆ یەکەمجار (tegner) لە وتارێکیدا بە ناوی (پێشکەشکردنی بیرەکانی کێڵگەی زمانی) لە ساڵی 1887، بەکاریهێناوە[1].

سەرەتاکانی تیۆرەکە دەتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بە تایبەتی بۆ بیروڕاکانی ( Herder & Humboldt )[2] ، بەڵام هەمبۆڵت بە باوکی رۆحی ئەم تیۆرە دادەنرێت.

بەناوبانگترین فەرهەنگ کە لەسەر بنەمای واتا و بابەت دانراوە، ئەو فەرهەنگەیە کە (Roget) دایناوە بۆ وشە و زاراوەکانی زمانی ئینگلیزی، بە ناوی ( Roget's Thesaurus of English word and phrasese)[3] کە پێش دەرکەوتنی کێڵگەی واتایی کەوتووە.

پاشان بەرهەمی هاوشێوە دەبینین لەلای ئەڵمانییەکان و ئیسپانییەکان، هەروەها لای فەرەنسییەکانیش فەرهەنگ سەریهەڵدا کە بە شێوەیەکی ئاشکرا پشتی بەو نمونەیەی (Roget) بەستبوو کە پێشکەشی کردبوو[4].

بەڵام باشترین کار کە بە پێشکەوتوویی ناسراوە و لەسەر پۆلینێکی واتایی جیهانی دابەشکراوە ئەوەیە کە ( Halling & Wartburg ) پێشکەشیان کردووە، چەمکەکانیان لەسەر سێ بەشی سەرەکی دابەشکردووە (جیهان ، مرۆڤ ، جیهان و مرۆڤ) کە هەریەکەشیان دابەشدەبێت بە سەر بەشی تردا[5].

---

[1]. هیفاء عبدالحمید کلنتن (2001: 23)

[2]. John Lyons (1997: 250 )

[3]. أحمد مختار(2006: 84 )

[4]. سەرچاوەی پیشوو (84)

[5]. سەرچاوەی پیشوو (85)

ئەوەی ئێستا وەك تیۆری بواری واتاسازیی ناسراوە سەرەتا بەو ناوەوە لەلایەن ژمارەیەك زانای ئەڵمانی و سویسرییەوە پێشنیازکرا ، بەڵام بناغەی تیۆری کێڵگەی واتایی دەگەڕێتەوە بۆ لای سۆسێر و تیۆری بونیادگەری کە پێی وایە زمان پەیڕەوێکی تەواوە لە نیشانەکان کە یەکتری دیاریی دەکەن، لەمەشەوە بەهاکەی دیاری دەکرێت . واتە بونیادگەرەکان سەرەتای گرنگیپێدانیان بە لێکۆڵینەوەی فەرهەنگ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی سیمانتیکی بونیادی بۆچوونی کێڵگەی واتایی هێنایە ئاراوە، بەو پێیەی ئەم بۆچوونە شێوەیەکی بونیادی ڕێکخراو هونەری دەدات بە وشەکانی زمان. لە فەرەنساش سیمانتیکی تەرکیبی بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراو گەشەیکرد، کاتێك (Mature-1953) و شوێنکەوتوانی گرنگییاندا بەو کێڵگانەی وشەکانی بەرەو گۆڕانکاری و زیادکردنی خێرا دەڕۆن و گۆڕانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییان تیا ڕەنگدەداتەوە. ئەم بۆچوونی کێڵگەی واتاییە گەشەی نەکرد تا ساڵانی بیستەکان و سییەکانی سەدەی پێشوو، لەسەر دەستی زانا سویسری و ئەڵمانییەکان بە تایبەتی ئیسپین و جۆن لاینز و ترایگەر و پورزیگ گەشەیکرد، گرنگترینیان ئەوەی ترایگەر بوو بۆ هێما بیرییەکانی زمانی ئەڵمانی ناوەڕاست .

ترایگەر ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە دامەزراندن و پەرەپێدانی تیۆری کێڵگەی واتایی و گەشەکردن و کامڵبوونی تیۆرییەکە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە. سەرەڕای ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی دەکرا بەڵام قۆناغێکی نوێی کردۆتەوە لە مێژووی واتاسازیدا، هەرچەندە لەسەر تیۆری واتایی هیچی بڵاونەکردۆتەوە ، بەڵام دوای ساڵی 1938 لەلایەن خوێندکارەکانییەوە بیر و بۆچوونەکانی بەرەو پێش بران .

---

6 . John Lyons (1997: 250 )

7 . www.angelfire.com/tx4/lisan/lex_zam/.../**fields**.doc

. أحمد مختار(2006: 82 )

www.angelfire.com/tx4/lisan/lex_zam/.../**fields**.doc

. John Lyons (1997: 250 )

دەرکەوتنی زاراوەکە وەك چەمکێکی زمانەوانی بۆ سۆسێر دەگەڕێتەوە ،کە پێی وابوو وشە دەچێتە ناو تۆڕێك لە بیرەوە کە لە ڕێیانەوە بە وشەی ترەوە دەبەسترێتەوە .

سۆسێر لە زمانەوانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە وشەکان وەکو ڕژێمێك وان، هەر وشەیەك ئەرکەکەی لەو پەیوەندییەوە دیاری دەکرێت کە دەیبەستێتەوە بە وشە یان دەوروبەرە زمانییەکەیەوە ، هەروەك پێشتر ئاماژەی بەوە کردبوو کە زمان ڕژێمێکی تەواوە.

لێرەوە دەردەکەوێت کە سۆسێر یەکەم کەس بووە کە هەستی بە پەیوەندیی واتایی نێوان چەند وشەیەکی زمان کردووە، بە تایبەتی ئەوانەی هاوبەشییان لە بیرێکدا هەیە ، کە ئەمەش بنەمای کێڵگە واتاییەکانە. هەربۆیە سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە دەبەسترێتەوە بە سۆسێرەوە کە لێکۆڵینەوەی بە یاسای پەیوەندیی نێوان واتاکان پەیوەست کرد .

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد گەشەکردن و بوون بە تیۆریی دەگەڕێتەوە بۆ ترایگەر بەڵام ترایگەر کاریگەر بووە بە هەمبۆڵدت و سۆسێر. هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم لێکۆڵینەوەی ترایگەر دەگەڕێتەوە بۆ خەریکبوونی بە گەنجینەی وشە لە زمانی ئەڵمانیدا و ئەو گۆڕانکارییانەی بە تێپەڕبوونی کات بەسەریدا دێت .

ناکرێت لێکۆڵینەوەی کێڵگەی واتایی تەنها لای دامەزرێنەرانی باسبکرێت، چونکە زاناکانی تریش ڕۆڵیان هەیە لە گەشەکردنی ئەم تیۆرە، ئەوانەش کە کەرەستەی زمانیان بە پێی بابەت جیاکردۆتەوە بە تایبەتی لە زمانی عەرەبیدا. لاینز یەکەم کەس بوو، کە پێشنیازی کردووە فەرهەنگێك دابنرێت کەلەسەر بنەمای جۆرەکانی (کەرەستە و بابەت بێت) . بەڵام نوێترین فەرهەنگ کە تیۆری کێڵگە واتاییەکانی لەسەر پەیڕەو دەکرێت ئەوەی (Roget) بوو، کە لە ساڵی 1852 بە ناوی (Greek New Testament) دایناوە.

---

. هیفاء عبدالحمید کلنتن (2001: 25-26 )

.عمارشلوای (2002: 41)

.سەرچاوەی پیشوو (40)

. هیفاء عبدالحمید کلنتن (2001: 25 )

. سەرچاوەی پێشوو

. أحمد مختار(2006: 85 )

بەم شیوەیە ئەو لێکۆڵینەوانەی بواری واتا کە خزمەت بە تیۆری کێڵگەی واتایی دەگەیەنێت زانا ئەڵمانی و سویسری و فەرەنسی و ئەمریکی و ئینگلیزییەکانیش هەریەکەیان بە پێی تێگەیشتن و بۆچوونی خۆی کاری تێدا کردووە[17] .

لە هەمان کاتدا لەپاڵ تیۆرییەکی ترایگەر و وێستبەردا چەند تیۆرییەکی تر سەریهەڵدا، (Porzig) لە دەوروبەری ساڵی 1934 بایەخی دا بە تیۆری واتا کە لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییە مەعنەوییە دەوەستێت کە لە نێوان دوو زاراوەدایە لە ڕستەیەکدا پاشان وتووێژی ئەوە هاتە ئاراوە کە کام تیۆری گرنگی زیاتری هەیە.

گومانی تیا نییە کە تیۆری فەرهەنگی ترایگەر و تیۆری گراماتیکی (Porzig) پێویستە لە تیۆرێکدا تێهەڵکیش بکرێن ، بۆ ئەوەی یەکتر تەواو بکەن و لەناو ئەو تیۆرانەدا بەکاربهێنرێت کە بەدوای پێکهاتەی زانستی وشەدا دەگەڕێن[18] .

## (2/1) کێڵگە واتاییەکان:

بۆچوون و لێکدانەوەی واتای وشە و ڕستە بۆتە بنەمای بیرکردنەوە لەوەی ئایا وشە بە تەنها واتای سەربەخۆی هەیە یان دەبێت بخرێتە چوارچێوەیەکەوە، هەر لەم بۆچوونەوە دەتوانین بڵێین وشە جگە لەوەی بێ چوارچێوەیەك ناتوانێت واتای تەواو بدات بە دەستەوە ، هەرخۆشی ئەندامە لە کۆمەڵێکدا، بێ ئەو کۆمەڵە نرخ و بەهای نازانرێت. وشەکانی زمان تەنها کۆمەڵە وشەیەکی پێکەوەهاتوو نین لە مێشکدا بە هەرەمەکی ، بەڵکو لە ئاستی جیاوازدا لێکدراون.[19] هەروەها واتای وشەیەك لە زمانێکدا ناوەستێتە سەر فەرهەنگ و سیاقی وتنەکەی، بەڵکو دەوەستێتە سەر ئەو پەیوەندی و

---

[17]. هیفاء عبدالحمید کلنتن (2001: 25 )

[18] . John Lyons (1997: 261 )

[19]. Alan Cruse (2000: 179)

کارلێکانەی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە لەگەڵ یەکتردا هەیانە کە قسەکەرانی زمانێکی تر نایزانن.[1]

هەر لە ڕوانگەی بەراوردی مرۆڤ و زمانەوە، دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین کە زمان وەك مرۆڤ دەژی و دەمرێ هەروەها خێزانی هەیە و هاوڕێی هەیە و هەمیشە لە پەیوەندیدایە[2]، پەیوەندی وشەش لەم چوارچێوەیەدا دەچێتە ژێر ئەو بنەمایەوە، کە وشە سەر بە کۆمەڵێکە و لە خێزانێکدایە، چونکە بە دابڕانی لەو خێزانە دەشێت واتاکەی لە دەست بدات و گۆڕانکاری بەسەردابێت. ((سەرەڕای ڕیزبوونی وشەکان لەناو کێڵگەیەکدا بەڵام پەیوەندی توند و تۆڵ و هاوڕێیەتی لەگەڵ وشەکانی تری هەمان کێڵگە یان کێڵگەیەکی تردا هەیە.))[3]، هەروەها جۆن لاینزیش دەڵێت: ((بەهای وشەیەك تەنها دەتوانرێ بە پێناسەکردنی لە پەیوەندیدا بە بەهای وشە دژەکان و وشە نزیکەکانی، بڕیاری لەسەر بدرێت.))[4] ((بەجۆرێك ئەگەر وشەیەك لەناو بچێت یان دوربکەوێتەوە یان شوێنەکەی بگۆڕێت ئەوا کاردەکاتە سەر وشەکانی تری کێڵگەکە))[5].

ئاشکرایە شیکردنەوەی واتایی زمان یەکێکە لە کارە گرنگ و بنەڕەتییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی واتایی وشە، ئەگەر لێکۆڵینەوەکە مێژوویی یان بەراورد یان وەسفی بێت، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی تیۆری کێڵگە واتاییەکان[6] کە رۆڵی هەیە لە دیاریکردنی واتا و جۆرەکانی بە ڕێگای بابەتی، لە گرنگترین بنەماکانیشی ئەوەیە کە

---

1. هیفاء عبدالحمید کلنتن (2001: 27 )

2. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (تابان محەمەد سەعید حەسەن: 2008)

3. عمارشلوای (2002: 43)

4. John lyonse (1997: 260)

5. عمارشلوای (2002: 41)

6. بۆ زاراوەکە چەند بۆچوونێك لە ئارادایە هەندێك پێی وایە بوترێ بواری واتایی و هەندێکی تر پێیان وایە کێڵەگەی واتایی، وەك زاراوەکە لە ئینگلیزیدا بەم شێوانە هاتووە ( word field, lexical field, semantic field, conceptual field). کێڵگەی وشە بریتییە لە دەستەیەکی کێڵگەی بیرۆکەیی (palmer: 1976 :8) بەڵام کێڵگەی وشەیی خۆی نابەستێت بە راستەقینەی دەرەکی لە جیاتی ئەوەی خۆی بەسەر کێڵگەی بیرۆکەیدا دەسەپێنێت (palmer:1976:8).

دانەیەکی فەرهەنگی لە زیاتر لە کێڵگەیەکدا بەشداری ناکات، هەروەها دانەیەکیش نییە کە کێڵگەیەکی نەبێت[1]. ئەمەش بە پێی چوارچێوەی وشەکە لەناو ڕستەدا دیاری دەکرێت، هەر وشەیەکیش سەر بە کێڵگەیەکە و ئەندامە تیایدا، چونکە تیۆری کێڵگەی واتایی لەسەر ئەو بنەمایە کاردەکات کە کۆمەڵە وشەیەك لەژێر چەمکێکدا کۆدەکاتەوە، واتە بریتییە لە کۆمەڵێك یەکەی واتایی کە لە ژێر یەك بیردا کۆدەبنەوە، ((ئەم بیرە گرنگی لێکۆڵینەوەی واتایی لەسەر زمانێکی دیاریکراو بە ڕێگایەکی ورد، خستە ڕوو.))[2].

کێڵگەی واتایش بریتییە لە کۆمەڵێك وشە، کە واتاکانیان پێکیانەوە دەبەستێ، لە ژێر یەك چەمکی گشتیدا کۆدەبنەوە، ((واتای وشەیەك لە ئەنجامی پەیوەندییەکانێتی لەناو یەك کێڵگەدا))[3]، ((بۆ ئەوەی لە واتای وشەیەك تێبگەیت پێویستە لە واتای ئەو کۆمەڵە وشەیەش تێبگەیت کە پەیوەندی واتاییان هەیە.))[4] کەواتە واتای وشەیەك لە زمانێکدا تەنها ناوەستێتە سەر فەرهەنگ و چوارچێوەی وتنەکەی، بەڵکو دەوەستێتە سەر ئەو پەیوەندی و کارلێکانەش ئەندامانی ئەو کۆمەڵە لەگەڵ یەکتردا هەیانە کە قسەکەرانی زمانیکی تر نایزانن.((باشترین ڕێگا بۆ تێگەیشتنی واتای وشەیەك بونیەتی لەو ڕێکخستنەدا کە واتاکەی دیاری دەکات و وایلێدەکات جیاواز بێت لەوەی لێی نزیکە، یان لەو دەچێت، سەرەڕای ئەرکی واتایی کە پەیوەندیی بە چوارچێوە و ئاستی ڕۆشنبیری ئەوانەوە هەیە کە واتاکەی دەردەبڕن))[5].

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا بنەمای سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆلای سۆسێر و تیۆری بونیادگەری کە پێی وایە زمان ڕژێمێکی تەواوە لە نیشانەکان کە یەکتری دیاری دەکەن لەمەشەوە بەهاکەی دیاری دەکرێت. سۆسێر لە لێکۆڵینەوەکانیدا

---

1. بڕوانە بنەماکانی کێڵگەی واتایی لا 13 ئەم باسە.
2. عمارشلواى (2002: 41)
3. احمد مختار (2006: 68)
4. ليلى ال حماد (1427: 2)
5. احمد عزوز(2002: 7)

ئاماژەی بەوە کردووە کە زمانەوانی پێویستە پەیوەست بکرێت بە کاتی ئێستاوە، هەروەها دەڵێت ((وشەکان وەکو ڕژێمێك وان، هەر وشەیەك ئەرکەکەی لەو پەیوەندییەوە دیاریی دەکرێت کە دەیبەستێتەوە بە وشە یان دەوروبەرە زمانییەکەوە، وشەش تەنها لە ڕێی پەیوەندییە گونجاوەکانییەوە واتاکەی دیاریی ناکرێت، بەڵکو لە ڕێی ئەو پەیوەندییانەشەوە کە ناکۆکی تێدا دەردەکەوێت لەگەڵ وشە و دەوروبەرەکەی))[1] . د.هادی نهریش بە هەمان شێوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ((تیۆری کێڵگە واتاییەکان یەکێکە لەو تیۆرانەی کە دەتوانێت وشەکان لێکبداتەوە لەسەر بنەمای پەیوەندییان لەناو یەك بازنەدا، کە تیایدا واتای وشەیەك پەیوەستە بە واتای وشەکانی تری ناو ئەو کۆمەڵەیە، کە بەهۆی ئەم کێڵگەیەوە دەتوانرێت واتاکەی دیاریی بکرێت))[2] .

لێرەوە دەردەکەوێت کە سۆسێر یەکەم کەس بووە کە هەستی بە پەیوەندیی واتایی نێوان چەند وشەیەکی زمان کردووە، بە تایبەتی ئەوانەی کە هاوبەشییان هەیە لە بیرێکدا. ((بیرۆکەی کێڵگەی واتاییش لە بیرۆکەی بەهای سۆسێرەوە داڕێژراوە))[3] ، کە پێی وایە وشە وەك دانەیەکی شەترەنج بەهۆی سروشتی بۆماوەیی و زگماکی نەبووە بەو دانەیە، بەڵکو بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارچەکانی تردا، کەواتە زاراوەی کێڵگەی واتایی ((ئاماژەیە بۆ پێکهاتەیەکی گریمانەیی کە تیایدا وشەکان بە بنەمای پەیوەندییە واتاییەکان دەناسرێنەوە))[4] . تیۆرەکە ئەو پەیوەندییانە دیاریی دەکات کە لە نێوان کۆمەڵێك وشەی هاوبەشدا هەیە، کە بە پێی لێکچوون و جیاوازییەکانیان لێیان تێدەگەین((واتای وشەیەك بە پێی لیستی وشەکانی زمان دیاری کراوە ، پەیوەندییان هەیە بە دیاردەی هاوشێوە و ئەوانەی توانای بەراوردکردن و گۆڕینەوەیان هەیە، کاتێك لەناو بونیادە فەرهەنگییەکەیدا دەردەکەوێت، ئەوواتایە زیاتر دیاری دەکرێت، کە

---

1. عمار شلوای(2002: 41)
[2]. هادی نهر (2002:259)

[3]. palmar (1976: 2)
[4]. Palmer (1976: 8)

قەسەکەر مەبەستێتی )) . ئەم ڕێگایە مەدلولەکان لەناو کێڵگەیەکدا پۆلێن دەکات وەك چۆن لە مێشکی مرۆڤدایە، ((ترایگەر دەڕوانێتە لیستی وشەکانی زمانێك وەك کۆمەڵێکی یەکگرتوی وشە کە بە یەکەوە بەستراون لە واتادا)) ، ترایگەر و هاوڕێکانی دەریدەخەن کە چەمکەکان هەموو بوارەکانی ژیان پڕدەکەنەوە بێ ئەوەی بۆشاییەك جێبهێڵن، هەر گۆڕانکارییەك بەسەر چەمکێکدا بێت ئەوا چەمکەکانی پەیوەست بەوەوە دەگۆڕێن، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانی ئەو وشانەی بۆ ئەو دەربڕینە بەکاردێن. بەڵام لە ناو ئەم کێڵگانەدا کەلێنی وشەیی(Lexical Gap) دروستدەبێت کە مەرج نییە کێڵگەکە بتوانێت پڕی بکاتەوە. کەواتە تیۆری کێڵگەی واتایی تیۆرێکی ڕێکخراوەیی وشەیە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ دۆزینەوە یا شیکردنەوەی واتایی، ((نرخ و سوودی خۆی وەك ڕێبەرێکی گشتی لە توێژینەوەی واتاناسیی وەسفیدا سەلماند)) ، وایکرد بیر لە دانانی فەرهەنگێکی گشتی بکرێتەوە کە هەموو کێڵگەکانی ناو زمان بگرێتەخۆ، کە وشەکانی ناو کێڵگەکان بە پێی پلە ڕیزکرابن. پۆلێن کردن بریتییە لە دابەشکردنی کەرەستە و واتاکان و ڕیزکردنیان لە ڕژێمێکی تایبەتدا، لەسەر بنەمایەکی دیاریکراو، بەجۆرێك پەیوەندیی نێوانیان ئاشکرا بێت ، واتا وشەکانی زمان لەناو چەند کێڵگەیەکی واتاییدا ڕیزکرابن بەدەر لەوەی وەك ڕیزێك وشە بن، چونکە لەم جۆرەدا فەرهەنگ لە چەپکێك وشە دەچێت کە هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نەبێت، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پەیدابوونی کێڵگە واتاییەکان لەسەر بنەمای چەمکە گشتییەکان

---

5. احمد عزوز (2002: 7)

. John lyonse, semantic v2 (1997:201)

. لە پڕکردنەوەی جێکەوتەی کێڵگە واتاییەکاندا، هەندێجار بۆشاییەکی زمانی دروستدەبێت، کە وشەیەك بۆ ئەو مەبەستە لەناو کێڵگەکەدا نابێت، بە بەبەراورد بە زمانێکی تر، ئەمە پێی دەوترێت (کەلێنی وشەیی). بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە(Palmer: 1976) (کلۆد جێرمان و ریمۆ لۆبلان: 2006) (سەلام ناوخۆش:2009) (هۆگر مەحمود فەرەج: 199 )(أحمد مختار: 2006).

. John lyonse, semantic v2 (1997:267)

4. احمد مختار (1997: 83)

5. المعجم الفلسفی (1983: 45)

بنیات دەنرێت کە لە چەمکەکانی زمانێکی دیاریکراو دەردەهێنرێت، ئامانجی تیۆرەکەش بریتییە لە ((کۆکردنەوەی هەموو ئەو وشانەی دەچنە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە، هەروەها دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ وشەی سەرەکی لە نێوانیاندایە))[1].

## (3/1) بنەماکانی کێڵگە واتاییەکان[2]

تیۆری کێڵگەی واتایی لەسەر چەند بنەمایەکی گشتی دامەزراوە، لەوانە:

1. هیچ دانەیەکی فەرهەنگی نییە کە ئەندام نەبێت لە کێڵگەیەکدا، چونکە وشە ناتوانێت بە تەنها یەکەیەکی سەربەخۆ پێکبهێنێت.
2. هەموو زمانێك چەند کێڵگەیەکی دیاریکراوی هەیە.
3. هەر دانەیەکیش بۆ ئەو کێڵگەیە دەگەڕێتەوە کە پەیوەندیی پێوەی هەیە، واتە دوو وشە دەچنە یەك کێڵگەوە ئەگەر لە کۆمەڵێك ڕەگەزدا هاوبەش بن.
4. نابێت دانەیەك لە کێڵگەیەك زیاتر بەشداربێت، چونکە وشەیەك پەیوەستە بەو پەیوەندییەی لەناو کێڵگەکەدا لەگەڵ وشەکانی تردا پەیدایدەکات.
5. ئەم کێڵگانە دابەشدەبن بۆ جۆر و بەشی تر، هەر کێڵگەیەك ئەو کۆمەڵە دەگرێتەوە کە تایبەتە بەخۆی، ئەمەش بۆ بەشی بچووکتر.
6. وشەکان لەناو کێڵگەیەکدا هاوتا نین، لەبەر ئەوەی گرنگترین تایبەتێتی کێڵگە واتاییەکان ئەوەیە دابەش دەبێت بۆ بەشی تر، لە ناویاندا کێڵگە هەیە بنەڕەتییە و هەشیانە لاوەکی.
7. ترایگەر پێی وایە کێڵگەکان بە پێی گۆڕانی کات گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، ئەمەش بەهۆی گەشەی واتایی ئەو وشانە بۆ دنیا نوێکە.

---

[1]. Adrenne Lehre (1974: 1)

2. بۆ زانیارییەکانی ئەم پارە سودمان لەم سەرچاوانە وەرگرتووە: (احمد مختار: 2006) (هادی النهر:2002) (أحمد عزوز: 2002) (سەلام ناوخۆش: 2009) (تالیب حوسێن عەلی: 2011) (Adrenne Lehrer : 1974).

8. بەپێی ئەو بۆچوونەی ترایگەر چەمکەکان هەموو بوارەکانی ژیان پڕدەکەنەوە بێئەوەی بۆشاییەك جێبهێڵن، هەر گۆڕانکارییەك بەسەر چەمکێکدا بێت، ئەوا ئەو چەمکانەش کە پەیوەستن پێوەی دەگۆڕێن.

9. هەروەها دەوروبەر لە چەمکە بنەڕەتییەکانی زمانێکدا، لە زمانێك بۆ زمانێکی تر جیاوازە.

10. وشە بنەڕەتییەکان وەك یەك پۆلی ئاخاوتن پەیدابوون، بەکارهێنانیان سنوردارناکرێت بۆ یەك جۆر، لەلای قسەکەری زمانەکەش لەچاو وشەکانی تردا دیارترە و لە واتای بەشەکانییەوە پێشبینی واتاکەی ناکرێت، واتاکەشی لە هیچ وشەیەکی تری کێڵگەکەدا جگە لەخۆی نادۆزینەوە.

11. قەبارەی کێڵگە واتاییەکان و پێگەیان بە هۆی بوارەکەیانەوە جیاوازە ، یان بەهۆی گرنگیپێدانی مرۆڤ بە ژینگەیەکی دیاریکراوەوە، هەرچەندە ڕەگەزە هاوبەشەکان زیادبکات، ئەوەندە کێڵگەکە بچووکدەبێتەوە.

12. بۆ لێکدانەوەی واتای هەر دانەیەك پێویستە چوارچێوە و پێکهاتە سینتاکسییەکەی فەرامۆش نەکەین، جگە لەوەش ئەو پەیوەندی و کارلێکانەی لەگەڵ یەکتردا هەیانە کە قسەکەرانی زمانێکی تر نایزانن، چونکە زمان ڕژێمێکە بەهای هەر دانەیەکی نەبەستراوەتەوە بە سروشتی پێکهاتنی یان فۆڕمەکەیەوە، بەڵکو بەستراوەتەوە بە شوێن و بەکارهێنانییەوە لەناو کۆمەڵەکەیدا.

13. جۆن لاینز پێی وایە واتای وشەیەك پەیوەستە بە واتای وشەکانی تری ناو کێڵگەکە، هەموو وشەکان خێزانێکی واتایی دروستدەکەن، واتە واتاکانیان لەو پەیوەندییانەوە وەردەگرن کە لەگەڵ وشەی تردا پەیدایدەکەن، واتای وشەیەك دیارینـاکرێت تاوەکو بە دوای وشەیەکی نزیکی لەناو کۆمەڵەکەیدا نەگەڕێین.

14. بەجۆرێك ئەگەر وشەیك لەناوبچێت یان دوربکەوێتەوە، یان شوێنەکەی بگۆڕێت، ئەوا کاردەکاتە سەر وشەکانی تری کێڵگەکە.

15. هەر زمانێك یاسایەك و ژمارەیەكی دیاریكراوی وشەی هەیە بۆ هەر كێڵگەیەك، هەتا وشەكانی ناو كێڵگەیەك زۆرتربن ئەوا بوارێكی واتایی جێگیرییان نییە، بە پێچەوانەشەوە.

16. لێكۆڵینەوە لە كێڵگەی واتایی زۆر بە بەرهەمە بە تایبەتی لە مەیدانی ئەدەبدا، بۆ نموونە وەك ئەو وشانەی تایبەتن بە سەردەمێك یان شاعیرێك، هەروەها یارمەتی نوسەر دەدات لەناو كێڵگەیەكدا ئەو وشانەی زیاتر لەگەڵ دەربڕینەكەید دەگونجێت ئەوە بەكاربهێنێت.

17. تیۆری كێڵگە واتاییەكان لە وەرگێڕان و فەرهەنگە دوانییەكاندا بەبەرهەمە، یارمەتی لێكۆڵەر دەدات بۆ لێكۆڵینەوە لە وشەیەك لەنێوان كۆمەڵێكدا.

بەم شێوەیە بۆمان دەردەكەوێت كە پەیدابوونی كێڵگە واتاییەكان لەسەر بنەمای چەمكە گشتییەكان بنیات دەنرێت بەشێوەیەكی ڕێكخراو و هاوشان لەگەڵ زانیاری و شارەزایی كەسی.

## (4/1) تیۆرەكانی كێڵگەی واتایی:

وەك لە لایەنە مێژوویەكەیدا ئاماژەمان پێكرد، تیۆری كێڵگەی واتایی لای ئەوانەی خەریكی لێكۆڵینەوەی واتابوون جێگەی بایەخ بووە ، دانە جیاوازەكانی كێڵگەی واتایی یەك تایبەتێتی هاوبەشیان هەیە، لە كۆمەڵە بوارێكی دیاریكراودا كۆبوونەتەوە لەژێر پێوەری جیاوازدا، كەرەستەكان لە بارێكی ناڕێكی پەشێودان، لەبەرئەوەی بە تەواوی لەم وشانە تێبگەین، دەبێ مێشكمان لە ڕێگەی شیكردنەوە و بڕیاردان و پۆلێنكردن ئەم شتانە لەبەربكات. بەڵام جیاوازییەك لە شێوازی لێكۆڵینەوەكەدا دەردەكەوێت، بەهۆی ئەوەوە لەناو زانستی زماندا دوو ڕێچكە بۆ لێكۆڵینەوەی دانە زمانییەكان پەیڕەو دەكرێت ، ئەوانیش (تەكنشینی و جینشینی)ن، (ئەوەی پەیڕەوی جینشینی لە كێڵگەی واتایدا پێپەسەند بوو (ترایگەر) بوو، بەڵام (پۆرزیگ) ڕێچكەی

تەكنشینەی پەیڕەو کرد)[ ] ، پێشبینی دەکرێت ئەگەر کێڵگەی واتایی لەسەر پەیوەندیی جێنشینی و تەکنشینی بنیاتبنرێت دەتوانرێت وەکو ڕێگایەکی کاریگەر لە وانە وتنەوەدا لە یارمەتیدانی خوێنکار بۆ پەرەپێدانی سیستەمی پەیوەندیداریی وشە بەکاربێت (تیۆری فەرهەنگی ترایگەر و تیۆری گراماتیکی پۆرزینگ، پێویستە لە تیۆرێکدا تێهەڵکێشبکرێن بۆئەوەی یەکتری تەواو بکەن و بە دوای پێکهاتەی زانستی وشەدا بگەڕێن)[ ] . کەواتە دەتوانین بڵێین دوو تیۆر بۆ لێکۆڵینەوەی کێڵگەی واتایی سەریانهەڵدا[ ] :

## (1-4/1) کێڵگەی واتایی جێنشینی ترایگەر:

تیۆری کێڵگەی واتایی لە ساڵانی (1930)لەلایەن توێژەری ئەڵمانی (ترایگەر)ەوە خرایەڕوو، کە لە مێژووی سیمانتیکدا وەکو قۆناغێکی نوێ تەماشادەکرێت ، ترایگەر لە تیۆرەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە وشە لە سیستمی زماندا لە ڕووی (سیمانتیك)ەوە بەیەکەوە بەستراوە و سیستەمێکی وشەیی تەواو دروستدەکات، ئەم سیستەمە ناجێگیرە و بەبەردەوامی لە گۆڕاندایە. بەهۆی ئەوەی وشەکانیش لە ڕووی سیمانتیکەوە پێکەوە بەستراون و پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، نابێت لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی گۆڕانی واتایی وشە بە گۆشەگیری و تەنیا بکرێت ، بەڵکو دەبێت وەکو سیستەمێکی تەواوکاری یەکتری و پێکەوە لێیان بکۆڵرێتەوە، لەرێی پەیوەندی واتاییەوە دەتوانین بڕیار لەسەر توێکڵە واتای وشە بدەین، وشەش تەنها لە کێڵگەی واتایی خۆیدا واتادارە.

---

[ ] . Guo changhong(2010:51 )

[ ] . John Lyonse, (1997 : 261)

[ ] . Guo changhong(2010:51 )

کێڵگەی واتایی ترایگەر بە شێوەیەکی گشتی وەك جێنشینی تەماشا دەکرێت، مامەڵە لەگەڵ پەیوەندیی جێنشینی لە نێوان وشەکان وەکو هایپۆنیمی و سینۆنیمی و ئەنتۆنیمی دەکات.

## (2-4/1) کێڵگەی واتایی تەکنشینی پۆرزیگ:

بە پێچەوانەی تیۆرەکەی ترایگەرەوە، زمانناسێکی تری ئەڵمانی بەناوی (پۆرزیگ) لە ساڵی (1934)دا بیرۆکەی کێڵگەی واتایی بەرەو پێشبرد کە لە لایەن هەندێك لە توێژەرانەوە بە کێڵگەی سینتاکس ناوبرا.

توێژینەوەکانی پۆرزیگ لەسەر شیتەڵکردنی پەیوەندییە ناوەکییەکان لەنێوان وشەکاندا بنیاتنرابوو، لێکۆڵینەوەی ئەو ئەگەرانەی دەکرد بۆ وشەیەك کاتێك لەگەڵ وشەیەکی تر دێت، لە هەمان ڕەوش و بارودۆخدا، بۆنموونە (گازگرتن و دان) (وەڕین و سەگ)..

ئەم یەکانە بە شتێکەوە پێکەوە بەستراون و گرێدراون کە پۆرزیگ پێیدەوت پەیوەندییە واتاییە بنەڕەتییەکان یان سەرەکییەکان. سروشتی سەرەکی ئەم پەیوەندییانە بەم شێوەیەیە:

- بەچی گازدەگرێت، بە دان....

سیستمی فەرهەنگی وشەیە کە هەمیشە پێشبینی پێکەوەهاتنی ئەوانی تردەکات، لەبەرئەوی جۆرێك لە پێشبینی کردن هەیە، ئەم جۆرە پەیوەندییە تەکنشینییە پێویستە بۆ وەدەستهێنانی زانیاریی قوڵ لەسەر وشە.

مەبەستی سەرەکی لە کێڵگەی واتایی تەکنشینی ئەوەیە کە پێکهاتەکانی دەستەواژەیەك تەنها لە ڕووی گرامەرەوە پەیوەندیدارنین، لە هەمانکاتدا لە ڕووی واتاشەوە لەگەڵ یەکدا پەیوەندیدارن، بۆ نموونە:

- دەرگا کردنەوە (دوای داخستن)
- زەرفی نامەکردنەوە (هەڵبچڕین)
- دوکان کردنەوە (دەستکردن بە ئیش)
- ڕێگا کردنەوە (پاککردنەوەی ڕێگا)
- کۆنفرانس کردنەوە (دەستپێکردن)

(کردنەوە) بە پێی بارودۆخی جیاواز واتای جیاوازی هەیە ، ئەمەش بەهۆی پەیوەندیی لەگەڵ وشەکانی تردا بڕیاری لەسەردەدرێت.

## (5/1) جۆرەکانی کێڵگەی واتایی:

وشەکانی زمان کۆمەڵە وشەیەکی پێکەوەهاتوونین لە مێشکدا بە هەڕەمەکی، لە ئاستی جیاوازدا پەیوەندییان پێکەوە هەیە، بۆیە لێکۆڵەران گەشتنە ئەوەی کە وشەکانی زمان لەناو چەند کێڵگەیەکی واتاییدا ڕیز بکەن، بەدەر لەوەی وەك یان دیوانێکی وشەیی، ئەگەر بەو جۆرە بێت ئەوا فەرهەنگ لە چەپکێك وشەی ڕیزکراو دەچن، کە وشەکانی ناوی هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە. ئەم پێکهاتانەش بە شێوەی جیاواز دەردەکەون، بەڵام گرنگترینیان دوو جۆری سەرەکین:

1. پێکهاتەی زمانی
2. پێکهاتەی دەروونی

پێکهاتەی زمانی بەو شێوەیە دەناسرێت کە وەسفی واتایی وشەیەك دەکات لە ڕێی واتا و پەیوەندییە واتاییەکانەوە، بەڵام پێکهاتەی دەروونی لە ڕووی تایبەتێتی دیاریکراوەوە وەسفی دەکات، وەکو پەیوەندیی هاوبەشی، یا نزیکی، بەڵام ئەوەی لێرەدا پەیوەندیی بە ئێمەوە هەبێت و گرنگ بێت پێکهاتەی زمانییە، بە تایبەتی ئەوانەی لەسەر بنەمای پەیوەندیی واتایی لەدایکبوون، پەیوەندییەکەش یا ستوونییە یا ئاسۆییە یان کۆمەڵە وشەیە.

## (1 -5/1) ستراكچەری ستوونی:

گرنگترین جۆرەكانی ستراكچەری ستوونی لەناو فەرهەنگدا بریتییە لە (پۆلێنكردنی هەرەمی) ، ئەمەش لەسەر دووجۆر بنیاتدەنرێت[1]:

1. هەرەمی پۆلێنكاری
2. هەرەمی گرتنەوە

## (1-1-5/1) هەرەمی پۆلێنكاری:

(ڕژێمێكی دابەشكردنی بنەڕەتییە، ئەو ڕێگایانە دەنوێنێ كە قسەكەرانی زمانێك پێی دەدوێن و لە دەوروبەر جیایان دەكاتەوە)[2] . یەكێك لە تایبەتییەكانی ئەوەیە كە وەكو ئاستی پێشكەوتوو دەردەكەوێت، بۆ نموونە لەم پۆلێنەی خوارەوەدا دەبینین كەرەستەكانی نانخواردن دابەشدەبن بۆ سێ بەشی تر و ئەوانەش بۆ وەچەبەشەكان، بەڵام ئەمیش بەشێكە لە هەرەمێكی گەورەتر كە كەرەستەكانی چێشتخانەیە و تیایدا هاوتای كەرەستە كارەباییەكانە و بەشێكی هەرەمی سەرەكی (كەرەستەكانی ماڵە).

كەرەستەكان لەناو ئەمجۆرەدا لە شێوەی كەرەستەی سەرەكی و بەشەكانی تردا دەردەكەون، بەڵام كەرەستەی سەرەكی كۆمەڵێك تایبەتێتی هەیە، لەوانە:

- بەرزترین ئاست دەنوێنێ، بەڵام وێنەیەكی بینراو بەرجەستە ناكات، چونكە بەرجەستەكردنی چەتاڵ ئاسانە، بەڵام بەرجەستەكردنی دانەیەك لە دانەكانی چەقۆچەتاڵ. واتە شتێكی ئاسان نییە، هەر بۆ نموونە بەرجەستەكردنی سەگ ئاسانترە لە ئاژەڵ.

---

[1]. Alan Cruse (2000: 180)

[2]. Alan Cruse (2000: 180)

- دانەکانی ئاستی سەرەکی بە سیمای تایبەتیی دەتوانرێن بنوێنرێن، چونکە وێناکردنی بەشەکانی تر ئاسانترە، وەك وێناکردنی(کورسی، چەقۆ، ئەسپ) ئاسانترە لە (کەلوپەل، پارچەکان، ئاژەڵ).
- بەکارهێنانی دانەی سەرەکی سنووردارە لەچاو بەشەکانی تر، بۆ نموونە (سەگەکەت هینایە ژوورەوە) زۆرتر بەکاردەهێنرێت لە (ئاژەڵەکەت هێنایە ژوورەوە).
- کەرەستەی سەرەکی لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە زیاتر مەیلی سادەیی دەکەن.بەڵام ئەو وشانەی لە ئاستی سەرەکی دەکەونەوە زیاتر مەیلی داڕشتن دەکەن.

(زمانەوانە ئەنترۆپۆلیجستەکان پێیان وایە هەرەمی پۆلێنکاری کە لە زمانی ڕۆژانەدا پەیڕەودەکرێت لە پێنج بۆ شەش ئاست تێناپەڕێ)[٢٢] ئەم جۆرە هەرەمەش بەدەرنییە لە کەلێن، بە تایبەتی لەوئاستەی دەچێتەوە وشەی سەرەکی، بۆ نموونە وشەیەك نییە بکرێتە ناونیشان بۆ وشەکانی (run, walk, crawl) کە جوڵەن لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر. جاری وا هەیە کەلێن بەو شێوەیە دروستدەبێت کە وشەیەك فرەواتایە، بۆ نموونە:

- haven’t you got trousers to wear?
- Yes I’ve got new jeans.

- پانتۆڵێکی تازەت نییە؟
- با کابۆیەکم کڕیوە.

هەرەمی پۆلێنکاری لە دابەشکردنی ژیانی واقعیدا هەندێجار ڕوون نییە، بۆ نموونە (پۆشین) مەرج نییە هەموو جارێك لەبەرکردن بگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی جۆری جیاواز لە پۆشین هەیە، وەك (بۆ سەرەوە یا ژێرەوە؟ ، بۆ چ کاتێك؟ ، بۆ چ شوێنێك یان بۆنەیەك؟) .

---

[٢٢]. Alan Cruse (2000: 182)

## (2-1-5/1) هەرەمی گرتنەوە:

ئەم جۆرەیان بە دووەم گەورەترین جۆری پەیوەندیی زمانیی دادەنرێت، ڕوونترین نموونە بۆ ئەم جۆرە نیشانانە ئەندامی لەشی مرۆڤە، (دەست و قاچ و چاو ....) کە بەشێکن لە لەش، پەیوەندی دانەکان بە لەشەوە پێی دەوترێت (Meronymy) بەڵام پەیوەندیی دانەکان لەنێو خۆیاندا پێی دەوترێت (Co-Meronymy).

جیاوازی سەرەکی لە نێوان پۆلێنکاری و گرتنەوە ئەوەیە کە لە گرتنەوە زۆرجار لەنێوان دانەکاندا لێکچوون دروستدەبێت، بۆ نموونە (لەپی دەست و لەپی قاچ) ، (ئەژنۆ و مەچەك). لەمجۆرەشدا کەلێنی وشەیی دروستدەبێت، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا جیاوازی ناکرێت لە نێوان (گۆنا و گوپ) وەکو لە فەرەنسیدا، لە ئینگلیزیدا بە گۆنا دەوترێت (Cheek) و بە گوپ (Cheek Bone) واتە خوارگۆنا، کە ئەمەش کەلێنێکی وشەییە لە زمانی ئینگلیزیدا، هەروەها قسەکەرانی زمانی ئینگلیزی ڕێککەوتوون لەسەر چەمکی (جێگۆرکێی ئاژەڵ- Animal Locomotion) بەڵام زمانەکەیان وشەیەکی نییە بۆ ئەم کارە، ئەمەش بە کەلێنی وشەیی دادەنرێت.

## (2 -5/1) ستراکچەری ئاسۆیی:

ئەمیش دوو جۆرە:

### (1-2-5/1) جووت جەمسەرەکان:

ئەمجۆرەیان دوانەیەکی دژیەك دەگرێتەوە[1].

### (2-2-5/1) تاك جەمسەرەکان:

لە کۆتایی زنجیرەکەدا وشەی تێدا نییە، دەگەڕێتەوە بۆ جەمسەرە پێچەوانەکە، لە زماندا بۆ ئەم لقە جۆری جیاواز هەیە:

---

[1]. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە بەشی دووەمی ئەم باسە.

### (1/5- 2- 2-1) ئاست:

بۆ نموونە لە دیاریکردنی ئاستی خوێنکار ئەم ئاستانە هەیە: (کەوتوو، پەسەند، ناوەند، باشە، زۆرباشە، بالآ)

### (1/5- 2- 2-2) قۆناغ:

بریتییە لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤێك، زۆرجار چەمکی گەشەکردن دەگرێتەوە، بۆ نموونە (ساوایی، منداڵی، هەرزەیی، لاوی، گەنجی، کاملی، پیری)

### (1/5- 2- 2-3) پێوانە

پشت دەبەستێت بە پەیوەندی بەش و گشت، کە گشت دابەشدەبێت بۆ بەشی تەواو، پەیوەندییەکی ئەندازەیی هەیە لە نێوانیاندا، بۆ نموونە (چرکە، خولەك، سەعات، رۆژ، هەفتە، مانگ، ساڵ)

### (1/5- 2- 2-4) پلە:

لە پلەدا جەوهەری تایبەتێتییەکە ناگۆڕێ بە بەردەوامی، بەڵام بازدانی ئاشکرای تیایە، بۆ نموونە (ی.توێژەر، توێژەر، مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر)

### (1/5- 2- 2-5) بازنەیی:

لەگەڵ جۆرەکانی تر لەوەدا جیاوازە کە دانە پۆلێنکراوەکان هیچ بۆ یەکتری زیادناکەن، جگە لەوەی بەدوای یەکدا دێن (شەممە، یەکشەممە، دووشەممە، سێشەممە، چوارشەممە، پێنجشەممە، هەینی).

## (1/5-3) هێشووە وشە

بریتییە لە کۆمەڵێك وشەی هاوواتا ، یان یەکێکیان لەناو ئەو کۆمەڵەیە واتاکەی کاڵترە یان هاوواتاکەیان زۆر نزیك نییە، ئەمەش بە دوو جۆر دەردەکەوێت:

## (1-3-5/1) ئەو هێشووە وشەیەی دانەیەك كۆیان دەكاتەوە:

ئەم جۆرەیان مەبەستێكی سەرەكی هەیە و یەك وشە یان دوان كۆیان دەكاتەوە، بۆ نموونە وەك (مرد، كۆچی دواییی كرد، گیانی سپارد،...)، وشەی مرد بریتییە لە چەق و هەموو تایبەتییە باسكراوەكانی لەسەر دەردەكەوێت

## (2-3-5/1) ئەو هێشووە وشەیەی هیچ دانەیەك كۆیان ناكاتەوە:

لێرەدا وشەكان لە دەوری واتایەك كۆدەبنەوە، بەڵام یەكێكیان نابێت بە چەق، چونكە هەندێ جیاوازییان تێدا دەردەكەوێت بەڵام زیان بە هاوڕێیەییان ناگەیەنێت، لەبەرئەوەی لە خاڵێكدا نزیكدەبنەوە، بۆ نموونە (دووبارەنەبوو، ناوازە، شاز، دەگمەن، نائاسایی).

# (6/1) نیشانە واتاییەكان

لێكۆڵینەوەی واتاسازی و لێكدانەوەی واتای وشە بە دیاریكردنی واتای فەرهەنگی وشەكان كۆتایی نایەت، بەڵكو هەر وشەیەك تا دوائاستی شیكردنەوە دەڕوات، كە ئەمانەش پێكهاتەی واتایین ، واتە تەنها بە پەیوەندییە واتاییەكان ناتوانرێت تەواوی واتای وشەكان لەناو كێڵگەیەكدا دیاری بكرێت، بەڵكو دەبێت هەر یەك لەم وشانە شیبكرێنەوە بۆ بچوكترین دانەیان كە ئەمەش بناغەی پێكهاتنی كێڵگەیە ((بنیاتنانی كێڵگەی واتایی كۆمەڵە سیمایەك بەكاردەهێنێت بۆ ناسینەوەی پەیوەندییەكانی نێوان دانە فەرهەنگییەكان لە كێڵگەیەكدا لەگەڵ ئەنجامی دۆزینەوەی كە چۆن وشەكان لە كێڵگەیەكدا یان بوارێكدا لێكچوونیان هەیە))[1]. شیكردنەوەی ئەم وشانەش بۆ یەكەی

---

[1]. Guo Changhong (2010: 53)

**واتایی وردتر کە نیشانەکانن، کۆتایی پۆلێنکردنەکەیە لەناو کێڵگەکەدا، ئەم یەکانەش یەکتر تەواو دەکەن بۆ پێکهێنانی کێڵگەیەك، کێڵگەکانیش ڕژێمی زمانەکە تەواو دەکەن. لەم ڕێگایەوە کێڵگەکان و دانەکانی لە یەك جیادەکەینەوە ((نیشانە واتاییەکان دەتوانن تایبەتمەندی وپەیوەندی و حاڵەت و کردەی، وشەیەکمان بۆ دیاری بکەن))** [1] .

**لە دید و بۆچوونی سۆسێرەوە شیکردنەوەی واتایی تەنها هەوڵنادات بایەخ بە یەکەی واتایی بدات، بەڵکو بایەخ بە نرخەکەشی دەدات.** [2]

**نیشانەکان جەخت دەکاتەوە لەسەر جیاوازی، ئەم نیشانە جیاکەرەوانەش لەسەر بنەمای دووپەلکییە، بۆ یەکەمجار بەهای نیشانەکان لەلایەن (جاکۆبسن)ەوە بوو کە سەر بە قوتابخانەی پراگە خرایە ڕوو، کاتێك نمونەکانی خۆی بە نیشانە ناوازەکان خستەڕوو، ئەمیش لە میانەی گۆڕینی هەموو بنچینە دەنگییەکان بۆ نیشانە یان کۆد لە زماندا، بە جۆرێك نیشانەی بەرامبەر ئاسان بکات و بیکات بە نیشانەیەکی دوو پەلکی، بەوپێیەی نیشانە دژیەکەکانی پێ دیاری بکرێت. بۆیە جاکۆپسنیش پێشنیازی یاسای دوانییەکانی کرد بۆ دیاریکردنی نیشانەکان، واتە بۆ نموونە لە جیاتی وەسفی (نێر) و (مێ) بکات بە دوو نیشانەی جیاواز، یەکێك لە نیشانەکان دیاری دەکەین و بەهۆی دانانی نیشانەی(+ /-)بۆ ئەو وشەیەی نیشانەکە دەیگرێتەوە. بەو پێیە ئەو هێمایە بووبە هێمای جیاکردنەوەی نیشانەکان لە نیشانە دووپەلکییەکان. زانایان ئەم نیشانە دوانییە بە ئابوریکردن ناودەبەن بۆ ئەو وشانەی کە سیفەتی بەرامبەرییان هەیە. کەواتە نیشانەکان یەکەیەکی زانیارییە بۆ پۆلێنکردنی دانەکان کاتێك ئەو دانانە لە هەمان**

---

[1]. Stenberg (1999-37)

2. کلۆد جێرمان و ڕیمۆلۆبلان (2006، 8)

پۆلدا بەشداری دەکەن. ((ئەم نیشانانە یەکەی سەربەخۆ نین، ناتوانرێت لێیان بکۆڵرێتەوە ئەگەر لەناو مەدلولێکدا نەبێت))[] .

لەهەموو ئەو لێکۆڵینەوانەش کەلەسەر واتا کراون، پشت بە نیشانەکان دەبەسترێت و وەك پێکهاتەی واتاییش پێناسەکراوە، بۆ نموونە بەهۆی نیشانەی سیمانتیکی هاوبەشەوە دەتوانرێت واتای کۆمەڵێك لێکسیم دیاری بکرێت، بۆ نموونە لێکسیمێکی وەك (کچ) بەهۆی کۆمەڵێك نیشانەی واتاییەوە لەگەڵ (خوشك، ژن،...) پێکەوە دەبەستێت، بە نیشانەی (- نێر) لە کاتێکدا نیشانەی (+/- نێر) نیشانەیەکی هاوبەشە کە کۆمەڵێك لێکسیمی تر دیاری دەکات. بۆ نموونە:

| | مرۆڤ | نێر | هەراش |
|---|---|---|---|
| کچ | + | - | + |
| کوڕ | + | + | + |
| منداڵ | + | -/+ | - |

وشەکان لە نموونەی پێشوودا بەهۆی نیشانەی (+/- نێر) و کۆمەڵێك نیشانەی تری وەك (هەراش) و (مرۆڤ) واتای گشتییان دیاری دەکرێت. بەڵام پێویستە

---

[] . بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی نیشانەی ناوازە و سەرەتای سەرهەڵدانی نیشانەی دووپەلکی بڕوانە (فرانك نوفو: 2010)

ئاماژەبۆکراوەکە پڕاوپڕ ئەو نیشانەیەی تێدابێت، ئەگەرهاتوو هیچ کامیان نەبوو ئەوا دەبێت ئاماژەبۆکراوەکە هیچ کام لەو نیشانانەی تێدا نەبێت[1].

## (7/1) جۆرەکانی نیشانە واتاییەکان

((نیشانەکان دوو جۆرن، یەکێکیان بنەڕەتی و ئەگەڕێتەوە بۆ بنەما سەرەکییەکانی زمان، دەتوانین واتای بنەڕەتی وشەکە دیاریی بکەین و دووەم پێی دەوترێت جوڵاو کە بە پێی دەقەکەو پێوەری تاك و کۆمەڵ دەگۆڕێت))[2].

بە شێوازێکی تر، هەندێ نیشانە هاوبەشە لە نێوان زمانەکاندا، کە پێی دەوترێت نیشانە جیهانییەکان، هەندێکی تر تایبەتە بە زمانێکی دیاریکراو، بە پێی پێوەری تاك و کۆمەڵ دیاری دەکرێت.

### (1-7/1) نیشانە واتاییە جیهانییەکان:

هەرچەندە دیاریکردنی لیستێك نیشانە بۆ هەموو زمانەکان کارێکی سەختە، بەڵام دەتوانرێت لەسەر چەند بنەمایەك کۆمەڵێك نیشانەی جیهانی بۆ لێکسیمەکان دیاریی بکرێن بەم شێوەیە:

1) دابەشکردنە گشتییەکان، واتە ئەو نیشانانەی کە دابەشکردنەکانیان لە نێوان دوو کەرەستەی بەرامبەردایە و تا ڕادەیەك سروشتییە، دەتوانین هاوبەشی زمانەکانی پێبکەین، بۆ نموونە (+/- مرۆڤ) (+/- گیاندار)

---

1. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( Sebastean Lobner : 2002) . فرانك نوفو (2010: 279)
2. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (بێستون حسن : 2012) (فەرهاد توفیق: 2010)

2) چەمکی بنەڕەتی مەبەست لەو نیشانانەن کە لە دیاریکردنی واتاکاندا زۆرجار واتای هۆشەکی پێکدەهێنن، بۆ نموونە ئەو وشانەی بۆ چەشن و جۆری مرۆڤەکان دەستنیشاندەکرێن، هەندێکیان گشتین لە زۆربەی یان هەموو زمانەکاندا هەمان نیشانەن، وەك (+/- نێر).

3) میرۆلۆجی، واتە جیاکردنەوەی دانەکانی پۆلێك بە پێی بەشێك، بۆ نموونە بەکارهێنانی زاراوەی جیاواز بۆ هەمان بەشی جەستەیەك، وەك پۆلێنکردنی پۆلی گیانەوەر بە پێی لووت (لووت، لمۆز، قەپۆز، دەنوك[1]،...)، وەك بلێین گرووپی ئاژەڵە دەنوکدارەکان، یان لمۆزدارەکان، یان نموونەیەکی تر جیاکردنەوەی ئاژەڵەکان بە پێی بەشێکی تر، وەك گرووپی ئاژەڵە کلکدارەکان.

4) بە لێکسیمکردن لە چوارچێوەی جۆر یان گرووپە دیاریکراوەکاندا، بۆ نموونە هەندێ لە جۆرەکانی ئاژەڵ بەهۆی ڕەگەزەوە گشتگیر دەکرێن، وەك (دەڵەسەگ، ماین، ...) ئەمانە گروپی (+مێ)ن. یان بەهۆی تەمەنەوە وەك ( جاش، جوجك، زەرنەقوتە، ...) کە ئەمانە خاوەن نیشانەیەکی گشتگیرن.

5) پەیوەندی میتۆنۆمی، هەروەك میرۆلۆجی، پەیوەندی بەش و گشتە، بەڵام بەکارهێنانی سەربەخۆیە، بۆ نموونە کاتێك گۆشت دەکڕین، دەڵێی (گۆشتی بەرخ) نەك (بەرخ)، یان دەڵێی (ڕانێکم دەوێ).

6) دیاریکردنی نیشانەکان بەهۆی دیاریکردنی دەنگی کردارەکانەوە، بۆ نموونە (+میاواندن) نیشانەیەکە لە ڕێی ئۆنۆماتۆپیاوە تایبەت کراوە بە پشیلە، یان

---

[1]. لێرەدا لووت و دەم پێکەوە دەگرێتەوە.

چۆنیەتی ڕێکردنی ئاژەڵەکان، وەك (غاردانی ئەسپ)، ئەمانەش بۆ گونجاندنی نیشانەکان لە واتای ئاژەڵەکاندا.

### (2-7/1) نیشانە واتاییە تایبەتییەکان:

مەبەست لەو نیشانانەیە کە تایبەتن بە زمانێکی دیاریکراوەوە یان تایبەتە بە کۆمەڵێکی دیاریکراو لەناو زمانێکدا. ئەمەش بە کاریگەریی دەوروبەر و هۆکارە کۆمەڵایەتی و کلتوری و تەنانەت کەسییەکانیش، بۆ نموونە ئەگەر لە نیشانەی (+/_ماڵبەڕێوەبردن) یەکێك بێت لە نیشانە جیاکەرەوەکانی (ژن) یان نیشانەی (+/-ماڵبەخێوکردن) یەکێك بێت لە نیشانە جیکەرەوەکانی (پیاو) ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ بیروبۆچوونی کۆمەڵگای کوردی، ڕەنگە لە ئێستادا بۆ بیر و بۆچوونی کۆمەڵێکی دیاریکراوی ئەو کۆمەڵەش نابێت، ناتوانین ئەم نیشانەیە بە نیشانەیەکی گشتگیر دابنێین. یان بەهۆی بیرکردنەوەی قسەکەرانی زمانەکە یان ئەو سروشت و ژینگەیەی لە دەوری قسەکەرەکەیە، بۆ نموونە ئەو سیما واتاییانەی بۆ (ترێ) دادەنرێت لەناو قسەکەری زمانی کوردیدا، جیاوازە لەوەی لە هەر شوێنێکی تردادەنرێت، چونکە بە پێی سروشت و ژینگەکەی لەلای کورد کێڵگەی واتایی (ترێ) فراوانە هەر لەبەر ئەوەیە نیشانەکانیشی جیاوازدەبێت لەگەڵ زمانێکی تردا، بە هەمان شێوە بۆ وشەکانی (خورما) لەلای قسەکەری عەرەب یان (بەراز) لای قسەکەرێکی ئەوروپایی.[1]

---

[1]. لە نوسینی ئەم پارەدا سودم لەم دوو سەرچاوەیە وەرگرتووە (بێستوون حسن: 2012) و (فەرهاد توفیق:2010)

## (8/1) تایبەتێتی نیشانە واتاییەکان

نیشانەکان بۆ جیاکردنەوەی واتای وشەکانە لەناو کێڵگەیەکدا بۆ دیاریکردنی سیمای هاوبەشی نێوانیان، چونکە واتای وشەکان کۆمەڵێك ئاستی هەیە[1]:

### (1-8/1) واتای هۆشەکی:

لە هەندێ سەرچاوەدا بە واتای فەرهەنگی ناودەبرێت، واتە ئەو واتایەی لە مێشکدایە، نەگۆڕە و لە فەرهەنگی زماندا تۆماردەکرێت، قسەکەرانی ئەو زمانە لەسەری کۆکن، لێرەدا کۆمەڵێك تایبەتێتی واتای هۆشەکی، دیاریی دەکەین بۆ جیاکردنەوەی لەگەڵ واتاکانی تر:

1. گرنگترین جۆری واتایەو نەگۆڕەو بەشێکە لە واتای فەرهەنگی وشە و لە شێوەی سیمای جیاکەرەوە خۆی دەنوێنێت.

2. ئەم جۆرە واتایە لە جۆرەکانی تر سەرەکیترە، واتای هۆشەکی بە پێچەوانەی هەموو جۆرەکانی ترەوە خاوەنی ڕۆنانێکی وا ڕێکوپێکە دەتوانین لەگەڵ ئاستەکانی تردا بەراوردی بکەین. بۆ نموونە: سیما جیاکەرەوەکانی دەنگی (ت)

+ کپ
+ دانی
+ تەقیو

---

[1]. بۆ ئەم پارە سودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە بە شێوەیەکی گشتی

(محەمەدی مەحوی: 2009) (محمد مەعروف فەتاح: 1999) (لیلی ال حماد: 1427)

(http://www.alukah.net/fatawa_counsels/0/34266/#ixzz2wLfvEA3R)

وشەی (پیاو) نیشانە واتاییەکانی :

+ مرۆڤ
+ هەراش
+ ڕیش و سمێڵ
+ نێر

3. دەتوانین لە نیشانە واتاییەکانەوە بەرەو دانە گەورەکە بچین و بە پێچەوانەشەوە.

4. پەیوەندییەکی زۆر بەهێز لە نێوان تایبەتییە جیاکەرەوەکان و کەرەستە سەرەکییەکە هەیە.

5. قسەپێکەرانی زمان لەسەر واتای هۆشەکی کۆکن.

6. ئەم نیشانە واتاییانە ئاستێکی داخراوییان هەیە، واتە زیادکردنی لەلایەن قسەکەرانەوە یا دەگمەنە یا کاتێکی زۆری دەوێت، جێگیرە لەلای هەموو قسەکەران.

7. لە جۆرەکانی تر زیاتر دەمێنێتەوە، واتە کەمتر گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە نیشانەی هاوبەش و گشتییە، بیر و تایبەتێتی زمانێکی تیا دیاریکراوە.

واتای هۆشەکی بە گرنگترین جۆری واتا دادەنرێت لەناو فەرهەنگی زماندا، ئەگەرهاتوو وشەیەك واتای هۆشەکی نەبێت واتە ئەو وشە بوونی نییە. لە فەرهەنگە جیهانییەکاندا هەر وشەیەك کۆمەڵێك واتای بۆ دیاریکراوە، ژمارە (1) ی ئەو واتایانە

بە واتای هۆشەکی دادەنرێت، چونکە ئەم واتایە بناغەیە و واتاکانی تری لەسەر بنیاتدەنرێت.

واتای هۆشەکی کۆمەڵێك تایبەتێتی هەیە کە وایلێدەکات بزانین لە کوێدا بەکارهێنانی گرنگە:

1. کاتێك منداڵ لە سەرەتادا فێری زمان دەبێت، تەنها واتای هۆشەکی وەردەگرێت. ڕەنگە بە ئاسانی لە واتاکانی تر تێنەگات.

2. بۆ کەسێکی بێگانە کە تازە فێری زمانێك دەبێت، تەنها واتای هۆشەکی وەردەگرێت، بەڵام کاتێك بە تەواوی لەگەڵ ئەو کۆمەڵە تێکەڵ دەبێت ئەوسا جۆرەکانی تری واتا وەردەگرێت.

3. لە تۆمارکردن و نوسینەوەی فەرهەنگدا واتای هۆشەکی پێویستە.

## (2-8/1) واتای بارکراو:

بریتییە لە دووەم جۆری واتا لە ناو فەرهەنگی زماندا، چونکە هەر لە ناوەکەیەوە بۆماندەردەکەوێت کە ئەم واتایە لەسەر واتاکانی تر بنیات دەنرێت. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قسەکەری زمان پێویستی بە وشەی نوێیە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە لەسەر مێشکی قسەکەر کەمبێتەوە، واتای نوێ دەکات بەبەری وشە کۆنەکاندا و جۆرێکی تر لە واتایان لەلا دروستدەکات، چونکە لەبرکردنی وشەیەك بە چەند واتایەکەوە، ئاسانترە لەوەی چەند وشەیەك بۆ مەبەستی جیا لە مێشکدا هەڵبگرێت. واتای بارکراویش کۆمەڵێك تایبەتێتی هەیە، لەوانە:

1. وەك واتای هۆشەکی ڕێك و پێك نییە، چونکە دەتوانین بە پێی تایبەتێتی کۆمەڵ یان قسەکەر، چەند نیشانەیەکی تر بۆ وشەیەك زیاد بکەین. بۆ نموونە:

- ژن (+کۆمەڵایەتی، +زەعیفە، +لەمشك دەترسێ)

2. پەیوەندیی نێوان وشەکەو نیشانە واتاییەکان توند نییە، بۆ نموونە: ناتوانین ئەو تایبەتییانە بەسەر هەموو ژنێکدا بسەپێنین.

3. نیشانە تایبەتەکان لە نەتەوەیەك بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بۆ نموونە سیمای جیاکەرەوەی (ژن) لێرە و لە ئەوروپا.

4. واتای بارکراو بە پێی کات دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە ناو میلەتی کورددا لە سەردەمێکی کۆنتردا سیمای جیاکەرەوەی ژن (+عەباو پەچە)ی تێدابووە.

5. هەندێك واتای بارکراو زادەی کەسێکە، هەندێکی تر زادەی کلتورێکە، یان کاتێکە.

### (1-2-8/1) جۆرەکانی واتای بارکراو

#### (1-2-8/1) شێوازی

ئەو واتایەیە کە دیالێکت یان شێوەزاری قسەکەری تیادا دەردەکەوێت، بۆ نموونە شێوازی قسەکردنی گەرمیانییەك لەگەڵ هەولێرییەك یان سلێمانییەك جیاوازە. یان زانیارییمان دەربارەی قسەکەر دەداتێ لە پلەی خوێندەواری یان پیشەکەی، بۆ نموونە ئەو وشانەی بەرگ دروویەك بەکاری دەهێنیت جیاوازە لەو وشانەی کرێکارێك بەکاریدەهێنێت، ئەمانەش جیاوازن لە هی فیتەرێك یان مامۆستایەك، ...هتد.

هەروەها لەڕێی واتای شێوازییەوە دەتوانین پەیوەندیی نێوان قسەکەرو گوێگر دیاری بکەین، بۆ نموونە کاتێك گوێمان لە گفتوگۆی نێوان دوو کەس دەبێت، بە شێوازی قسەکردن و ئەو وشە و دەستەواژانەی بەکاریدەهێنن، دەزانین ڕادەی نزیکیان چەندە. هەندێکجار بیرێکی دیاریکراومان هەیە و لەڕێی واتای شێوازییەوە

دەیگەیەنین، بۆ نممونە من دەمەوێت پێناسەی خۆم دیاریی بکەم کە پیشەم چییە، ئاستەکەم چیی، یا خەڵکی کوێم[]. هەندێك لە شێوازەکان هەمیشەیین، هەندێکیان کاتین. بۆنموونە (هین)، واتای شێوازی هەمیشەیی کەسێکی تێدا دەردەکەوێت، هەندێك وشەش تایبەتن بە نوسین و لە قسەکردندا بەکارناهێنرێت، کە دەتوانین بڵێین ئەمە شێوازی نوسەرەکەیە.

(2-2-8/1) ویژدانی

زمان زۆرجار دەتوانێت هەستی قسەکەریش بنوێنێت بەرامبەر ئەو بابەتەی قسەی لەسەر دەکات. هەندێجاریش بەهۆی ئاواز یان هەندێ وشەی هەستپێشاندانەوە دەردەبڕرێت. ئەم جۆرەی واتاش لەسەر بنەمای واتای هۆشەکی بنیات دەنرێت. بنەماکانی ڕێزگرتنیش لە قسەکردنماندا پەیوەستە بە واتای ویژدانییەوە، چونکە هەر واتای ویژدانییە ئەو ڕێزگرتنە دەخاتە وشەکانەوە.

واتای ویژدانی پەیوەستە بە باری دەروونی قسەکەرەوە، هەستی خۆشی و ناخۆشی و توڕەبوون واتایەکی تر دەدات بە ئەو وشانەی قسەکەر بەکاریاندەهێنێ.

- بۆ نموونە نیشانە واتاییەکانی وشەی (جوان، بەڵێ، بڕۆ،....) بە پێی باری دەروونی قسەکەر دەگۆڕێت. ئەگەر کەسەکە بارە دەروونییەکەی ئارام بێت جیاوازە لەوەی بارە دەروونیەکەی ئاڵۆز بێت.

(3-2-8/1) بیرەکی

واتای بیرەکی کاتێك دێتە کایەوە کە فۆڕمێك زیاتر لە واتایەکی هەبێت، کە گوێمان لە یەکێکیان بێت ئەوی ترمان بێتەوە بیر، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ئەمەیان

---

[] . هەندێجار ئەمە وەکو خۆدەرخستنێك دەردەکەوێت.

زۆرتر بڵاوە یان بەکاردێت. بەزۆری ئەوکاتانە دەردەکەوێت کە وشەکان واتایەکی هۆشەکییان هەیەو واتایەکی تریان بۆ دروست دەبێت کە دەچنە سنووری (تابوو)ەوەکانەوە، یان ئەوانەی کۆمەڵ مۆری حەرام و بەکارنەهێنانی لێداون. بە تایبەتی کە فۆرمی (بیلامانیٚ) بەکاردەهێنرێت. ڕەنگە قسەکەر بە مەبەستی واتا هۆشەکییەکە بەکاری بهێنێت، بەڵام گوێگر خۆی دەیبەستێتەوە بە واتایەکی ترەوە کە لە بیریدا هەمیشە هاوشانی ئەو وشەیە دێت.

## (4-2-8/1) تێکەڵ

واتای تێکەڵ ئەو واتایەیە کە وشە بەهۆی هەڵسوکەوت و هاتنی لە قەوارەی وشەی تردا پەیدای دەکات. واتە ئەو فۆڕمانەن کە هاوڕێیەتییان لەگەڵ وشەی تردا پەیداکردووە و واتای ئەو دوو وشەیە تێکەڵ کراوە. بۆ نموونە (زیڕە) و (نەڕە) و (بۆڵە). ئەم وشانە لە هاوواتا دەچن، بەڵام لە یەك جیان چونکە هەریەکەیان بۆ گیانلەبەرێکی جیاواز بەکاردێت. بۆ نموونە:

- کەرەکە زەڕی.........................منداڵەکە زیڕاندی.
- شێرەکە نەڕاندی...................ئازاد ئەنەڕێنیٚ.

واتای تێکەڵ بەزۆری ئەو کاتە دروستدەبێت کە قسەکەر مەبەستێتی لێکچواندنێك لە نێوان دوو شتدا دروستبکات، بە تایبەتی لەکاتی تانەو تەشەردا.

- ئەو کوڕە جوانە. (لێرەدا جوان واتایەکی هۆشەکی و واتایەکی تێکەڵی تیدایە، چونکە جوان بۆ کچ بەکاردەهێنرێت.

## (5-2-8/1) بابەتی

ئەو واتایەیە کە قسەکەر بەهۆی یاریکردن لە شێوەی ڕێکخستنی ڕستەکەیدا گۆڕانکاری لە واتاکەیدا دەکات. واتای بابەتی پەیوەستە بە هەڵبژاردنی ئەو ڕۆنانەی قسەکەر لە نێوان هەموو ڕۆنانەکانی تردا هەڵیدەبژێریت، بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی.

- مندالّەکە قاپەکەی شکاند.
- قاپەکە، مندالّەکە شکاندی.

ئەم دوو ڕستەیە واتای هۆشەکییان یەکە، بەڵام بە پێی مەبەستی قسەکەر واتایەکی بابەتی جیایان هەیە.

واتای بابەتی بریتییە لە کێشەی هەڵبژاردنی ئەو ڕۆنانەی کە زمانەکەت ڕێگەت پێدەدات جیا لە ڕۆنانەکانی تر بۆ گەیاندنی ئەو بیرە. بابەتی مەبەستمان لەوەیە مرۆڤ کاتێك دەیەوێت مەبەستێك دەربڕێت، یەکێك لە هەلومەرجەکانی هەڵبژاردن دێتە کایەوە، بۆ هەڵبژاردنی ئەو ڕۆنانەی کە دەتەوێت بیرەکەی پێ دەربڕی. بەپێی بیرەکەت گرنگی بەکام ڕۆنان دەدەیت ئەوا دەبێت بەو شێوەیە دەربڕێت. واتای بابەتی هەندێکجار لەو کاتەدا دەردەکەوێت کە قسەکەر بۆ مەبەستێك ئەو ڕۆنانە هەڵدەبژێرێت. واتە پەسەندکردنی ئەو ڕۆنانە مەبەستێکی قسەکەری لە پشتەوەیە، بۆ نموونە:

- دایکم و باوکم یان باوکم و دایکم (لێرەدا خۆشەویستی بۆ کامیان زیاترە)
- من و تۆ یان تۆ و من (ئەمەیان بۆ سەپاندنی خود، یان لەخوبوردویی)
- مام جەلال و کاك مەسعود یان کاك مەسعود و مام جەلال (لێرەدا بۆ مجامەلەیە، واتە مەبەستێکی سیاسییە، یا هەندێجار بۆ خۆشەویستییە .

# بەشی دووەم

# تایبەتێتی کێڵگە واتاییەکان

## (1/2) بەیەکداچوون و پەیوەندیی کێڵگەکان:

ئەو فەرهەنگەی هەرکەسێك لە مێشکیدا هەیەتی، جیاوازە لە ڕێکخستنیدا لەگەڵ ئەو فەرهەنگانەی نوسراونەتەوە و وشەکانی بە پێی ئەلف و بێ و پیتی سەرەتا و کۆتایی ڕیزکراون، لە کاتێکدا فەرهەنگی ناومێشك بە پێی کێڵگە واتاییەکان ڕیزکراوە، هەر کێڵگەیەکیش پێکهاتووە لە کۆمەڵە وشەیەك، کە پەیوەندییە واتاییەکانیانی تێدایە و وشەکان هەمیشە لە پەیوەندیدان، چونکە بیر دابڕاو نییە، مرۆڤ کاتێك دەدوێت بە هەڕەمەکی نییە و بە پێی ئەو وشانەیە کە لە مێشکیدا ڕیزبوون، ((رۆبنسن ئاماژە بەوە دەکات بەشێك لە واتای سەرەکی وشەکان لە هەموو زمانەکاندا، بەهۆی پەیوەندییەکانیانەوە لەگەڵ وشەی دیکەدا لەسەر هەردوو ئاستی تەکنشینی و جێنشینی دیاریدەکەن))[1]. بنەمای سەرهەڵدانی کێڵگە واتاییەکانیش هەر بۆ ئەم بیرە دەگەڕێتەوە کە وشە پێویستی بە کۆمەڵ و خێزانیکی وشەیی هەیە بۆ بە تەواوی تێگەیشتنی لە واتاکەی، هەروەك فندریس دەڵێت: (( بیر هەمیشە مەیلی لەوەدایە وشەکان کۆبکاتەوە، هەروەها پەیوەندییەکانی نێوانیان بدۆزێتەوە))[2].

پێشتر لە لاینزەوە فێربووین کە واتای وشە ((بریتییە لە کۆی پەیوەندییەکانی لە گەڵ وشەی تر لەناو یەك کێڵگەدا))[3] یان ((واتای وشە لەناو پێڕەوێك لە پەیوەندی بە پێی شوێنەکەی دەیبەستێتەوە بە وشەی تر))[4]، ئەو پەیوەندییانەش کە دواتر باسیان لێوەدەکرێت، مەرج نییە سەرجەمیان لە یەك کێڵگەدا بدۆزینەوە، بەڵکو ئەم

---

1. بێستوون حسن احمد (2012: 242)
2. أحمد عزوز (2002: 12) وەرگیراوە لە فندریس (1950: 333)، هەروەها أحمد مختار (2006: 80)
3. احمد مختار (2006: 68)
4. سەرچاوەی پێشوو (68)، وەرگیراوە لە (Ullman- 1973: 31)

وشانە بەهۆی بەکارهێنانی جیاوازەوە، پەیوەندیی جیاواز دروستدەکەن، هەیانە لەگەڵ هاوڕێکانی لە هەمان کێڵگەدا و هەشیانە لەگەڵ وشەی کێڵگەیەکی تر، هەموو ئەمانەش بەهۆی پەیوەندیی جیاواز جیاوازەوە دەبێت.

ڕەنگە وشەیەك لە یەککاتدا چەند پەیوەندییەك دروستبکات، ((وشەکان وەك ڕژێمێك وان، هەر وشەیە ئەرکەکەی لەو پەیوەندییەوە دیاری دەکرێت کە دەیبەستێتەوە بە وشە یان دەوروبەرە زمانییەکەوە)). هەربۆیە هەندێك لە زمانەوانەکان پێیان وایە کە فێربوونی زمان لەسەر بنەمای تاك وشەیی نییە، بەڵکو بە کۆمەڵە، واتاکەشی لە پەیوەندییەکانیەوە وەردەگرێت، کەواتە ((زمان ڕژێمێکە بەهای هەردانەیەکی نەبەستراوەتەوە بە سروشتی پێکهاتنی یان فۆڕمەکەی، بەڵکو بەستراوەتەوە بە شوێن و بەکارهێنانی لەناو کۆمەڵدا))، ((بەجۆرێك ئەگەر وشەیەك لەناوبچێت، یان دوربکەوێتەوە، یان شوێنەکەی بگۆڕێ، ئەوا کاردەکاتە سەر وشەکانی تری کێڵگەکە)).

مایەر بە دامەزرێنەری ئەم بیرە دادەنرێت کە لەساڵی (1910)دا دەریخست هەر چەمکێك بەهاکەی لەو ڕیزبەندییەوە پێکدێت کە لەگەڵ زاراوەکانی تردا وەکو زنجیرەیەکی واتایین. ئەم پەیوەندییانەش لەسەر هەردوو ئاستی جێنشینی و تەکنشینی دەردەکەوێت، بنەمای دەرکەوتنی پەیوەندییەکانیش لە ڕێی نیشانە واتاییەکانەوە دەبێت، چونکە بە هاوبەشی یان جیاوازی چەند نیشانەیەك ئەوا وشەکان پەیوەندی پێکدەهێنن، ئەم نیشانانە وەك یارمەتیدەرێکە لە دیاریکردن و دەسنیشانکردنی واتای وشەکاندا، بەڵام پەیوەندییەکان بە تەنیا واتاکە بە وردی دیاری ناکەن.

---

. عمار شلوای (2002: 41)
. سەرچاوەی پێشوو (41)
. (سەرچاوەی پێشوو: 43) وەرگیراوە لە (ریمو طحان: 94)
. سەرچاوەی پێشوو، وەرگیراوە لە (Guiraud)

پەیوەندیی تەکنشینی کەرەستەکان بریتییە لەو پێکەوەهاتنە گونجاوەی لە نێوان وشەکاندا هەیە چ لەسەر ئاستی کۆمەڵە وشە یان لەسەر ئاستی ڕیزبونیان لە ڕستەیەکدا، چونکە مەرجی هاوڕێیەتی وشەکان بوونی پەیوەندیی هاوبەشە لە نێوانیاندا، بەڵام لە جێنشینیدا بەهای هەر وشەیەك بە گەڕانەوە بۆ وشەکانی دیکە لە هەمان پێڕەوی زمانەکەدا دەستدەکەوێت، ((واتای سەرەکی وشەکان لە هەموو زمانەکاندا، بەهۆی پەیوەندییەکانییانەوە لەگەڵ وشەی دیکەدا، لەسەر هەردوو ئاستی تەکنشینی و جێنشینی، دیاری دەکرێت))[ ].

پەیوەندیی وشەکان لە کێڵگەی واتاییدا لە دوو ئاستدا دەردەکەوێت:

## (1-1/2) پەیوەندیی واتایی دانەکانی کێڵگەیەك لەگەڵ دانەکانی کێڵگەیەکی تر، کە لەم شێوازانەدا دەردەکەوێت[ ]:

### (1-1-1/2) فرەواتایی:

لە ئەنجامی گەشەکردن و بەکارهێنانی وشەکان لە بارودۆخی جیاوازدا، وشە دەبێتە خاوەنی واتای نوێ، زۆرجار ئەم واتایانە بەهۆی گۆڕان لە نیشانەیەك یان چەند نیشانەیەکدا دەردەکەوێت بۆ واتا و مەبەستێکی تر بەکاردەهێنرێت. فرەواتایی، واتە وشەیەك چەند واتایەکی هەبێت، بەڵام یەکێك لە واتاکان، واتای هۆشەکییە و ئەوانی تر واتای لاوەکیی، هەر یەك لەم واتایانە دەچێتە کێڵگەیەکەوە، خاوەنی کۆمەڵێك نیشانەیە، کە لەگەڵ یەکدی جیاوازییان هەیە، سەرەڕای هاوبەشییان، چونکە بوونی هاوبەشی مەرجی سەرەکی پەیوەندیی فرەواتاییە لە نێوانیاندا.

---

[ ]. Robins (1964: 27)

[ ]. بۆ پەیوەندییە واتاییەکان بە شێوەیەکی گشتی سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە (پەروین عوسمان مستەفا عەللاف: 2009) (بێستون حەسەن: 2010) (محەمەدی مەحوی: 2009) (عەبدوالواید موشیر دزەیی: 2011) (عەبدوالواحید موشیر دزەیی: 2010) (ویدۆسون، و:هۆشەنگ فارووق: 2008)

بوونی فرەواتایی لە زماندا یەکێکە لە پێویستییە گرنگەکان، چونکە ئەگەر مرۆڤ بۆ هەر واتایەك وشەیەك دابنێ، ئەوا ئەرکی مێشك گران دەبێت، بەڵام ((یەکێ لە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی ئاخاوتنی مرۆڤ ئەوەیە کە وشەی وای تێدایە، توانستی گەیاندنی چەند واتایەکی هەیە.))[] بۆئەوەی بە کەمترین کات و وشە، زۆرترین بیر بگەیەنێت. وەك دەبینین لە وشەی (چاو)دا، واتای (ئەندامی لەش) واتای هۆشەکییە، بەڵام واتاکانی تر واتای بارکراون و لەسەر واتا بنەڕەتییەکە پێکهاتوون:

چاو

- ئەندامی لەشی مرۆڤ
- چاوی دۆڵاب و کانتۆر
- چاوی کامێرا
- چاوی عەلادین
- چاوی تەباغ

بۆ نموونە لە بەراوردی نیشانە واتاییەکانی (چاوی مرۆڤ) و (چاوی عەلادین) ئەم جیاوازییانە دەبینین:

| \چاوی مرۆڤ | چاوی عەلادین |
|---|---|
| + ئەندامی لەش | + بەشێکی عەلادین |
| + لە پێشەوەیە | + لە پێشەوەیە |
| + دەروازەی بینین | + دەروازەی بینین |
| لە دەرەوە بۆ ناوەوە | لە ناوەوە بۆ دەرەوە |

[]. ستیفن اولمان (1997: 134)

هەندێجار ئەم واتایە، واتایەکی میتافۆرییە، زمانی میتافۆر ڕێگە دەدات کە قسەکەر واتایەك دەربڕێت کە یەکێك لە نیشانەکانی گۆڕابێت و لە واتا فەرهەنگییەکەی دوربکەوێتەوە و واتایەکی میتافۆری وەربگرێت، ڕەنگە هەندێجار بە تێپەڕبوونی کات واتا خوازەییەکەی ونبکات و وەك وشەیەکی نویٚ بەکاربهێنرێت، بەڵام واتا میتافۆرییەکە زۆر لە واتا فەرهەنگییەکە دوورناکەوێتەوە دەنا دەبێتە ئیدیەم.

(1-1-1-1/2) ڕێگەکانی پەیدابوونی فرەواتایی

1. تەسکبوونەوەی واتا: واتە سنورداركردنی واتای گشتیی وشەیەك و بەکارهێنانی بۆ تەنها بوارێك، بۆ نموونە:

- (زانست: لەواتا گشتیەکەیەوە تەسکراوەتەوە بۆ واتای وانەیەك)

2. فراوانبوونی واتا: بەکارهێنانی وشەیەك بۆ واتایەکی فراوانتر لە سنوری بەکارهێنانی خۆی، بۆ نموونە:

- (نان: سەرەتا تەنها نانی بازاڕ دەگرتەوە، بەڵام ئیستا واتاکەی فراوان بووە بۆ بژێوی، یان ژەمی خواردن)

3. واتای میتافۆری: لە ئەنجامی بەکارهێنانی وشەیەك بۆ مەبەستێکی تر بەهۆی پەیوەندییەك لە نێوانیاندا، ئەو پەیوەندییەش بەهۆی واتای میتافۆرییەوە دروست ببێت:

- **چاو (له بنەڕەتدا ناوی ئەندامێکی لەشە، بەڵام بۆ چاوی کانتۆڕ و چاوی عەلادین و هەندێ واتای تریش بەکاردێت).**

- **لووت ( له بنەڕەتدا ناوی ئەندامێکی لەشە، بەڵام لە وشەی لوتکە، لوتی سەیارە، لوتی قۆری،...بە واتای میتافۆری بەکارهاتووە.)**

- **جۆشسەندن**

**أ. (هاتنە کوڵی شتێك لەسەر ئاگر)**

**ب. (گەرمبوونی کەسێك لە کارەکەی)**

**ت. (گەرمی کەشوهەوا لە هاویندا)**

- **گەرمبوون**

**أ. (لە کار)**

**ب. (لە پلەی گەرمی لەش یان دەوروبەر یان شتێك لەسەر ئاگر)**

4. **گواستنەوەی واتا : ئەمەش بە دوو شێوە دەردەکەوێت، یان گواستنەوەی واتای وشەکە لە بەرزەوە بۆ نزم، یان لە نزمەوە بۆ بەرز، ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات ڕودەدات، بۆ نموونە:**

- **خاریجی: (ئێستا واتاکەی نزم بۆتەوە)**

- **شاخ: (پێش ڕاپەرین واتاکەی بەرزبووە، بەڵام ئێستا واتاکەی بێلایەنە)**

- **گەڵا: (بە واتایەکی میتافۆری واتاکەی بەز کراوەتەوە)**

- ئەمن=ئاسایش (لە ئێستادا واتاکەی بەراورد بە کاتی ڕژێم بەرزبۆتەوە)
- دەفتەر (لە واتای کەرەستەیەکی نوسین یا خوێندنەوە بۆ واتای 10000 دۆلار)
- عەیار (لە واتای شۆخ و شەنگییەوە بۆ واتای مەکر و جامبازیی)

5. هەندێجاریش بەهۆی بەکارهێنانی لەلایەن قسەپێکەرانەوە وشەیەك چەند واتایەکی بۆ پەیدا دەبێت، ئەو واتایانەش بەهۆی لێك نزیکی لە سیفەتێکدا لە نێوان ئەو دوو شتەدا دروست دەبێت. بۆ نموونە:

- ناوك (بۆ زاراوەی زانستی بەکاردێت)
- ڕەگ (ڕەگی درەخت و ڕەگی دان و ڕەگی ژمارە و ڕەگی کار)
- بەربوون (لە بەندیخانە، خوین بەربوون، بەربوونی ئاو)

ئەم وشانەنە بە پێی ئەو سیاق و چواردەورەی بەکاردێن واتاکەی دەگۆڕێت.

## (2-1-1/2) هاوبێژی

زاراوەیەکی واتاسازییە، لە شیکردنەوەی واتادا ئاماژە بەو وشە فەرهەنگییانە دەکات کە لە فۆڕمدا یەکن و لە واتادا جیاوازن. زۆربەی زمانەوانەکان وای بۆ دەچن کە دیاردەی هاوبێژی لە زماندا بە شێوەیەکی فراوان دەردەکەوێت، ئەمەش بەهۆی لێکچوونی دەنگەکان یان پیتەکان لە هەندێ وشەدا. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی، هاوبێژی جۆرێکە لە جۆرەکانی پەیوەندیی نێوان وشەکانی زمان و بریتییە لە یەکگرتنەوەی دوو وشە یان زیاتر لە فۆڕمدا و جیاوازبوونیان لە واتا و بنەڕەتدا.

## (1-2-1-1/2) جۆرەکانی هاوبیژی

1. **هاودەنگ: ئە و وشانەن کە لە گۆکردندا وەك یەکن بەڵام لە نوسیندا جیاوازن، ئەم جۆرە لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیدا بە شێوەیەکی دیار بەرچاودەکەوێت، بەڵام بەڕای زمانەوانەکان لە زمانی کوردیدا نییە. بەڵام هەندێجار لە بەراوردی دوو وشەی هاوبێژی سادە و لێکدراودا هەست بەم دیاردەیە دەکرێت، بۆ نموونە:**

- **(دایکوباوك) کە بەرامبەر (الوالدین)ی عەرەبی و** (Parent)**ی ئینگلیزییە**
- **(دایك و باوك) کە بەرامبەر فرێزی (الاب والام)ی عەرەبی و** (Father and Mother) **ی ئینگلیزییە.**

- **بێکەس (ناوی شاعیرێکە)**
- **بێ کەس (ئەو کەسەی کەسوکاری نەبێت)**

- **زمانگرتن (زمانپژاندن)**
- **زمان گرتن (واتە کەسێك لە کاتی قسەکردندا زمانی بگیرێت)**

- **(دەموچاو) بەرامبەر** (Face)
- **(دەم و چاو) بەرامبەر** (Eye and Mouth)

- **دێوانەبێ (کەسێك سەرگەردان بێ)**
- **دێ وانەبێ (ئەو گوندە وانەبێت)**

2. هاوپیت: ئەو وشە هاوبێژانەن کە لە نوسیندا وەك یەکن بەڵام جیاواز گۆدەکرێن. لەم جۆرەدا هێز و ئاوازە ڕۆڵێکی سەرەکیی دەگێڕێت لە دیاریکردنی واتای وشەدا، بۆ نموونە:

- کوردە
(ناوی کچێکە)
(ئەم کەسە کوردە عەرەب نییە)

- مردن
(چاوگی مردن کە پێچەوانەی (ژیان)ە).
(مۆرفۆسینتاکسی ڕستەی (ئەوان مردن)).

- نەمام
(درەختی پێنەگەشتوو)
(من نەمام)

3. هاوبێژی تەواو: ئەو وشانەن کە لە نوسین و گۆکردندا وەك یەکن. بۆ نموونە:

- تاڵ
(تاڵی قژ)
تاڵی تاموچێژ)

- ئازار
(مانگی ئازار)
(ئێش و ئازار)

- **خاڵ**

**(کۆتایی ڕسته)**

**(برای دایك)**

**(خاڵی سەر پێست)**

- **تیژ**

**(پێچەوانەی کول)**

**(خێرا)**

**(توون)**

- **چوو**[11]

**(ڕۆشت، لە کرمانجیی ناوەڕاست)**

**(خەنجەر، لە زاری لووڕ)**

### (2-2-1-1/2) سەرچاوەکانی هاوبێژی

1. **بوونی چەند دیالێکت و بەشە دیالێکتێك، بۆ نموونە:**

- **مار**

**(لە سلێمانی بە واتای گیاندارێکە)**

**(لە هەولێر بە واتای ماڵیش دێت)**

- **ئاش**

**(لە سلێمانی بە واتای ئامێری هارینی دانەوێڵە دێت)**

**(بەڵام لە کەرکوك بە خواردنیش دەڵێن ئاش)**

---

[11]. دارا حەمید (2010: 122) وەرگیراوە لە حەمیدی ئێزەد پەناه (1987: 78)

2. به ڕێکەوت دوو وشە وەك یەك بوون لە نوسین یا گۆکردندا، یان لە یەکێکیاندا، بەڵام لە واتادا جیاوازبوون. بۆ نموونە: (خاڵ، تاڵ).

3. هەندێ وشە لە زمانێکی ترەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، لەگەڵ وشەیەکی بنجی زمانەکە لە نوسین و خوێندنەوەدا وەك یەکن، بەڵام لە واتادا جیاوازن، بۆ نموونە:

- بیر(بیرکردنەوە)
- بیر(بئر)

4. گۆڕانی واتایی لە واتای ڕاستەوخۆوە بۆ واتای میتافۆر و بەکارهێنانیان لە یەك کاتدا. بۆ نموونە:

- دەستکورت (واتە دەستی درێژ نییە و کورتە)
- دەستکورت (واتە کەسێك هەژاربێت)
- دەمودەست (یەکسەر)
- دەم و دەست (دەم لەگەڵ دەست)

## (3-1-1/2) کۆلۆکەیشن

(Frith) پێی وایە واتای وشەیەك دەتوانرێت لە ڕێی ئەو وشانەوە بزانرێت کە لە گەڵیدا بەکاردێت و بەم شێوەیە پێناسەی دەکات ((ئاستێکی تەکنشینی هەیە لە دانەدانەی وشەکان ناکۆڵێتەوە، بەشێك لە واتای وشەکەت لە ڕێی پێکەوەهاتنەوە پێدەدات))[1] ، واتە هەندێك لە وشەکان ئەوەندە هاوڕێیەتییان بەهێزە لە کاتی بەکارهێناندا، بە ناوهێنانی یەکێکیان، لەبیردا ئەویتر دێتەوەیاد، بۆ نموونە:

1. بێستون حسن(2012:60) وەرگیراوە (Hamid: 2007: 67)

**لوتەوانە و لووت**

**دەستگرە و دەست**

**چاو و بینین**

**وەڕە و سەگ**

**شە و و تاریکی**

(Haliday @ Hassan) **پێیان وایە کۆلۆکەیشن لە ئەنجامی پێکەوەهاتنی وشە فەرهەنگییەکانەوە پەیدا دەبێت، کە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، بە مەرجێك لە هەمان ژینگەدابن**[2] **. کەواتە وشەکانی زمان دەکرێت لە پەیوەندیدا بن لەگەڵ وشەیەك لە کێڵگەیەکی تر، بە مەرجێك پەیوەندیی کۆلۆکەیشن پێکیانەوە ببەستێتەوە، واتە هاوڕێیەتی و هاتنی ئەو دوو وشەیە بە دوای یەکدا لە لایەن زمانەکەوە پەسەند بێت.**

## (4-1-1/2) پەیوەندیی فۆڕمیی

**قسەکەری زمانێك بەهۆی لێکچوونی ڕیتم و ئاوازی هەندێك لە وشەکانەوە هاوڕێیەتیان بۆ دروستدەکات، هەندێجار ئەم بەکارهێنانە شێوازی (سلانگ)**[3] **وەردەگرێت، یان بۆ خۆشی و گاڵتە بەکاردێت. وەك:**

- **ژن ، من ، بن، جن**
- **هات، مات، کات، چات**
- **سلاو، پلاو، حەلاو، کلاو**

---

2. **بێستوون حسن احمد** (2012، 61) **وەرگیراوە لە** (Al Halaby: 2000: 8)

3. **شێوازیی دەربڕینی ناوبازاڕییە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (تابان محەمەد سەعید حەسەن:** 2008)

یان هەندێ لە وشە لێکدراوەکانی زمان بەم شێوازە دروستبوون، کە بە گۆڕانی دەنگی یەکەمی وشەکە و دوبارەکردنەوەی لەگەڵ وشەی یەکەم، وشەیەکی لێکدراو دروستدەکات. بۆ نموونە:

- نان و مان
- ژن ومن

## (2-1/2) پەیوەندی واتایی دانەکانی ناو یەك کێڵگە:

### (1-2-1/2) دژواتایی

پەیوەندییەکی واتاییە لە نێوان دوو دانەی فەرهەنگیی، کە مانای یەکێکیان لەوی دیکەیاندا هەیە، یان یەکێکیان پێچەوانەی ئەوی تر دەردەخات. ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕوونکردنەوەی واتای وشەدا دەبینێت. بە پێی بۆچوونی هەندێ لە زمانەوانەکان دژواتای تەواو لە زماندا نییە، بەڵکو لەچەند سیمایەکدا دژواتای یەکترن. هەندێجار دژواتا بە تەواوکەری هاوواتا دادەنرێت، چونکە هەردووکیان پەیوەندییەکی بەرامبەریین، بەڵام ئەم بە نەرێنی و ئەو بە ئەرێنی. دژواتا گرنگترین پەیوەندییە واتاییەکانە، کە پەیوەندییەکی شوێنی ستوونییە. هەرچەندە لە گشت زمانێکدا دژواتای تەواو نییە، بەڵکو لە چەند سیمایەکدا دژواتای یەکترن.  ئەم وشانە کە لە ناوەرۆکدا دژی یەکترن لە هەموو زمانێکدا هەیەو بەشێکی گرنگی فەرهەنگی زمانەکە پێکدەهێنێت. بەڵام بەراوردی ئەم وشانە لەگەڵ زمانێکی تردا پێویستە بە وریایی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بە تایبەتی لە کاتی وەرگێڕاندا، چونکە هەر زمانێك خاوەنی تایبەتێتی خۆیەتی.

## (1-1-2-1/2) جۆرەكانی دژواتایی

1. بەرامبەری: بارێکی تایبەتی پەیوەندیی جیاوازییە، لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوە و پەسەنکردن دامەزراوە، کە لە نێوان دوو کەرەستەدا هەیە، ئەم جۆرە پەیوەندییە لەو جۆرە وشانەدا دەردەکەوێت کە ڕەتکردنەوەی یەکێکیان، پەسەندکردنی ئەوی تریانە. بۆ نموونە (نێر/مێ) (کچ/کوڕ) (ڕەشوسپی و ڕەنگاوڕەنگ) (ڕەبەن و خێزاندار) (بێدار و نوستوو) (ژن و کچ)

أ. ئازاد کوڕە.

ب. کەواتە ئازاد کچ نییە.

أ. پەروین کوڕ نییە.

ب. کەواتە پەروین کچە.

أ. تەلەفزیۆنەکە ملەوەنە.

ب. کەواتە ڕەشوسپی نییە.

کەواتە پلە نییە لە نێوانیاندا، هەریەکەیان جەمسەرێك دەگرن، ئەوەی لەم جەمسەرەوە نەبێت لە جەمسەرەکەی ترە.

أ. ئازاد لە ئارام کوڕترە.*

ب. پەروین لە ئاڤان خوشکترە.*

2. پێچەوانەیی: ئەم جۆرە پەیوەندییە بەوە لە بەرامبەری جیادەکرێتەوە کە پلەدارە، واتە دوو وشەکە بەراورد دەکرێن، بۆ نموونە وشەی (چاك/خراپ) (گەورە/بچوك)، (سارد/گەرم) (ڕەق/نەرم) (تاریك/ڕووناك) (کورت/درێژ) ئەم بەراوردەش لەوانەیە ئاشکرا بێت یان درکاو.

أ. بەراوردی ئاشکرا: کە لە نێوان دوو شت یان دوو کەسدایە و پەیوەندیی بە بابەتێکی دیاریکراوەوە هەیە، بەڵام یەکێکیان پلەیەکی بەرزتری هەیە. وەك:

- ئازاد زیرەکترە لە نەوزاد.
- ئازاد ئەمساڵ لە پار زیرەکترە.
- کامەران درێژترە لە بڕوا.

ب. بەراوردی درکاو: ئەم جۆرە بەراوردە شاراوەیەو دەرنەبڕراوە، بۆ نموونە کە دەڵێین:

- شیلان قوتابییەکی زیرەکی پۆلەکەیەتی.

مەبەستمان ئەوەیە لە هەندێکیان زیرەکترەو لە هەندێکیشیان لەم زیرەکترن.

- ئاوات یاریزانێکی باشی تیپەکەیە.

ئەم جۆرەی دژ واتا پلە لە نێوانیاندا هەیە، بۆ ناکردنی جەمسەرێکیان مەرج نییە جەمسەرەکەی تر بگرێتەوە:

أ. قوتابیەکی زیرەك نییە.

ب. مەرج نییە مەبەستمان لەوە بێت کە تەمەڵە.

أ. شیلان جوان نییە.

ب. مەرج نییە ناشرین بێت.

3. تەواوکەری: ئەم جۆرە پەیوەندییە بە بەراوردکردنی هەندێ وشەی وەك(کڕین-فرۆشتن) و (ژنهێنان-شوکردن) (پێدان/وەرگرتن)دا دەردەکەوێت، چونکە بە هەردووکیان یەك کردە تەواو دەکەن، لە یەك دەوروبەردا:

أ. ئازاد پەروینی هێنا.

ب. پەروین شوی بە ئازاد کرد.

ئەم جۆرە لەگەڵ بەرامبەری لەوەدا یەکدەگرنەوە کە هەریەك لە وشە هاودژەکان جەمسەرێك دەگرن. بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدایە کە بە هەردوکیان کردەیەك تەواو دەکەن.

4. دژواتای یەك وشەیی: ئەم جۆرە لە زمانی عەرەبیدا بە شێوەیەکی دیار بەرچاو دەکەوێت، لە زمانی کوردیشدا بە زۆری لەو جۆرە وشانەدا دەردەکەوێت کە بە هۆی فراوانبونی واتاکانیانەوە، واتا پێچەوانەکەشیان وەرگرتووە. بۆ نموونە:


- لێگەڕان (بەدوادا گەڕان و وازهێنان)
- گوێگرتن (گوێ بۆ گرتن و گوێ پێنەدان)
- خۆگۆڕین (جل داکەندن و جل لەبەرکردن)

(3-2-1/2) گرتنەوە


یەکێکە لە پەیوەندییە سەرەکییەکانی واتا، ڕەنگدانەوەی تایبەتێتییەکی مێشکە کە توانای پۆلێنکردن و دابڕینی هەیە. بە شێوەیەکی تر پەیوەندی گشتییە بە تایبەتییەوە، یان ئەو پەیوەندییەیە کە وشەی تایبەت بە گشتییەوە دەبەستێتەوە. کاتێك زاراوەیەکی گشتی بەکاردەهێنرێت، کۆمەڵێك وشەی تایبەت دەچنە ناو ئەو کۆمەڵەوە کە دەیگرێتەوە.

پەیوەندیی گرتنەوە لە زمانێك بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، تەنانەت لەناو شێوەزارەکانی یەك زمانیشدا ئەم گۆڕانە بە جۆرێکی تر دەبینرێت. چونکە زمان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵە و ئەویش بە پێی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و جوگرافی و سیاسی و.....، گۆڕان بەسەر وشەکاندا دەهێنێت.

لە هەندێك زماندا وشەی سەرچاوە بە سەرەکی دادەنرێت، بەڵام ڕەنگە لە زمانێکی تردا بە ناسەرەکی بێت. ڕەنگە یەکێك لە دانەکانی کۆمەڵێك ببێتەوە بە وشەی سەرچاوە بۆ کۆمەڵێکی تر. بۆ نموونە:




ئەگەر هاتوو لە ناو ئەوانەدا وشەی ژن بە نموونە بهێنینەوە دیسانەوە دەبێت بە وشەی سەرچاوە بۆ کۆمەڵێکی تر:




گرتنەوە لە پێناوی دۆزینەوەی دانەکانی پۆلێك هاتۆتە ئاراوە. مەرجیش نییە تا دوا دانەی ئەو پۆلە بدۆزینەوە، بەڵام هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی زۆربەیان. گرتنەوە لێڵی دروست دەکات، بەڵام چوارچێوەی بارەکە دەتوانێت ئەو لێڵیە بڕەوێنێتەوە، بۆ نموونە کە دەڵێین (سوور)، مەبەستمان سووری تۆخ و سووری کاڵ و سووری جگەری، سووری ئاڵ، ...، بەڵام کاتێك سوور لەگەڵ ڕەنگی خوێن بەکار بهێنیت ئەوە دەزانیت سووری تۆخە. گرتنەوە لە زمانێك بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت و جیاواز دەبێت، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا پەتاتە نە لە پۆلی میوەیە نە لە پۆلی سەوزەیە، کەچی لە زمانی ئینگلیزیدا دەچێتە پۆلی سەوزەوە . وشەکانی زمان بە پێی ئەم پەیوەندییە دەبنە دوو بەشی سەرەکی، هەندێکیان وشەی سەرە و ئەوانی تر لقەکان، لە لقەکان دەتوانین بڕۆینەوە بۆ سەرە، بەڵام لە سەرەوە بە ئاسانی ناتوانی بچی بۆ لقەکان، کات و بیرکردنەوەی زۆری دەوێت.

## (5-2-1/2) هاوواتایی:

هاوواتایی: پەیوەندیی واتایی نێوان چەند لێکسیمێك دەگەیەنی
.٧

. محمد مەعروف فەتاح (1990: 163)

کریستەڵ بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: ((بریتییە لە زاراوەیەك کە لە واتاسازیدا بەکاردێ بۆ ئاماژەکردن بەو پەیوەندییە واتاییەی لە نێوان وشەکاندا بەرپایە)) .

د.ئەورەحمانی حاجی مارفیش دەڵێت ((هاواتایی بەو وشانە دەڵێن کە یەك مانا دەبەخشن، یاخود مانایان لێك نزیکە، بەڵام لە خوێندنەوە و نوسیندا جیاوازن)) . هاواواتایی بەلای هەندێك زمانەوانەوە لە توانستی زمان کەمدەکاتەوە، چونکە پێچەوانەی فرەواتاییە، کە وشەیەکە بەچەند واتایەك، بەڵام لێرەدا بۆ واتایەك چەند وشەیەك دێتە ئاراوە، ئەمەش ئەرکی مێشك گران دەکات، بەڵام بەلای هەندێکی ترەوە یەکێکە لە تایبەتییە گرنگەکانی زمان و سەلیقەی قسەکەر و نوسەری تیا دەردەکەوێت، کە دەتوانێت یاری بە وشە بکات لە پێناوی دەربڕینی مەبەستەکەی. زۆرجار ((هاوواتایی تەنها بە یەکەکانی فەرهەنگەوە نابەستێتەوە، بەڵکو بوارەکەی فراوانتر دەکات، بۆ ئەوەی ئەو وتە ئاسانانەش بگرێتەوە کە لە فەرهەنگدا بەکاردێن و هەمان واتا دەگەیەنن)) ، بۆ نموونە:

- پشتی کووڕ بووە = ماندوو بووە

کەواتە هاوواتایی ((بریتییە لەوەی دوو وشە یان زیاتر هەمان واتایان هەبێت)) . بۆیە بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین هاوواتایی بریتییە لە:

1. دوو وشە یان زیاتر یەك واتا ببەخشن. بۆنموونە: (ئاو= $H20$)، (کیژ=کچ)، (زانکۆ=جامیعە).

---

. David Crystal (2003:450)

. د.ئەورەحمانی حاجی مارف (1975: 120)

. د.طالب حسین (2002: 66)

. جون لاینز (1980: 73)

2. لەبری یەکتریش بەکاربهێنرێن. بۆنموونە: (فەرموو=وەرە).

هەرچەندە لەبارەی بوون و نەبوونی هاوواتایی بیروڕای جیاواز هەیە، هەیانە پێی وایە هاواواتا لە زماندا نییە، چونکە زۆر سەختە دوو وشە بدۆزینەوە بە هەمان مەبەست لە ڕستەیەکدا جێی یەك بگرنەوە، ئەگەر دوو وشەکە لە هەمان شوێن و بە هەمان واتا بەکاربێن، ئەوا یەك وشەیە و دەبێت وەك یەك وشە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. هەندێکی تر پێی وایە کە هاوواتا لە زماندا یەکێکە پێویستییەکانی قسەکەر لە دەربڕین و گفتوگۆکردندا بۆ زیاتر دەرخستنی توانای ئاخێوەر. هەرچەندە هاوواتایی لە فێربوونی زمانی دووەمدا ئاستەنگ دروستدەکات، بەڵام لای قسەکەرێکی زمانێك گرنگە و یەکێکە لە پێویستییەکان بۆ دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمان و بۆ جوانووسی و ڕەوانبێژی لای قسەکەران.

## (1/2-1-2-5-1) هۆکارەکانی درووستبوونی هاوواتایی

دەتوانین بە چەندین شێوە ئەو وشانە دیاری بکەین کە بە هاوواتا دادەنرێن:

1. دروستبوونی وشەی هاوواتا بەهۆی دوو دیالێکتی زمانێکەوە، بە تایبەتی ئەگەر هەردووکیان لەو ناوچەیەدا بەکاربهێنرێن. بۆ نموونە:

- خواردن=ئاش
- شوتی=شامی
- گەنمەشامی=شامداری=زورات

- **دووگرد + بەڕماڵ**

- **پوور = پلك**

- **خاڵ = خاڵۆ**

- **مراغ = کەوچك**

**هەندێجار لە نێوان زارەکاندا بە هۆی گۆڕانی فۆنەتیکی لە وشەکەدا، دوو وشەی هاواوتا دروستدەبێت**

- **پا = پێ**

- **جومعە = جوحمە**

2. **بەهۆی شێوازەوە، واتە هەندێجار بۆ ڕێزگرتن دەتوانرێت وشەیەکی هاوواتا بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە:**

- **جەنابت=بەڕێزت=تۆ**

- **فەرموو=بڕۆ**

3. **هەندێجار باری دەروونی و جێگە خۆشکردن بۆ قسە وادەکات کە وشەی هاوواتا زۆر بەکاربهێنرێت، بە ڕەچاوکردنی باری دەروونی کەسەکە، بۆ نموونە:**

- **وەفاتی کرد=مرد**

- **سەرەتان=دەردەپیسەکە**

- **سورێژە=موبارەکە**

- نابینا=کوێر

4. بەهۆی هاتنی وشەی بێگانە لە زمانێکەوە بۆ زمانە بنەڕەتییەکە، کە ململانێ لەگەڵ وشە بەڕەتییەکە دەکات و دەبنە هاوواتا چونکە ((گەشەکردنی زمان تەنها بە بێ کارکردنی زمانی دەوروبەر ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە پێشکەوتنی زماندا))[] ، هەندێ لە وشەکان وەك خۆیان بە هەمان فۆنەتیك، بەڵام بە ڕێنووسی کوردیی هاتونەتە زمان بەڵام لە هەلومەرجی جیاوازدا بەکاردەهێنرێت. بۆ نموونە:

- جامیعە=زانکۆ

- مووچە=معاش

هەندێکی تر چوونەتە ژێر کاریگەریی ڕێسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی و بە شێوەیەك گۆڕاون ڕەنگە قسەکەری زمانە وەرگیراوەکە خۆی نەیناسێتەوە، بۆ نموونە:

- ئەرز = عەرد = زەوی

5. دارا حەمید پێی وایە هەندێجار وشە هاووتاکان بەهۆی کاتێکی دیاریکراو یان شوێنێکی دیاریکراووە هاوکات لەگەڵ دیاردەکەدا دروستدەبن[] ، بۆ نموونە:

(عەرعەر) و (نوگرەسەلمان) دەبنە هاوواتای (ئەنفال)

(بەهاری 91) و (ڕاپەڕین)

---

[] . حاکم مالك (1980: 65)

[] . دارا حەمید (2010: 99)

**(4/9) و (ڕزگارکردنی عێراق)**

**(سەرای ئازادی) و (17/ی شوبات)**

## (2-5-2-1/2) جۆرەکانی هاوواتایی

1. **هاوواتای تەواو: ئەگەر دوو وشە هەمان دابەشکردنیان هەبوو هەروەها شیاوی ئەوە بوون کە بە تەواوی لەبری یەك بەکاربهێنرێن لە هەموو چوارچێوەیەکدا ئەوا ئەو دوو وشەیە هاوواتای تەواون. هەرچەندە هەندێك لە زمانەوانەکان خۆیان باوەڕیان بە بوونی هاوواتای تەواو نییە، جگە لە هەندێ زاراوەی پزیشکی، یان ئەو وشانەی لە دوو دیالیکت دەبنە هاوواتای یەکتر.**

2. **هاوواتای بەشیی/ کەمەکی: ئەگەر دوو وشە لە زمانێکی تایبەتدا هەمان بەکارهێنانیان هەبوو، توانای ئەوەیان هەبوو لە هەمان ڕستەو ئاخاوتندا لەبری یەك بەکاربێن ئەوا هاوواتای کەمەکین، زۆربەی زمانەوانەکان لەسەر ئەمە کۆکن، چونکە پێیان وایە وشە هاوواتاکان لە هەموو دەوروبەرێکدا لە شوێنی یەك نایەن، بەڵکو لە چەند چوارچێوەیەکدا لە شوێنی یەك بەکاردێن، بۆ نموونە:**

**بەربوو=ئازادبوو**

**پیاوەکە بەربوو= پیاوەکە ئازادبوو (لێرەدا هاوواتان)**

- **سۆندەکە بەربوو $\neq$ سۆندەکە ئازاد بوو٭ (هاوواتا نین، چونکە لە ڕستەی دووەمدا هاوواتا نین)**

- **کوردستان ئازادبوو ≠ کوردستان بەربووە (هاواواتا نین، چونکە لە ڕستەی دووەمدا هاوواتا نین)**

**چاك = باش**

- **ژنی چاك = ژنی باش (لێرەدا باش و چاك هاواواتان)**
- **سەرچاككردن ≠ سەرباشكردن (لێرەدا هاوواتا نین)**
-

## (2/2) كێڵگەی واتایی و چەشنی نموونەیی[1]

**تیۆری چەشنی نموونەیی پێناسە و شیکردنەوەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بەهۆی جیاوازی بیروڕاکانەوە، یەکێك لەو لێکۆڵینەوانە هی (Eleanor Rosch) و هاوڕێکانێتی، کە پێشنیازیان بۆ ئەم تیۆرە کردووە، بریتییە لە مۆدێلێکی کۆمەڵە وشە کە پێکەوە دەردەکەون و چەقێك یان لوتکەیەکیان هەیە، بۆ نموونە لە پۆلی باڵندە، لە ژێر باڵی هەریەك لەمانە کۆمەڵێك وشە کۆدەبێتەوە، کە ئەندامەکانی گروپەکەن، ئەم گروپە خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندییە، مەرج نییە هەموو ئەندامانی کێڵگەکە، هەموو تایبەتمەندییەکانیان تێدابێت، بەڵام ئەوەی زۆرترین تایبەتمەندی تێدایە، ئەوە زوتر دێتە پێشەوە و دەکرێتە چەشنی نموونەیی. واتە وشەکانی ناو کێڵگەیەك لە هەمان ئاستدا نین و زۆرجار لە نێوانیاندا پلەبەندی هەیە ، هەیانە بنەڕەتییە و هەیانە لاوەکییە، وشە بنەڕەتییەکان بەکارهێنانیان سنوردار ناکرێت بۆ یەك جۆر، بۆ نموونە:**

---

1 . بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی چەشنی نمونەیی، بڕوانە: (http://beta.visl.sdu.dk/visl/da/info/prototype_project.html) و ( John I Saied, semantics, 2009,73) ( Meaning and Cognition224) (محەمەدی مەحوی، زانستی هێما، واتاو واتا لێکدانەوە، 2009 ) (Sebastion Lobner,2002:176-182)

لەبەکارهێنانی ڕەنگەکاندا ڕەنگی سوور بنەڕەتییە، ماشوبرنجی لاوەکییە لەبەر ئەوەی سوور بۆ هەموو شتێك بەکاردێت بەڵام ماشوبرنجی تەنها بۆ قژ بەکاردێت.

ئەم وشە بنەڕەتییانە لای قسەکەری زمانەکە ڕوونە و پێشبینی واتاکەی لە بەشەکانی ترەوە ناکرێت، لەبەر ئەوەی یەکەمیان بەرپرسە لە پەیوەندییە گرنگەکانی ناو کێڵگەکە. جیاکردنەوەی ئەم دووجۆرەش دەتوانین بە پێی چەند پێوەرێك پێشبینی بکەین:

1. پێوەری ( Berlin & Kay )

بە پێی ئەم تیۆرە وشە سەرەکییەکان وەکو لێکسیمێك دەردەکەون و سنورەکەی دیاری دیارناکرێت، وەك نموونەی ڕەنگی سوور. ئەمانەش لای بەکارهێنەرانی زمانەکە دیارترن، بەڵام واتاکانیان ڕوون نییە، واتاکەشی لە دانەیەکی تری کێڵگەکەدا نادۆزرێتەوە.

2. پێوەری ( Montageue & Batting )

ئەم پێوەرە لەسەر بنەمای پلەبەندی کاردەکات، کاتێك داوا لە کۆمەڵە کەسێك دەکەیت لیستێك وشە کە سەر بە یەك کێڵگە بن ڕیزیان بکات، ئەو وشانەی زۆرتر دووبارە دەبنەوە ئەوانە وشەی بنەڕەتین، ئەوانەش کە یەکجار دەردەکەون ئەوا وشەی لاوەکین.

کۆمەڵێکی تر پێیان وایە گروپەکان بە پێی تایبەتمەندی مێشکی مرۆڤەکان جیابکرێنەوە، بۆ نموونە لە گروپی (باڵندە) ، (چۆلەکە و کۆتر)ی تێدایە، ئەوەی لەمان بچێت ئەوا لای مرۆڤ بە باڵندە دادەنرێت.

کۆمەڵێکی تر پێیان وایە کە پەیوەندی لە نێوان زانیاریی زمانەوانی لەگەڵ زانیاریی ئینسکلۆپیدی گشتی هەیە، دامەزرێنەرانی ئەم بیرە پێیان وایە قسەکەران هەندێ بیروبۆچوونی تایبەتییان هەیە لەسەر ژیان، لەسەر بنەمای تاقیکردنەوەی خۆیان و ئاستی ڕۆشنبیرییان، بەڵام هەندێجار ئەم بیروبۆچوونانە بەدەستهێنراوە،

بنەمایەکی زانستی نییە، بۆ نموونە لەناو کێڵگەی (ڕەبەن)، (پاپا) یەکێکە لە ڕەبەنەکان، بەڵام بە دەگمەن دێتە مێشکی قسەکەر وەکو نمونەیەکی ڕەبەن. چونکە زانیارییەکانی ئێمە بۆ وشەکان، بەشێکی فەرهەنگییە و بەشەکەی تری پەیوەندیی بە زانیاری و رۆشنبیری گشتییەوە هەیە.

تیۆری چەشنی نموونەیی سەرەتا بۆ شتە بەرجەستەکان دامەزرا، بەڵام لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخست کە مەرج نییە هەموو کات بەرجەستە بێت، بۆ نموونە (کارەکان)، لە کارەکانی وەك (خۆکوشتن، خۆتەقاندنەوە، سەربڕین، لە سێدارەدان، کۆشتن، قوربانیدان،....) هەموویان نموونەی (کوشتن)ن.

## (3/2) کێڵگەی واتایی و میتافۆر:

میتافۆر بەشێکی سەرەکییە لە قسەکردنی ڕۆژانەماندا، سەرچاوەی هاوواتایی و فرەواتاییە، دەربڕی هەستە ناوەکییەکانە، هۆکارێکە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی لە زاراوەدا، هەروەك رومان جاکۆپسن دەڵێت: ((میتافۆر لە توانایدایە گۆڕانکاری و جێگۆڕکێ لە پانتایی کێڵگەی واتاییدا بکات، هەر وشەیەك یان دەربڕاوێك پەیوەستە بە کێڵگەیەکەوە، کە خۆی دایمەزراندووە، بیر بەلای ئەو واتایەدا دەڕوات کە توانای هەیە ببێت بە میتافۆر))[1]، چونکە قسەکەری زمانەکە بە سەلیقەی خۆی بۆی دەردەکەوێت کە واتاکە میتافۆرییە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی واتا بنەڕەتییەکەی لە بەکارهێنانی ڕۆژانەدا باوە، هەرکاتێك لەو واتایە لابدات ئەوا میتافۆرییە. ((قسەکەر لەپاڵ گەیاندنی مەبەستی سەرەکی گوتنەکان(واتای هۆشەکی و ئاوەزی)دا، کۆمەڵێك چشتی جیاوازی دیکەش دەگەیەنێت، لەوانە (گلەیی، توانج، ڕێز، هتد.....))[2].

---

1. لیلی ال حماد (1427هـ : 1) وەرگیراوە لە (ابوحمدان سمیر: 1991: 186)
2. بێستون حسن احمد(2010: 190)

ئەو وشەیەی دەیخوازین بۆ واتا میتافۆرییەکە، خاوەنی کۆمەڵێك نیشانەی واتاییە، بەڵام لە ناویاندا یەکێکیان زاڵترە، بۆیە بەکارهێنانە میتافۆرییەکە بەم نیشانە زاڵە دیاری دەکرێت، چونکە لێکچوونەکە لەگەڵ ئەمەدا دروستدەکرێت. هەروەك ئەلبیر هنری وتوویەتی ((بیر لە میتافۆردا بەدوای کێڵگەیەکدا دەگەڕێت ، بەڵام بەهۆی یەکێك لە واتاکانییەوە کە ئەویش نیشانە زاڵەکەیەتی))[1] . ((LEVIN) یش پێیوایە ئەوەی لە میتافۆردا ڕوودەدات نیشانەیەکی واتایی دەگوازرێتەوە و نیشانەیەکی واتایی دیکەش کە بەها دەکرێت))[2] . چونکە وشەکە لە بنەڕەتدا خاوەنی کۆمەڵێك نیشانەی جیاکەرەوەیە، لە ناویاندا یەکێکیان زاڵترە، بۆیە بەکارهێنانە میتافۆرییەکەی بەم نیشانە زاڵە دیاری دەکرێت، چونکە لێکچوونەکە لە سیفەتە زاڵەکەدا دروستدەکەین، ((واتا خوازراوەکە لەسەر بنەمای لێکچوون لە نێوان دوو جەمسەردایە کە هەریەکەیان بنەمای خۆی پێ شیدەکاتەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو واتایەك ئەم دوو جەمسەرەی کۆنەکردەوە ئەوا ناتوانن لە کێڵگەکە دووربکەونەوە))[3] ، کەواتە بە دروستبوونی واتا میتافۆرییەکە وشەکە بە واتایەکی تر دەچێتە کێڵگەیەکی ترەوە، بۆیە لە میتافۆردا بۆ وشەیەك دوو کێڵگەی واتایی دروستدەبێت، یەکێکیان ئەوەیە وشەکەی لێوەرگیراوە، ئەوەی تریان ئەوەیە تیایدا بەکارهێنراوە، ((بەکارهێنانی وشە بە واتای میتافۆری و فەرهەنگی زمانەوانە تەقلیدییەکان بە چەمکی AEUEUGMAN ناویان بردووە، ئەمەش حاڵەتێکە

---

1. بێستوون حسن احمد (2012، 190)
2. بێستوون حسن (2010، 108) وەرگیراوە لە (FINCH 2005 161 )
3. لیلی ال حماد (1427:2) وەرگیراوە لە (لاکوف و جونسون 1980، 16)

کە تیایدا وشەیەك لەگەڵ دوو وشەی دیکە دێت، یەکێکیان واتای میتافۆرییە و ئەوی دیکەیان واتای فەرهەنگییە، زمانیش ڕێگە بەم پێکەوەهاتنە نادات ))[1] ، کەواتە ((میتافۆر: پرۆسەیەکە، تێیدا وشەیەك لە کێڵگەیەکی واتایی دیاریکراوەوە بۆ کێڵگەیەکی واتایی دیکە دەگوازرێتەوە))[2] .چونکە لە میتافۆردا((دوو کێڵگەی واتایی لەکاردان، یەکێکیان ئەوەیە کە وشەکەی لێوە وەرگیراوە، ئەوەی تریان ئەوەیە کە تیایدا بەکارهێنراوە))[3] کەواتە بە شێوەیەکی گشتی وشە واتایەکی جێگیری نییە، چونکە زۆرجار دەبێتە خاوەنی واتایەکی میتافۆری، ئەمانەش دەوروبەر و سیاقی قسەکە دیاریدەکەن و پەیوەندیی بە کلتوری خاوەن زمانەوە هەیە.

بەڵام لەم خواستنەدا دوو کێشە دێتە پێشەوە:[4]

یەکەم/ دیاریکردنی نیشانە واتاییەکان، چونکە وشەکە پەیوەست دەبێت بە دەوروبەرەکەیەوە، جا زمانی بێت یان کۆمەڵایەتی، هەروەها ئەو کەسەی خواستنەکە دروستدەکات، هەروەها ئەوەش کە دووبارەی دەکاتەوە.

بەلام لە نیشانەکاندا کۆمەڵێك هەیە کە پێی دەوترێت نیشانەی سەرەکی، ئەمە خاڵی گونجاندنە، بەڵام نیشانە لاوەکییەکان ئەوە بە پێی دەوروبەرەکە دەگۆڕێت.

دووەم/ چۆنیەتی گونجاندنی نیشانەکان لەگەڵ وشەکەدا، واتە دیاریکردنی نیشانە سەرەکی و لاوەکییەکان و ئەوانەی لە وشەکەوە نزیکترن بە پلەبەندی. ئەم

---

1. بێستون حسن (2012، 108) وەرگیراوە لە ( palmer 1976:67)
2. پێشوو (وەرگیراوە لە FINCH 2005 161)
3. د.بێستون 2011،190
4. لیلی ال حماد(1427، 6)

**کارەش پێویستە زۆر بە وردی دیاری بکرێت بە هۆی ئەو ڕستەیەوە کە بۆ واتا خواستراوەکە و دەوروبەرەکە و پەیوەندی وشەکان لەگەڵ یەکتردا دەردەبڕڕێت. کەواتە نووسەر لە خواستنی وشەدا داهێنان ناکات، بەڵکو تەنها دەگەڕێت بە دوای نیشانە زاڵەکەدا لەو وشەیەدا، ئەمەش لە چوارچێوەی یاسای کۆمەڵایەتیدا.**

## (4/2) کێڵگەی واتایی لە دەقدا:

**هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا کێڵگەی واتایی ئاماژە بۆ ئەو کۆمەڵە وشەیە دەکات کە پێکەوە خێزانێك پێکدەهێنن، لەسەر بیری چەمکە گشتییەکان دامەزراوە، بەڵام لە پەیوەندیدا بە دەقەوە مەبەستمان لەوەیە کە نووسەر دەتوانێت بۆ جوانکاری نوسینەکەی یاری بە وشەکان بکات، بە هاوکاری وشەکانی هاوڕێی لەو کێڵگەیەدا یان یەکێکی تردا، ئەمەش بەهۆی شارەزاییەوە دێت لە وشەکانی زمان و ئاڵوگۆڕکردنیان ((لێکۆڵینەوەی کێڵگەی واتایی زۆر بە بەرهەمە بە تایبەتی لە مەیدانی ئەدەبدا، وەك نموونەی لێکۆڵینەوەی کێڵگەی واتایی ئەو وشانەی نووسەرێك یان ڕەگەزێکی ئەدەبی بەکاریدەهێنێ، نووسەرەکە دەگەڕێت بە دوای واتاکانی یەك وشەدا لە یەك وتاردا، یا چەند وتارێکی دیاریکراودا))[1]. لێرەدا لێکۆڵینەوە لە وشەکان دەکرێت بە پێی ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ وشەی تردا هەیەتی.**

**لە لایەکی ترەوە دەتوانرێت کێڵگەی ئەو وشانە دیاری بکرێت کە نووسەرەکە زۆر دووبارەی دەکاتەوە، پاشان شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ نووسەرەکە یان سەردەمەکەی یان حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکەی دەکرێت.**

---

1. أحمد عزوز(2002:14)

لە لێکۆڵینەوەی کێڵگەی واتایی لە دەقدا ئەو کارە دەبینین کە ( Pierre guiaraud) لەسەر وشەی جەهەنەم(Gouffre) لە دیوانی ( Les flears dumai) ئەنجامیداوە بۆ هەموو ئەو سیمایانەی پێوەی پەیوەستن، وەك (ڕەشیی، تاریکی، زۆرتاریك، ترسناك)، هەروەها گەڕا بەدوای ئەو وشانەی کە هاوتایەتی یان دژیەتی، بۆ نموونە (دۆزەخ)، بۆی دەرکەوت کە دیوانەکە بە پلان و ڕیزبەندی دانراوە[1].

محمد عبد لە کتێبی (اللغة والأبداع الأدبي)دا، بەشێکی تەرخانکردبوو بۆ (حقول السياب الدلالية)، پێی وایە فەرهەنگی شیعرەکانی سیاب جیاواز نییە لە شاعیرە ڕۆمانتیکییەکان، کە دوالیزم بەکاردەهێنن، یەکەم وێنەش ئەوەیە کە ڕیبازی ڕۆمانتیك فەرزی دەکات لە هێزی خۆشەویستی و مردن[2]. زۆرجار لێکۆڵەر دەگەڕێت بە دوای واتاکانی چەمکێکدا لە بەرهەمەکانی نوسەرێکدا، وەك مۆنتیڤێك، واتاکانی ئەو وشەیە لەچەند دەقێکدا یان چەند بەرهەمێکدا شیدەکاتەوە، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجێك کە لێکۆڵەر لە باسەکەیدا ئاماژەی پێدەکات.[3]

## (4/2) کێڵگەی واتایی لە فێربوونی زمانی دووەمدا

---

1. أحمد عزوز (2011،75)
2. سەرچاوەی پێشوو
3. نمونەی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە لە نامەی ماستەرو دکتۆرای ئەدەبدا بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە: (انور قادر جاف، مۆتیڤی پاییز لە شیعرەکانی بێسارانیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی: 2007) (سەبوور عبدالکریم، چەمکی ژیان و مردن لای : نامەی دکتۆرا، 2013) (صبورعبدالکریم، ڕەنگدانەوەی دنیابینی حەللاج، نامەی ماستەر: )

فێربوونی وشە، ناوەڕۆك و بنچینەی بەدەستهێنانی زمانی دووەمە، ((زماننـاسی بەریتانی (wilkins) دەڵێت بە بێ ڕێزمان کەم شت دەتوانرێت بوترێت و بگوێزرێتەوە، بەڵام بە بێ وشە هیچ شتێك ناتوانرێت بوترێت و بگوێزرێتەوە)) .

پرۆسەی فێرکردن هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە بە وشە و ئاشنابوون بە وشەکان دەستپێدەکات، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مێشکی منداڵ ڕێسا و یاساکانی زمانی تێدایە، بەڵام بە وشەکانی زمانێکی گونجاو ئەو کەلێنانە پڕدەکاتەوە ((منداڵان لە کاتی لەدایکبوونیاندا ژوورێکی زۆر گەورەیان هەیە، کە ڕێکخراوە بە ڕەفەی چۆڵ، هەر کاتێك منداڵ فێری وشەیەك دەبێت، ئەو وشەیە لە ناو ڕەفەکەدا و لە شوێنێکی چۆڵدا دادەنێت، پێشتریش ئەو زانیارییانەی بە شێوەیەکی بایلۆژی پێبەخشراوە، کە چەند وشەیەکی دیاریکراو پێویستە لە ڕەفەیەکدا دابنرێت)) .

ئایچسن لەوبارەیەوە دەڵێت: ئەو وشانەی کە لای منداڵ لە ڕووی واتاییەوە پێکەوە پەیوەستن، دەچنە هەمان شوێنی تۆمارکردنەوە ((ژمارەی ئەو وشانەی کە منداڵێکی تەمەن شەش ساڵ دەیانزانێت، بە چواردەهەزار مەزەندە دەکرێت، لەناو ئەم وشانەدا وشەی پێکەوە گونجاو هەن کە تۆڕی بابەتی دروستدەکەن )) . کەواتە پرۆسەی فێربوونی وشە هەر لە منداڵییەوە دەستپێدەکات و جیاوازیی فەرهەنگی ئاوەزیی منداڵێك و پێگەیشتوویەك لە ڕووی ژمارەی ئەو وشانەوەیە کە فێری دەبێت، ئەمەش بە کاریگەرییە دەرەکییەکان دەناسرێت.

---

. Guo changhong (2010: 51)

1. بێستون حسن احمد (2012: 27)


. Jean Aitchison (1990:95)

. بێستوون حسن احمد (2012، 230) وەرگیراوە لە (Hayley Gantalbot:2003: 144)

**لە کاتی فێربوونی زمانی دووەمدا بە هەمان شێوە مرۆڤ هەوڵدەدات ئەو وشانەی کە فێریان دەبێت، بیانخاتە شوێنی تایبەتی خۆیان، جا ئەگەر هاتوو ئەو وشانە بە کۆمەڵ بێت و لەگەڵ هاوڕێ و نزیکەکانی بێت، ئەوا پرۆسەی فێربوونەکە خێراتر و ئاسانتر دەبێت.**

**لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەیەك لە وڵاتی چین لە لایەن** (Brown, Kay)**، بە شێوەی تاقیکردنەوە لە نێوان دوو گروپ خوێندکار بۆ فێربوونی هەمان کۆمەڵە وشە ئەنجامدراوە، بەڵام بە میکانیزمی جیاواز. کۆمەڵی یەکەمیان لەسەر شێوازە تەقلیدییەکەیە ، واتە بە ڕێگای ڕێزمان و وەرگێڕانی وشەکان بوو، بەڵام گروپی دووەم لەسەر شێوازی کێڵگەی واتایی فێردەکران بەم قۆناغانەی خوارەوە:**

1. **سەرەتا داوا لەو کۆمەڵە خوێندکارە دەکرێت کە لە بارەی بابەتێکەوە چ بیرۆکەیەکیان هەیە بە وشە بەرجەستەی بکەن، واتە ناونیشانی بابەتێکیان پێدەدرێت بۆ ئەوەی کۆمەڵێك وشە لەوبارەیەوە بنوسن، بۆ نموونە:**



لێرەدا خوێندکارەکان کێڵگەیەکی واتایی پەیوەندیدار بەو بابەتە دروستدەکەن، خولیایان بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتنی ئەو دەقە زیاتر دەبێت کە لە بارەی ناونیشانە داواکراوەکەیە، ئەمە سەرەتای فێربوونی وشەیە لەم بەشەدا.

2. لەم قۆناغەدا خوێندکارەکان پەرەگرافێك دەخوێننەوە لەبارەی ناونیشانی داواکراو، وشەی نوێ دێتەبەرچاویان و هێڵی بە ژێردا دەهێنن، بۆ ئەوەی خوێندنەوە و نوسینی دیاری بکەن، چونکە لێرەدا کێشەی ئەو وشانەیان بۆ دروستدەبێت کە هەمان خوێندنەوە یان هەمان نوسینیان هەیە، بەڵام پێویستە دیاری بکەن.

3. ئەم قۆناغەیان بریتییە لە بنیاتنانی کێڵگەیەکی واتایی بە پەیوەندیی جیاواز، چونکە هەنگاوی سەرەکی جێبەجێکردنی تیۆری کێڵگەی واتایی لە فێرکردنی وشەدا بریتییە لە بنیاتنانی کێڵگە واتاییەکان، خوێندکارەکان زانیارییە نوێکان لەگەڵ ئەوانەی کە پێشتر پێیان ئاشنان لە کێڵگەکەدا کۆدەکەنەوە بۆ زیاتر ئاشنابوون بەو وشانەی واتاکەی نازانن، مامۆستاکە پێویستە وشەی گونجاو بدۆزێتەوە بۆ چەسپاندنی کێڵگەی وشە نوێکان. لێرەشدا کۆمەڵە نیشانەیەکی واتایی بەکاردەهێنێ بۆ ناسینەوەی پەیوەندییەکانی نێوان دانە فەرهەنگییەکان لە کێڵگەیەکدا. لێرەشدا مەبەستی سەرەکی لەو نیشانانەیە کە ئاشکرا و جیان. مامۆستاکە ئەو وشانە هەڵدەبژێرێت کە دەگەڕێنەوە بۆ هەمان کێڵگە، چونکە بەشێك لە واتاکان هاوبەشە لە نێوانیاندا، کە ئەمەش بۆ

خوێندکار ئاسانترە بۆ فێربوون. فێرکردنی وشە بەم جۆرە کات و وزە بەفیڕۆ نادات.

4. چەسپاندن لە کاتی شیکردنەوەی دەقدا:

وشە بریتییە لە یەکەی بنەڕەتی لە دەقدا، پێکهاتەی دەقەکە بریتییە لە پرۆسەی خستنە تەك یەکی وشە بۆ دروستکردنی ڕستە و پەرەگراف و پاشان دەق. بەڵام ئەم پرۆسەیە هەر پرۆسەی ئاسانی کۆکردنەوەی وشە نییە، بەڵکو پرۆسەی هەڵبژاردنی واتایە لە پەیوەندییە جێنشینی و تەکنشینییەکەیدا، ئەو کێڵگەیەی کە پێشتر بنیاتنرابوو دەتوانرێت بچەسپێنرێت.

5. پێداچوونەوەی زنجیرەی وشە:

خوێندکارەکان دەبێت هەلی ئەوەیان پێبدرێت کە وشەکانیان لەسەر شێوازی خۆیان دەربڕن بەبەکارهێنانی هێڵکاری یان پۆلێن کردن، ئەم ڕاهێنانە بەکاردێت بۆ چەسپاندنی وشە نوێکان.

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بەم شێوەیە بوو:

1. بەبەکارهێنانی ئەم شێوازە وشەکان زووتر دەچنە بیرکردنەوەی خوێندکارەکانەوە.
2. وشەکان زووتر لەبەردەکرێن.
3. باشتر فێری خوێندنەوەیان دەبن.

4. مەودای واتاسازیی خوێندکار فراوانتر دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی خراپی ئەم توێژینەوە ئەوەیە قورسە وشە بدۆزینەوە کە پەیوەندیی بەو کێڵگەیەوە هەبێت، هەندێجار تێکەڵییەك دروستدەبێت بەهۆی ئەوەی ژمارەیکی زۆر وشە لە هەمان کاتدا دروستدەبن.

دەتوانین بەسوود وەرگرتن لەم توێژینەوەیە و تیۆری کێڵگە واتاییەکان وەك پرۆژە و بەرنامەیەك دابنێین لە پرۆسەی فێرکردندا، بە تایبەتی لە فێربوونی زمانی دووەمدا ((چونکە تیۆری کێڵگە واتاییەکان لە وەرگێڕان و فەرهەنگە دوانییەکاندا بەبەرهەمە، یارمەتی لێکۆڵەر دەدات بۆ لێکۆڵینەوە لە وشەیەك لە نێوان کۆمەڵە وشەیەکدا، واتە وشەکان بە شێوەیەکی پەروەردەیی ڕیزدەکات کە لە مێشکی خوێندکارەوە نزیك بێت))[1].

بۆ نموونە سەرەتا چەند کێڵگەیەکی گرنگ بە وشەکانەوە، وەکو قۆناغی یەکەم دەخرێتە بەردەمی فێرخواز ، بە وردبونەوە لە هاوڕێیەتی نێوان ئەم وشانە و لێکدانەوەی واتاکانیان، خوێندکار دەتوانێت زووتر لە وشەکان تێبگات. ئێمە لێرەدا چەند کێڵگەیەکی گرنگ وەك نموونە دەخەینە بەرچاوی لێکۆڵەری داهاتوو بۆئەوەی کار لەسەر ئەم پلانە بکرێت:

1. کێڵگەی وەرزەکانی ساڵ (بەهار، هاوین، پاییز، زستان).
2. کێڵگەی ڕۆژەکانی هەفتە (شەممە، یەکشەممە، دووشەممە، سێشەممە، چوارشەممە، پێنجشەممە)

---

1. أحمد عزوز (2011: 87)

3. ڕەنگ، سەرەتا هەر حەوت ڕەنگە سەرەکییەکە (سوور، پرتەقاڵی، زەرد، شین، سەوز، مۆر، نیللی)، پاشان ئەو ڕەنگانەی کە ڕەنگدانەوەی کلتوری پێوە دیارەی (پەمەیی، وەنەوشەیی، شێلم بەترشی، خۆڵەمێشی، ماشوبرنجی، ئەرخەوانی، پەمەیی، شینی ئاسمانی، شینی پیرۆزەیی، ڕەشی قەترانی، جەرگی یا جگەری، شینی قەزوانی، شینی چویتی، سەوزی گیایی، سەوزی بەیاخی، سەوزی پیرۆزەیی، سەوزی قەزوانی، سەوزی عەسکەری، خاکی،..... )

4. بۆنە و یادەکان (بڕوانە بەشی سێهەم)

5. ناوی ئەندامی خێزان و کەسوکار (بڕوانە بەشی سێهەم)

6. کەرەستەکانی ناوماڵ (سەلاجە، موجەمیدە، تەلەفزیۆن، موبەوریدە، ئوتوو، تەباخ، فەرش، کەوانتەر، تاقمی یوان، تاقمی نوستن، مێز، ئاوێنە، بەڕراد، نوێن، ئاوێنە، غەسالە، کانتۆر، تاقمی میوان، تاقمی نانخواردن، تاقمی نوستن، تەنکەری نەوت، سپلیت، عەلادین، زۆپا، پانکە، گسکی دەست، گسکی کارەبایی، میزوکورسی نانخواردن، جۆلانە، سەعاتی دیوار، پەردە، قاپوقاچاغ، گوڵ، ئینجانە، تابلۆ، سەتڵی خوڵ، نوێن، سەرین، دۆشەك، بەتانی، لێفە، چەرچەف/ گۆشە، فڕن، مایکرۆ، عەسارە، ستلبێت، مەکینەی گۆشت، ماتۆری ئاو، سەتڵ، خاکەناز، سیسەم،........)

دەتوانین کەرەستەکانی ناوماڵ بەم شێوە فەرهەنگییە ڕیز نەکەین، بەڵکو بە شێوە کێڵگەی سەرەکی و لقە کێڵگەکانی:


1) کەرەستە کارەباییەکان (غەسالە، سەلاجە، گسکی کارەبا،......)

2) کەرەستە سەرەکییەکان (تاقمی نوستن، تاقمی میوان،.......)

3) کەرەستەی جوانکاری (تابلۆ، سەعات، ئینجانە،.....)

4) ئەو کەرەستانەی بەشێکن لە پێکهاتەی خانووەکە (گلۆپ، سورەیا، .....)

5) کەرەستەی چێشتخانە (قاپوقاچاغ، سدەستگرە، کەوانتەر،.....)




یان بەم شێوەیە پۆلێنی بکەین


1) کەرەستەکانی ژووری نوستن

2) کەرەستەکانی ژووری نانخواردن

3) کەرەستەکانی چێشتخانە

4) کەرەستەکانی ژووری دانیشتن

5) کەرەستەی تر




7. **شوێنە گشتییەکان (مزگەوت، قوتابخانە، بازاڕ، مارکێت، مۆڵ، باخچەی گشتی، پارکی ئازادی، چاڤیلاند، ئەزمەر، دەباشان، دارەسووتاوەکە، زانکۆ، پەیمانگا، پارکی گەڕەکان، پارکی گشتی، پارکی ئازادی، پارکی دایك، کەنیسە، بەنزینخانە، هۆڵی لەشجوانی، مەلەوانگە، چێشتخانە، کافتریا، چایخانە، کتێبخانە، دوکانی شیرینی و ساردەمەنی، فاست فود، دوکانی جلوبەرگ یا پۆشاك، کەمالیات، بلیارد، دوکانی جانتاو پێلاو،....)**

8. **هۆکارەکانی گواستنەوە (پاس، تەکسی، ئوتۆمبێلی تایبەت، شەمەندەفەر، میترۆ، تراموای، تەیارە، پەرەشوت، بەلەم، ماتۆر، کەشتی، ژێر دەریایی،.....)**

9. **سڵاوکردن (چۆنی، باشی، بەیانیت باش، ئەم کاتەت باش، ماندوونەبی، خوا قوەتتان بات، سڵاوتان لێبێت، سەلام، سڵاو، های، چاکی، بەیانیت باش، نیوەڕۆت باش، سیحەتت، ئەحواڵت، مەرحەبا، شەوتان باش، ئێوارەتان باش،......)**

10. ژماره (یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش، حەوت، هەشت، نۆ، دە، یانزە، دوانزە، سیانزە، چواردە، پانزە، شانزە، حەڤدە، هەژدە، نۆزدە، بیست، بیست و یەك، ..................بیست و نۆ، سی، سی و یەك،............سی ونۆ، چل، چل ویەك، ..........چل ونۆ، پەنجا، پەنجاو یەك،....... پەنجاو نۆ، شەست،..........، شەستونۆ، حەفتا، حەفتاونۆ..............هەشتا،...........نەوەد،............ سەد، ، سەدویەك، .......سەد و دە، ..... سەدوبیست ، .........هەزار، .............ملیۆن، .......... )

11. مامەڵەکردن (بەچەندە، دوو کیلۆ، دانەیەك، سایز/ڤیاس، ڕەنگە پەمەییەکە، دووپاکەت، یەك جووت، کیلۆیەك، 5 دەسك، روبعە کیلۆ، نیو کیلۆ، پاژنە بەرزەکە، فلاتەکە، کراسە درێژەکە، بلووسە تەسکەکە، گرەنتی لەگەڵە؟، پێەکی چەنە؟، بە ڤیست ئەبێ، هی پاکەتتان هەیە؟ تازەتان هەیە؟، هەڵنەپچراوتان هەیە؟، ئەو بەرنامەیەتان هەیە؟، بۆم داتا ئەکەیتەوە؟، ئەسڵەکەم ئەوێ، مارکە، .......)

## (6/2) سوودەکانی کێڵگەی واتایی[*]

1. بنەمایەکی گرنگە بۆ دانانی فەرهەنگ لە ڕوانگەی کێڵگە واتاییەکانەوە.

2. فینچ پێی وایە لە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری دوو زماندا زۆر بەسوودە.

---

[*]. بۆ زانیارییەکانی ئەم پارە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە (سەلام ناوخۆش: 2009) (أحمد مختار: 2006) (Adrenne Lehrer: 1974)

3. گرنگی هەیە لە لێکۆڵینەوەی سیمانتیکی وەسفی و بەکارهێنانەکانی، ئەم تیۆرە دەتوانێت دیدێکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی وشە زمانەوانییەکانبهێنێتە دی.

4. بە وردی واتای وشە دیاری دەکات، بۆ نموونە کاتێك وشەیەك لە کێڵگەیەکدا بە واتایەکەوە بەکاردێت، تەواو بەرجەستەی ئەو واتایە دەکات.

5. دوو زمان کە خاوەن کلتور و ئاینی جودان، یان دەرهاویشتەی دوو کۆمەڵی جودان، وەك وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، هەتا لە لێکسیکە سەرەکییەکانی بوارێکی هاوبەشیدا جودان، ئەمەش لە ڕێکەی کێڵگە واتاییەکانیانەوە دیاریی دەکرێت.

6. لێکۆڵینەوەی واتاسازی و کێڵگەی واتای سەربەخۆ نییە، بەڵکو لەگەڵ مێژووی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری قسەکەران تێکەڵە.

7. دەرخستنی پەیوەندی و ڕووی جیاوازی و لێکچوونی وشەکان کە دەچنە یەك کێڵگەوە و کۆکردنەوەی هەر هەموویان لە ژێر یەك چەمکدا.

8. کۆبوونەوەی وشەکان لەناو کێڵگەیەکدا و دابەشکردنیان، کەلێنی فەرهەنگی دەردەخات، واتە بە دیاریکردنی کێڵگەکان دەتوانین ئەو کەلێنانە بدۆزینەوە، بۆ نموونە لە بەراوردی کێڵگەی مرۆڤ و گیانلەبەر بە پێی ڕەگەز و تەمەن دەردەکەوێت کە ئەو وشانەی لە کێڵگەی مرۆڤدایە، وەك (پیاو، ژن، کوڕ، کچ) لە هەموو زمانەکاندا لە کێڵگەی ئاژەڵ نایدۆزینەوە.

9. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە بۆ هەر بابەتێك كۆمەڵێك وشەمان بۆ كۆدەكاتەوە، هەروەها تایبەتێتی وردی ئەم وشانەمان بۆ دیاریدەكات كە یارمەتی نووسەرێك یان قسەكەرێك دەدات لە كاتی نوسینی بابەتێكی دیاریكراودا، وشەكانی بە وردی هەڵبژێرێت.

10. ئەم تیۆرە یەكەكانی زمان بە شێوەی كۆمەڵ كۆدەكاتەوە، بەمەش بۆچوونی پەرتەوازەییان لە زماندا دووردەخاتەوە.

11. پراكتیزەكردنی ئەم تیۆرە، پێوەرە گشتییەكان و بنەما هاوبەشەكان لە نێوان زمانەكاندا لە پۆلكردنی وشەكانیاندا دیاری دەكات ، هەروەها ڕووی جیاوازیی زمانەكان لەم تایبەتێتیەوە زیاد دەكات.

12. كێشەی هۆمۆنیم و بۆلیزمی[1] چارەسەركرد، كە پێشتر لە فەرهەنگە تەقلیدییەكەدا چارەسەرنەكرابوو، كە جۆری یەكەمیان دابەشدەبێت بۆ چەند كێڵگەیەك بە ژمارەی وشەكانییەوە، بەڵام دووەمیان لە ڕاستیدا یەك وشەیە، ئەو وشانەی دەچنە دوو كێڵگەی جیاوازەوە، ئەوا جودان(هۆمۆنیمی)ن.

13. لێكۆڵینەوەی واتای وشە لەسەر ئەم بنەمایە، لێكۆڵینەوەیە لە كلتور و كۆمەڵگاو بیركردنەوە و شارستانیەت و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان، هەروەها گۆڕان و گەشە لە نێو یەك كێڵگەدا، بریتییە لە لێكۆڵینەوەی گۆڕانی ژیان لای خاوەن زمان.

---

1. هۆمۆنیم: لە دەنگدا وەك یەكن، بەڵام لە نوسین و واتادا جیاوازن.  بەڵام بۆلیزم: وشەیەك بە چەند واتایەك، واتە واتای نوێی بۆ زیاد بووە.

14. ئەم تیۆرە كاری فەرهەنگی لە تاكە كەسییەوە كرد بە كارێكی گشتی، كە بووە هونەر و بە تەنها كاركردن تیایدا گران بوو، فەرهەنگ لەوە دەرچوو كە تەنها وشە ڕیز بكرێت و دەنگ و واتاكەی دیاریی بكرێت، بەڵكو پێویستە ئەو وشانەی كە ڕایەڵی واتاییان هەیە پێكەوە گرێ بدرێن.

# بەشی سێهەم

## کێڵگەی واتایی لەکۆمەڵدا بە نموونەی هەردوو کێڵگەی

## (خێزان و بۆنەویادەکان)

## 1/3 کێڵگەی واتایی و کۆمەڵ

کلتور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی زمانەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێن، لەبەرئەوەی زمان ڕەگەزێکی سەرەکییە بۆ گواستنەوەیان ((زمان گرنگترین ئامرازە بۆ جێبەجێکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتی و بیری و زانستییەکانمان)) ((چونکە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و پێویستە لەسەر ئەو بنەمایەش لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێت)) . ئەم بەکارهێنانە کۆمەڵایەتییانەی زمان کاریگەرە بە شارستانی و فۆڕم و بیروباوەڕ و لایەنە ئاوەزییەکان و پلەی ڕۆشنبیری و چۆنیەتی ڕوانینی خەڵك بۆ ژیان و لایەنە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان، هەموو ئەمانەش لە شێوەکانی دەربڕیندا دەردەکەون و سیمایەکی تایبەتی پێدەبەخشن. ئەم کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەش وایکردووە وشەکان شانبەشانی ئەو گۆڕانکارییە بڕۆن و تەنانەت ((جیاوازی ئاینی و دابونەریتی جیاواز دەهێنێتە کایەوە، ئەو نەتەوانەی کە ئاینییان یەکە، بەڵام ڕێبازیان جیاوازە لە زمانەکەیاندا بە گشتی و لە کۆمەڵە وشەکانیاندا بە تایبەتی ڕەنگدەداتەوە )) . واتە چ لێکۆڵەر و چ قسەکەر ناتوانێت زمان بە دابڕاوی لە کۆمەڵەکەی لێکبدەنەوە ((ناتوانرێت لە زمان و یاساکانی گەشەکردن بگەین بەدەر لە ڕەوتی ئەو کۆمەڵەی لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا قسەی پێدەکەن)) . ئەم دابونەریتانەش کاریگەرییان لەسەر زمانەکە جێهێشتووە بە جۆرێك کە هەریەکەیان

---

. هادي نهر (2002 :7)

. نايف خرما (1978: 107)

. بەهار زاير محمد (2009، 10)

. بۆ نموونە کەسێکی شیعە دەڵێت (یا علی)، بەڵام کەسێکی سوننە دەڵێت (یا الله)

. بێستوون حسن (2012: 204)

. هادي نهر (1988: 18)

((پۆلێنێکی تایبەتی خۆی دەسەپێنێت بەسەر دەوروبەرەکەیدا)). کەواتە دوو زمان کە خاوەنی کلتورو ئاینی جیاوازن وەك ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لە لێکسیمەکانی بوارێکی واتاییدا جیاوازن، لەبەرئەوەی ((ئەم کێڵگانە ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی ژیان و تێڕوانینی خەڵکە)) ((بۆیە ئاساییە ژمارەی بوارەکان و پەیوەندیی واتایی نێوان وشەکانی بوارێك و ژمارەیان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بگۆڕێت)) ، چونکە سروشت و پەیوەندیی کلتوری نەتەوەکان کار لە فراوانی مەودای کێڵگەکان دەکات، ئەم کارلێکەش بە چەند شێوەیەك دەردەکەوێت:

1. کاریگەرییە جێگیرەکان، وەك (نەژاد، توخم، چینی کۆمەڵایەتی،ئاین..)

2. کاریگەرییە گۆڕاوەکان، وەك (خوێندن، تەمەن، ژینگەی کۆمەڵایەتی، هەڵوێستی ئاخاوتن، مۆدێلی قسەکردن،...)

3. کاریگەری دەوروبەر، ئەمەیان پەیوەستە بە بارە کۆمەڵایەتییەکەوە (کارکردن، ماڵ،...) .

کەواتە وشەکان بە پێی ئەم کارلێك و پەیوەندییانە لە مێشکدا تۆماردەبن و بە پێی گۆڕانی کەرەستەکانی دەرەوەی زمان ئەمانیش زیاد و کەم دەکەن ((کێڵگەی واتایی بوارێك دەبێت بۆ نوسینەوەی فەرهەنگی زمانێك)) ، چونکە بەهای وشەکانی زمان لەو پەیوەندییانەوە دێت کە لەناو کێڵگەیەکدا لەگەڵ وشەکانی تر پەیدای دەکات و

---

. أحمد مختار (2006: 49)

. محمد معروف فتاح (1999: 173)

. د.هۆگر محموود فەرەج (1998، 6)

. شاخەوان جەلال فەرەج (2011، 8)

. محمد محمد یونس (2004: 33)

ترایەر ئەم وشانە وەك كۆمەڵێكی یەكگرتوو تەماشا دەكات كە ((بەهای وشەیەك تەنها دەتوانرێت بڕیاری لەسەر بدرێت بە پێناسەكردنی لە پەیوەندیدا بە بەهای وشە دژەكانی و وشە نزیكەكانی)) [] هەربۆیە ترایەر پێی وایە زمانەوانی مێژوویی لەوەدا كەموكوڕی هەیە كە لە مێژووی گۆڕانی وشەیەك دەكۆڵێتەوە بە تەنها لە بری ئەوەی بە تێپەڕبوونی كات لێی بكۆڵێتەوە.

(finch) یش لەو بارەیەوە دەڵێت ((كێڵگەی واتایی بۆ لێكۆڵینەوەی بەراوردی زمانەكان بەسودە)) [] . كەواتە شارەزایی زمانی كەسێك لە دوو شتەوە سەرچاوە دەگرێت:

1. توانای كەسەكە وەك تاكێك لە دەربڕیندا پەیوەست بە بۆماوەییەوە.
2. ئەو ڕێكەوتنە كۆمەڵایەتییەی لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵدا لە بەكارهێنانی زماندا هەیە. []

بۆیە ئەگەر یەكێك بیەوێت زمانی دووەم فێر ببێت، پێویستە لە چوارچێوە كلتوری و كۆمەڵایەتییەكەیدا فێر ببێت بۆ ئەوەی لە زمانەكە تێبگات، بۆ نموونە كەسێك تازە فێری زمانی كوردی بووبێت و ئەم پەندە ببیستێ (هەرچی ڕیشی سووربوو هەمزاغا نییە)، ئەگەرهاتوو ئاگاداری كلتوورەكە نەبێت نازانێت واتای چییە، ئایا هەمزاغا یان ڕیشی سوور بخاتە ناو چ كێڵگەیەكەوە بۆ لێكدانەوەی واتاكەی.

---

[]. John lyonse (1997: 260)

[]. Finch (2000: 178)

[]. شاخەوان جەلال فەرەج (2011، 9)

بۆیه لاینز پێی وایه كه ڕۆشنبیریی جیاواز دەبێته توخمێكی گرنگ بۆ ڕێكخستنی یەكەكانی كێڵگەیەك، ئەمەش له ڕۆشنبیرییەك بۆ یەكێكی تر دەگۆڕێت.

هەروەها به پێی گرنگیپێدانی مرۆڤ و كەلتور و ڕۆشنبیرییەكەی، تەنانەت له ڕیزبەندی دانەكانی كێڵگەیەكیش، بۆ نموونه كێڵگەی وشتر له زمانی عەرەبیدا بوارێكی فراوان دیاریی دەكات، بەڵام كێڵگەی بەتریق له ناوچه ساردەكان و جەمسەرەكاندا فراوانه و كێڵگەی ترێ له فەرهەنگی كوردیدا مەودایەكی فراوانتری هەیه و كێڵگەی خورما له فەرهەنگی عەرەبیدا.

كاتێكیش دانەیەك لەم كێڵگەیه وندەبێت یان ئەندامێكی نوێی بۆ زیاد دەبێت ئەوا كاردەكاته سەر دانەكانی تری كێڵگەكه ((له كێڵگەدا نەك تەنها وشه كۆنەكان وندەبن و وشەی نوێ جێگەیان دەگرنەوە، بەڵكو ئەو پەیوەندییەی له نێوان لێكسیمەكانیشدایه به تێپەڕبوونی كات دەگۆڕێت)).

له دەسنیشانكردنی یەكەكانی كێڵگەیەك كۆمەڵێك كێشه دێته بەردەمی لێكۆڵەر، له دیاریكردنی كێڵگەكه و دانەكانی و پەیوەندییەكانیان، ئایا كێڵگەكان لەسەر بنەمای ڕێكەوتنی كۆمەڵایەتییه یا سەلیقەی نوسەرەكەیە، بۆ یەكەكانیش پێویسته پێوەرێك هەبێت، ئەمەش له زمانێك بۆ زمانێكی تر جیاوازە، پاشان پێویسته ئەوە دیاریی بكرێت كه ئەم كێڵگانه پەیوەندییان به یەكەوە هەیە.

---

. یوسف شریف (2006: 51 )

. John lyonse (1997: 260)

**ترایەر پێی وایە ((یەکەی فەرهەنگی زمانێکی دیاریکراو وەکو زنجیرەیەکی کێڵگە هاوسێکان سەرهەڵدەدات، بێ ئەوەی هیچ کونوکەلەبەرێك یان چونە ناوەوەیەك هەبێت.))**

## 2/3 کێڵگەی خێزان

**لە کۆمەڵگەی کوردیدا خێزان هەر بریتی نییە لە دایك و باوك و خوشك و براکان، بەڵکو بەهۆی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی لە ناو تاکەکانی ئەم کۆمەڵەدا هەیە، خێزانی کوردی زۆر لەوە گەورەترە.**

**پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان رۆژانە دەتبەستێتەوە بە هەموو تاکەکانی خێزانە گەورەکەوە، کە لە نەنك و باپیر دەستپێدەکات تاوەکو تاکە بچوکەکان لە هەر لقە خێزانێکی تردا بێت. ئەم کێڵگەیەی ئێمە هەڵمانبژاردووە هەروەك لە لایەنی تیۆریدا ئاماژەی پێدەکەین، لە چەند کێڵگەیەك پێکدێت لەناو کێڵگەیەکی گەورەتردا، بۆ نمونە کێڵگەی خێزانی (خوشك) لقە کێڵگەیەکە، کێڵگەی (خێزانی مام) لقەکێڵگەیەکی ترە،.... . لەناو لقە کێڵگەکاندا هەیانە تایبەتێتی کۆمەڵایەتی پێوە دیارە بۆ نموونە, لە خێزانی کوردیدا لقە کێڵکەی (خود و هاوسەر) ئەگەر (خود) (+نێر) بێت، ئەوا لقە کێڵگەیەکی تری لێدەبێتەوە کە ژنی دووەم و زیاترە، بەڵام وەك ناوهێنان لەلایەن ژنی یەکەمەوە پێیان دەوترێت (هەوێ و هەنەزا)، بەڵام ئەم لقە لە زمانی ئینگلیزیدا نییە، بەڵکو لقە کێڵگەیەکی تر هەیە کە پێی دەوترێت (x-wife)، واتە ژنهێنان بۆ جاری دووەم، یان کێڵگەی (girl friend). ((پەیوەندی خزمایەتی لە کۆمەڵگادا سەرهەڵدەدات و**

---

. یوسف شریف (2006: 44 )

دەردەکەوێت، لەم ڕووەوە مرۆڤناسەکان لەو باوەڕەدان کە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی خزمایەتی کە لە زمانێکی دیاریکراودا بەدیدەکرێت، بریتییە لە ڕەنگدانەوەی پەیوەندی خزمایەتی لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا)) . هەر لە کێڵگەی خێزاندا، لقە کێڵگەکانی (مام و ئامۆژن) و (خاڵ و خاڵۆژن)... دیاریکراوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان دانەکانی ئەم کۆمەڵە و تێکەڵاوییان، بۆیە زمانەوانەکان ((لە ڕێگای تویێژینەوە هەوڵدەدەن بگەنە شێوەی دروستبوونی بنەماڵە لەو کۆمەڵگایەدا، هەروەها هەڵدەدەن پەیوەندی ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە لە کۆمەڵگادا دەستنیشان بکەن)) .

هۆکاری ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی کلتوری لە نێوان تاکەکانی ئەو دوو کۆمەڵە ((چەمکی خزمایەتی بە پێی کۆمەڵگا لە گۆڕاندایە، لە زمانێکی وەك زمانی (Hawaii) کە دورگەیەکە لە ئۆقیانوسی هێمن، دەبینین بە (باوك و خاڵ و مام) دەڵێن (باوك) و بە کوڕەکانی (خاڵ و مام و پور) دەڵێن (برا)، بە کچەکانی (مام و خاڵ و پور) دەڵێن (خوشك) )) .

ترایەر لەبارەی کێڵگەی واتاییەوە ئاماژەی بەوەداوە کە:

5. فەرهەنگ لە کۆمەڵە چەمکێکی گشتی پێکهاتووە کە ئەمانەش لقیان لێدەبێتەوە و دابەشدەبن بۆ دانەی تر، بەڵام واتای هەریەکێکیان پەیوەستە بە دانەکانی ترەوە.

---

. یوسف شریف (2011: 80)

. یوسف شەریف سەعید (2011: 80 )

. عبدالواحید موشیر (2010: 67)

6. **هەر کێڵگەیەکی واتایی پێکهاتووە لە چەمکێك ئەم چەمکانەش بە وشە فەرهەنگییەکان پڕدەکرێنەوە، کە لە زمانێك بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت.**

**((وشەکانی ناو بوارە واتاییەکە لە بارێکی یەکساندا نین، چونکە دابەشدەبنە سەر بەش و پۆل، وە هەر بوارێك کۆمەڵێك وشەی تایبەت بە خۆی دادەپۆشێت ئینجا بۆ بەشی وردتر))** .

**لێرەدا هێنانەوەی بواری خزمایەتی و بەراوردکردنی لە نێوان دوو زماندا هۆکارەکەی ئەوەیە کە زمان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵە و بە پێی ئەو کۆمەڵە بوارێکی ناو ئەو کێڵگەیە فراوان دەبێت یان تەسکدەبێتەوە ((ئەم بەکارهێنانە کۆمەڵایەتیانەی زمان کاریگەرە بە شارستانی و فۆڕم و بیر و باوەڕ و لایەنە ئاوەزییەکان و پلەی ڕۆشنبیری و چۆنیەتی ڕوانینی خەڵك بۆ ژیان و لایەنە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان، هەموو ئەمانەش لە شێوەکانی دەربڕیندا دەردەکەون و سیمایەکی تایبەتی پێدەبەخشن))** .

**دیاریکردن و شیکردنەوەی ئەم کێڵگانە بە پلەی یەکەم بۆ ئەو کەسانە سودی هەیە کە دەیانەوێت زمانی دووەم فێربن، چونکە ناتوانن بە تەواوی شارەزای کلتور و بیرکردنەوەی کۆمەڵی دووەم ببن ((ئەگەر کەسێك نەتوانێت زمان لە چوارچێوە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکەی خۆیدا فێربێت، ئەوا بە لایەنی کەمەوە دەبێت ئاماژە کلتورییە گرنگەکان فێر ببێت بۆ ئەوەی لە خاوەن زمانەکە بگات))** .

---

. **عبدالواحیدموشیر** (2010: 62)

. **عبدالواحید موشیر** (2010: 70)

. **بەهار زایر محەمەد** (2009: 10)

3. **شاخەوان جەلال فەرەج** (2012: 10) **وەرگیراوە لە** (falsalhumair muktoobblog.com)

## (1-2/3) دانەکانی کێڵگەی خێزان

**(دایك، باوك، باپیر، نەنك، برا، خوشك، خۆم، پور، خاڵ، مام، خاڵۆژن، ئامۆژن، مێردی پور، پورزا، خاڵۆزا، ئامۆزا، پورزازا، ئامۆزازا، خاڵۆزازا، زاوا، براژن، برازا، خوشکەزا، برازازا، خوشکەزازا، کچ، کوڕ، مناڵ، نەوە، هاوسەر، مێرد، ژن، هەوێ ، هەنەزا، زڕکوڕ، زڕکچ، کوڕەزا، کچەزا، کوڕەزازا، کچەزازا، بوك، زڕبرا، زڕخوشك)**

## (2-2/3) کێڵگەی ئەو وشانەی بە پێی ڕاپرسییەکە بە کەسوکار دادەنرێت:

**(دایك، باوك، برا، خوشك، مام، ژن، خاڵ، پوور، ئامۆزا، پورزا، خوشکەزا، خاڵۆزا، برازا، ئامۆزا، خاڵۆزازا، پورزازا، نەنك، باپیر، هاوڕێ، هاوسەر، ئامۆژن، مناڵ، براژن، زاوا، مامی دایك، خاڵی دایك، مامی باوك، ئامۆزاژن، دش، خاڵۆزاژن، پورزاژن، شوبرا، ژنبرا، ژنخوشك، هێوەرژن، خەسوو، خەزوور، کوڕەزا، کچەزا، کوڕ، کچ، کچی مام، کوڕی مام، بووك، خەسووی کچ، خەسووی کوڕ، باوە پیارە، مێردی خوشك، زربرا، زباپیر، مێردی کچی ئامۆزا، دراوسێ، وەچە، ئاوەڵزاوا، هەوێ)**

**خشتەی ڕێژەی سەدی بەکارهێنانی یەکەم وشە لای بەکارهێنەران**

| وشە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- |

| | |
|---|---|
| دایك | 32٪ |
| باوك | 24٪ |
| نەنك و باپیر | 10٪ |
| برا | 8٪ |
| پور | 6٪ |
| بنەماڵە | 5٪ |
| مام | 4٪ |
| ئامۆزا | 4٪ |
| خەسو و خەزوور | 2٪ |
| خاڵ | 2٪ |
| پورزا | 2٪ |
| ژن | 1٪ |

**تێبینی:**

1. **ئەو وشانەی بۆ ناونانی کەسوکار و دەوروبەری خۆمانە بە پێی کەسەکە دەگۆڕێت، چونکە کێڵگەی خێزان دواجار لە (5) ئەندامی سەرەکی دەرناچێت، کە**

ئەوانیش (دایك و باوك و برا و خوشك و من)ن، بەڵام هەریەك لە مانە بە پێی پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەندامی کێڵگەیەکی تری خێزانی، ناونانەکەیان دەگۆڕێت.

بۆ نموونە ئەوەی بەلای منەوە ناوی خوشك)ە بەلای دایکوباوکەوە ناوی (کچ)ە، بەلای نەنك و باپیرەوە (کچەزا) یا (کوڕەزا)یە،.....بەو شێوەیە.

بۆیە خێزانێکی گەورە لە چەند لقێکی سەرەکی پێکدێت، هەریەکێکیان بە لایەنی کەمەوە ئەو (5) ئەندامە سەرەکییەن.[1]

2. لەناو وشەکاندا هەندێجار لە بری ناوەکە، فرێزێك بۆ ناونانەکان بەکارهاتووە، بۆ نموونە لە بری (براژن) (ژنی برا) بەکارهاتووە. لە بری (ئامۆزا)، (کچی مام) و(کوڕی مام) بەکارهاتووە.

3. ئەوەی جێگای تێبینی بوو لە هەندێ لە فۆڕمەکاندا (مامی باوك و خاڵی باوك و مامی باوك و خاڵی دایك) نوسرابوو، کە ئەمەش جێگای سەرنج بوو، کە هێشتا لە سەروو لقی سەرەکی کێڵگەی خێزان هێشتا لقی تری لێدەبێتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری کۆمەڵایەتی کە پەیوەندیی خزمایەتی لە نێوانیاندا تەنانەت دەیانبەستێتەوە بە برای باپیر یان نەنکەوە.

4. لەبەرئەوەی فۆڕمەکان بەناو زۆربەی چین و توێژەکاندا بلاوبوەوە، ژمارەیەکی دیاریکراو ئەکادیمی پسپۆڕی زمانی تێدا بوو (کە ئەمەش مەبەستی لێکۆڵەر بوو، تاوەکو بۆچوونی خەڵك بزانێت نەك زانیاری پسپۆڕێکی ئەکادیمی زمان )، بۆیە لە

---

1. لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی باسی خێزان دەکەین، باس لە حاڵەتی ناوازە ناکرێت، کە خێزانێك منداڵیان نەبێت، یا یەك دانەیان هەبێت.

هیچ کام له فۆڕمەکاندا وشە (من/خۆم) بەدیناکرێت، کە بەلای لێکۆڵەرەوە ئەم وشەیە دانەیەکی سەرەکییە لە کێڵگەکەدا و زۆربەی پەیوەندییەکان لە ڕێی ئەو و لە زمانی ئەوەوە دیاریی دەکرێت، بە تایبەتی (هاوسەر و منالّ و کەسوکاری هاوسەر) ئەگەرهاتوو وشەی من لەناو کێڵگەکەدا نەبێت ئایا لقی هاوسەر لە کوێوە سەرچاوە بگرێت؟ یان وەچەلقی کوڕەزا و کچەزا؟

5. لەناو کێڵگەی خێزاندا تێبینی دەکرێت کە پلەی نزیکی و پەوەندییەکە جیاوازە، بۆ نموونە:

- هەریەك لە دایك و باوك پەیوەندییەکەیان لە لایەن (نەنك و باپیر)ەوە لە لایەك و لەگەڵ (خوشك و برا)ی خۆیان لە لایەکی تر و لەگەڵ (منداڵ)، ڕاستەوخۆیە. بەڵام پەیوەندی (دایك و باوك) لەگەڵ (مێردی پور) و (ئامۆژن) کەمێك دووردەکەوێتەوە،.. . بە هەمان شێوە پەیوەندی من لەگەڵ دایکوباوك و خوشکوبرا ڕاستەوخۆیە، بەڵام پەیوەندییەکە لەگەڵ لقە خێزانی (ماڵی پوور) دوورترە.

## (4-2/3) پەیوەندییە واتاییەکان لەناو کێڵگەی خێزاندا:

1. هەموو وشەکان لە جوتەیەکی دژواتا پێکهاتوون، بە شێوەیەکی تر زۆربەی لقەکان دووپەلکیین، جگە لە (خۆم)، تاکە وشەیەك لەناو کێڵگەکەدا واتای دژی نییە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| دایك | + مرۆڤ<br>- نێر<br>+ هەراش | باوك | + مرۆڤ<br>+ نێر<br>+ هەراش |

+ شوکردن

+ ژنهێنان

خاڵ
+مرۆڤ
+/- هەراش
+ نێر

پور
+ مرۆڤ
+/- هەراش
- نێر

خاڵ
+ مرۆڤ
+/- هەراش
- پشت
+ نێر

مام
+ مرۆڤ
+/- هەراش
+ پشت
+ نێر

خوشک
+مرۆڤ
+/- هەراش
- نێر

برا
+ مرۆڤ
+/- هەراش
+ نێر

مام
+ مرۆڤ
+ هەراش
+ نێر
+ کەسی پلە یەك

ئامۆژن
+مرۆڤ
+ هەراش
- نێر
- کەسی پلە یەك


2. بوونی وشەی هاوواتا بەهۆی بەکارهێنان یان شێوازەوە، بۆ نموونە:


خاڵ = خاڵۆ

پوور = پلك = میمك

کچ = کیژ = کەنیشك

3. پەیوەندی گرتنەوە سەراپای کێڵگەکەی داگیرکردووە، چونکە کێلچگەکە لە یەکەیەکی سەرەکی و بەشەکانی پێکهاتووە:




4. هەندێك لە وشەكان واتایەكی میتافۆریی دروستدەكەن و دەبنە ئەندامی كێڵگەیەكی تر، بۆ نموونە:

- پور ( كە چویتە دوور ئەبی بە پوور)

- دایکوباوک ( بە دایکوباوک بەخێوی کردووە)

- مام  (لەکاتێکدا بۆ خۆشەویستی لە نێوان هاوڕێکاندا بەکاردێت)

5. پەیوەندیی فۆڕمی، هەندێ لە وشەکانی ئەم کێڵگەیە پەیوەندیی فۆڕمی دروستدەکەن هەروەك لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەماندا بەم جۆرە پەیوەندییە:

- پوور، دوور، توور

6. هاوبێژی

- خاڵ


1) برای خوشك 2) نیشانەی سەرپێست

زۆرجار قالبی میتافۆر وەردەگرن

- 3 خاڵی هەیە هیچیان خاڵێکی سەر ڕوومەت ناهێنن!

## (4-2/3) کێڵگەی خێزان لە زمانی ئینگلیزیدا:

**بە پێی سەرچاوەکان کێڵگەی خێزان بەم شێوەیە دیاریی کراوە**




(5-2/3) دانەکانی کێڵگەی خێزان لە زمانی ئینگلیزیدا بە پێی ڕاپرسییەکە:

1. Parents (دایکوباوك)
2. Siblings (خوشکوبرا)
3. Uncle (مام یان خاڵ)
4. Step-parents (نەنکوباپیر)
5. Aunts (پور)و
6. Cousins (ئامۆزا و پورزا و خاڵۆزا)

7. Grand parents
8. Mother (دايك)
9. Father (باوك)
10. Brother (برا)
11. Sister (خوشك)
12. Sister In-law (دش، ژنخوشك)
13. Niece (برازای کچ)
14. Nephew (برازای کوڕ)
15. Son (کوڕ)
16. Daughter (کچ)
17. Grand Dad (باپیره)
18. Grand Mom (داپیره)
19. Mother In-law (خەسوو-)
20. Father In-law (خەزوور -)
21. Son In-law ( زاوا-)
22. Daughter In-law (بووك)
23. Grand Daughter (کچەزا)
24. Friends (هاوڕێ)
25. Step Dad (باوه پیاره)
26. Step Mom (باوەژن)
27. Step Son (زڕکوڕ)
28. Step Daughter (زڕکچ)
29. Pet (ئاژەڵی ماڵی)
30. Second Cousin (ئامۆزازا)
31. Third Cousin (ئامۆزازاز)

32. Brother In-law (شوبرا – ژنبرا)
33. Great Grand-Parents (باپیرونەنکی باپیر)
34. Wife (ژن)
35. Husband (مێرد)
36. Spouse (هاوسەر)
37. Grand Son (کوڕەزا)
38. Grand child (کچەزا)

**خشتەی ڕێژەی سەدیی بەکارهێنانی یەکەم وشەی بۆنە و یاد لە زمانی ئینگلیزیدا:**

| وشه | ڕێژەی سەدیی |
|---|---|
| Parents | 12٪ |
| Mother | 50٪ |
| Father | 22٪ |
| Brother | 8٪ |
| Grand mother | 2٪ |
| Cousins | 2٪ |
| Wife | 2٪ |
| Sister | 2٪ |

## (6-2/3) جیاوازی کێڵگەی خێزان لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا:

**ئەمەش دەبێت بە دوو بەشەوە:**

### (1-6-2/3) لە ڕووی زاراوەییەوە

1. لە زمانی کوردیدا بەرامبەر وشەی (Parents) ی ئینگلیزی، وشەی لێکدراوی (دایکوباوك) مان هەیە، واتە لە ئینکلیزیدا وشەکە سادەیە بەڵام لە کوردیدا لێکدراوە.

2. بەرامبەر وشەی (Grand mam) ی ئینگلیزی لە کوردیدا (نەنك) و بەرامبەر (Grand father) ، باپیرمان هەیە، واتە وشەکان لە ئینگلیزیدا لێکدراون و لە کوردیدا سادەن، هەرچەندە هەندێجار (داپیرە گەورە و باپیرە گەورە) بەکاردێت، ڕەنگە ئەمە هەر وەرگێڕدراوێکی وشە ئینگلیزییەکە بێت.

3. وشەی (siblings) لە زمانی ئینگلیزیدا سادەیە و لە زمانی کوردیدا (خوشکوبرا)لێکدراوە.

4. لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (Uncle) بەرامبەر هەردوو وشەی (خاڵ) و (مام) بەکاردێت.

5. هەروەها وشەی (Cousins) بەرامبەر هەرسێ وشەی (خاڵۆزا و پورزا و ئامۆزا) بەکاردێت.

6. لە زمانی کوردیدا وشەی برازا و خوشکەزا بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەکاردێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا (Niece) بۆ خوشکەزا و برازای کچ و (Nephew) بۆ خوشکەزاوبرازای کوڕ، بەکاردێت.

7. پاشگری (زا) لە کوردیدا بۆ ناونای وەچەکان بەکاردێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا بە پێی پەیوەندییکە جیاوازە، بۆ نموونە لە (ئامۆزا) دەوترێت (Second cousin) بەڵام بۆ ئامۆزازا دەوترێت (Third cousin)، لە کاتێکدا لە (کچەزا و کوڕەزا) وشەی (Grand) بەکاردێت، کە هەر هەمان وشە بۆ (نەنك) و (باپیر) بەکاردێت.

### (2-7-2/3) لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە

1. لەناو دانەکانی کێڵگەی خێزان لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا جیاوازیی لە ڕیزبەندیی وشەکان هەیە، لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (دایك) (50٪) بەشداربوان وەك یەکەم وشە بەکاریان هێناوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا (32٪) ی بەشداربووان وشەی (دایك) وەك یەکەم وشە لە ڕاپرسییەکەدا هاتووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی لەناو ئەواندا هەیە، کە تێکەڵی لەگەل خزم و کەس و تەنانەت ئەندامانی تری خێزانەکەش کەمە، بۆیە بەلای ئەوانەوە (دایك) لە پلەی کەسوکاردا زۆرترین ڕێژەی دەدرێتێ.

2. وەڵامی زۆربەی فۆڕمە ئینگلیزییەکان زۆر کەم بوو، تەنها چەند دانەیەکیان لە کەسوکار نوسیوە، بەبەراورد بە فۆڕمە کوردییەکان کە ژمارەیەکی زۆر وشەیان بۆ پەیوەندیی خزمایەتی ڕیزکردووە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە پەیوەندی خزمایەتی لەناو کورددا زۆرترە، تێکەڵی لەگەڵ کەسی پلەیەك و پلە دووش هەیە، بەڵام کەسێکی ئەوروپی زۆرکەم تێکەڵی لەگەڵ دەوروبەرەکەی هەیە.

3. لەناو فۆڕمە ئینگلیزییەکاندا، زۆر بەکەمی ئەو وشانە بەکارهاتووە کە پلەی خزمایەتییان پلە دووە، واتە جگە لە (5) ئەندامە سەرەکییەکەیە، هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەلای ئەوروپییەکانەوە، پەیوەندی خزمایەتی ناگاتە خاڵ و مام و خێزانیان، زۆر بە کەمی نەبێت، لای هەندێ لە خێزانەکان نەبێت.

4. دانانی وشەی ئاژەڵی ماڵی (Pet) لەناو وشەکاندا، یەکێکی تربوو لە تێبینییەکان، چونکە بەلای ئەوانەوە ئاژەڵەکانیان لە ئاستی کەسی نزیکدایە، تەنانەت ئەوەی جێی سەرنج بوو، یەکێك لە بەشداربوان ناوی سەگەکانی نوسیبوو بەڵام دوایی سڕییەوە!

5. لە زۆربەی فۆڕمە ئینگلیزییەکاندا ناوی (هاوڕێ- Friend) بەکارهاتووە، لە بەرامبەردا، یەك حاڵەت لە زمانی کوردیدا هەیە.

6. شانازیی کردن بە بنەماڵە و ناوبانگ لەناو کۆمەڵگای کوردیدا وایکردووە لە هەندێ لە وەڵامەکاندا ئاماژە بە بنەماڵە بکرێت، کە (5٪) ی بەشداربوان دەگرێتەوە.

7. پەیوەستبوون بە خێزان و کەسوکاری هاوسەرەوە بەهۆی تێکەڵاوییە کۆمەڵایەتییەکە، لە کۆمەڵگایەکی کوردیدا، وشەی (خەسوو و خەزور) ی کردۆتە یەکێك لە وشە سەرەکییەکان و لە ڕیزبەندی وشەکاندا هەندێجار پلە یەکی دراوەتێ، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگایەکی ئینگلیزیدا بە پێی وەڵامی ڕاپرسییەکە، زۆر بە دەگمەن وشەی (Step mother) و (Step father) بەکارهاتووە، زۆر کەمتر بۆ (step brother) و (step daughter).

## (3/3) کێڵگەی واتایی و بیر و کەلتوور:

زمان پێکهێنەرێکی سەرەکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانە، لە ڕێی زمانەوە ئەو پەیوەندییانە ئاڵوگۆڕ دەکەن. ئەگەر بمانەوێت بچینە ناو ناخی

نەتەوەیەکەوە، زمان هۆکاریکە بۆ گەشتن بە کەلتوور و بیرکردنەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. واتە لەهەر شوێنێك کلتورێك هەبێت ئەوا پەیوەندییەکی گرنگ لە نێوان زمانەکە و ئەو کلتورەدا هەیە، کەلتوریش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە، بۆیە ئێمە پێویستە تایبەتمەندیی فۆڕمی زمانەکە لەو شوێنەدا فێربین، چونکە کەلتوور بۆماوەیی بایلۆژی نییە، بەڵکو بۆماوەیی میراتییە، لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە، واتە ڕەفتاری زمانیی تاکەکان بە پێی ئەو کات و شوێنە دیاریی دەکات. هەروەك ئەرستۆ دەڵێت ((زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە))، کەواتە ئامرازێکە بۆ تێگەیشتن و هاوکاری، هەروەها (( کەلتوور و شارستانی ئەو کۆمەڵە دەپارێزێت))، بۆیە هەرچەند شارستانیەتی گەلێك فراوانتربێت، ئەوەندە زیاتر زمان گەشەدەکات، کەواتە زمان تۆماریی مێژوویی گەلانە. هەر لەم بارەیەوە هەمبۆڵدت دەڵێت ((زمانە جۆراوجۆرەکان تەنها لە دەنگ و هێماکاندا جیاواز نین، بەڵکو لە جیهانبینییەکانیشیاندا جیاوازن)). بۆیە دەتوانین بڵێین کلتوور سنوری لە ڕۆشنبیری فراوانترە و زمان و دابونەریت و ئاین و تەقسە کۆمەڵایەتی و فیکری و ئەدەبی و مێژوویەکانیش دەگرێتەوە. کەواتە قسەکەری زمانێك، وشە و ڕۆنانی زمانەکە، کە بەکاریدەهێنێت بە پێی ئەو ڕێسا و یاسا کۆمەڵایەتی و کلتورییانەیە کە کۆمەڵی قسەکەران وابەستەن

---

. جمعة سید یوسف (1990 :32)

. Hudson (2000: 11)

. ئارام عبدالواحید حەمەرشید (2012: 43)

. نایف خرما (1978: 96)

. http-www.lisanarabi.comv brachiveindex.pht-435-htm

. د. علي عبدالواحید (1971: 10)

. و. ڕەحیم سورخی (2006: 18)

. بە دەستکارییەوە لە (عەتا قەرەداغی (2007: 9))ەوە وەرگیراوە.

پێوەی . واتە زمان ئەو توانایەش دەدات بە کەسێك بیری کەسێکی تر ئاڕاستە بکات، بۆئەوەی ڕەنگدانەوەی بیریخۆی بێت. بەم شێوەیە بەشێك لە زانیارییەکانی خۆی لە مێشکی گوێگردا بەرهەمدەهێنێت، کە ئەویش بەکارهێنانی زمانە وەك ئامرازێك بۆ کاراکردنی کەلتوور .

کەواتە زمان و بیرو کەلتوور پێکەوە بەستراون و باشترین بەڵگەش بۆ هاوبەشیی نێوانیان ، فۆڕمە زمانییەکانی زمانێکی دیاریکراوە پەیوەست بە کۆمەڵەوە ، چونکە ((بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی گرنگی بەو یەکە کۆمەڵایەتیانە دەدات کە کۆمەڵە کەسێك لەسەری ڕێککەوتوون)) و زمانیش تەنیا هۆکارێکە بۆ دەربڕینی بیر . دورکایم پێی وایە نابێت بیروباوەڕ لە سیستمی کۆمەڵایەتی جیابکرێتەوە ، چونکە ئێمە لە ئێستا و داهاتووش لە بیرکردنەوەکانماندا لە ژێر باری ئەو زمانە دیاریکراوەداین کە بۆتە نێوەندی دەربڕین و گوزارشت کردن بۆ کۆمەڵەکەمان . لەبەرئەوە ی بیر کلۆیەکی جێگیرە و نە شکلی هەیە و نە وێنە، بەڵکو زمان شکڵ و وێنەیەتی و بە هۆیەوە خۆی دەنوێنێ .

پەیوەندی بیرو و زمان دوو لایەنەیەو هیچیان بێ ئەویتریان نابێت و ئەمانیش ڕاستەوخۆ بەستراون بە کلتورەوە. ئەو کلتورەی کە بیرەکانی ئێمە ئاڕاستە

---

. محمد حسن عبدالعزیز(1983: 141)
. روی .سی.هچمان ، ت/ داود حلمی احمد السید ، ( 1989 :177)
. شاخەوان جەلال فەرەج (2011: 30)
. بەهار زایر محمد (2009: 22)
. نعوم چومسکی (1985: 68)
. احسان محمد حسن (1991: 22)
. جون لاینز (2003: 56)
. عزمی اسلام (1985: 18)

دەکات و بە زمان دەریدەبڕین، هەربۆیە دەبینین جیاوازیی بیریی دوو زمان لە ڕێی وشە و قسەکردنیانەوە دەردەکەوێت. کەواتە پەیوەندیی بیر وزمان تەنها شێوە و بیرکردنەوەی مرۆڤ بەرامبەر جیهان ناگرێتەوە، بەڵکو ئەم لایەنە تێدەپەڕێنێن تا دەگاتە ئەوەی کلتورەکان بگرێتەوە.

## (4/3) کێڵگەی بۆنە و یادەکان:

هەموو نەتەوەیەك خاوەنی مێژوو و کلتوری خۆیەتی، ئەم مێژوو و کلتورە لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا ڕەنگدەداتەوە. بۆ شارەزابوون و تێکەڵبوون بە نەتەوەیەك دەبێت سەرەتا بچینە ناو کلتور و مێژووەکەیەوە. یەکێك لە ڕێگاکانی ڕەنگدانەوەی کلتوور لە ڕێی زمانەوەیە. چونکە زمانی نەتەوەیەك ڕەنگدانەوەی بیرو کلتوورەکەیەتی، هەروەك لە نیشانە واتاییەکانیشدا ئاماژەمان پێکرد، یەکێك لە جۆرەکانی واتای لاوەکی، واتای (شێوازی) یە ، کە لە ڕێیەوە دەتوانرێت ئاستی ڕۆشنبیری کەسەکە دیاریی بکرێت، ئەمەش لە کلتوورەوە زۆر نزیکە، چونکە شێوازی قسەکردنی کەسێك، ئاستی ڕۆشنبیری و کلتوریەکەی تیا دەردەکەوێت.

---

. شاخەوان جەلال (2011: 35)

. بۆ نموونە زۆرجار لە ڕێی قسەکردنی یەکێکەوە بۆمان دەرکەوتووە ئەو کەسە خاوەنی چ ڕۆشنبیرییەکە؟ یان چ پلە و ئاستێکی هەیە لە کۆمەڵدا.

## (4/3- 1) دانەکانی کێڵگەی بۆنە و یادەکان بە پێی ئەنجامی ڕاپرسییەکە[1]:

(جەژنی ڕەمەزان،جەژنی قوربان، بەرات، سەری ساڵی زاینی، لەیلەتوقەدر، تەراویح، عاشورا، یەکی موحەرەم، میعراج، دەی موحەڕەم، بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرز، لەدایکبوونی پێغەمبەر، بوونی سلێمانی بە پایتەختی رۆشنبیری، لەدایکبوونی مەسیح، چوارشەممەی سوری یەزیدیان، سەری ساڵی کۆچی، ڕاپەڕین، کیمیابارانی هەڵەبجە، کۆڕەو، ئەنفال، هەڵبژاردنی پەرلەمانی 92، رۆژی پەرستاران، دامەزراندن و ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد، دامەزراندنی حکومەتی شێخ مەحمود، لە سێدارەدانی قازی محەمەد، رۆژی رۆژنامەگەری کوردی، یادی دامەزراندی شاری سلێمانی، شەشەڵان، عەرەفە، کۆڕبەندی ساڵانەی زانکۆ، رۆژی موزیك، شۆڕشی ئەیلول، شەڕی بەردەرکی سەرا، شۆڕشی تەمموز، رۆژی گەنجان، رۆژی سوپای عێراق، ، سیانزە بەدەر، سێ ڕۆژە، ڕزگارکردنی عێراق، گرتنی سەدام، 11 ی ئازار، شەوی یەڵدا، شەوی دەیجور، گەردەلوولی بیایان، سەری ساڵ، ڕۆژی ژینگە، یادی لەدایکبوون، ئاهەنگی هاوسەرگیری، پاشتێلانە، ڕێکەوتننامەی جەزائیر، کەپرەشینەی جولەکە، حەفتانە، چلە، حەوتم، تەعزێ، ساڵانە، یادی رۆژی هاوسەرگیری، ئاهەنگی دەرچوون، نیشانە، یادی ئۆتۆنۆمی کوردستان، ؤژی ناونانی منالْ، مارەکردن، شەکراوخواردنەوە، منالْبوون، عەمەلیات، سێ ڕۆژە، جەژنی مامۆستا، دامەزراندن، رۆژی کەمئەندامان، رۆژی جیهانی ژینگە، رۆژی جیهانی شانۆ، رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی، رۆژی جیهانی ژنان، رۆژی جیهانی منالان، رۆژی جیهانی جلی نەتەوەیی، رۆژی جیهانیی زمانی دایك، رۆژی

---

[1]. لە زمانی کوردیدا سەرچاوەیەکی وامان بەرچاو نەکەوت وەك داتایەك بتوانین بە ڕیزبەندی بۆنەویادەکان بەکاریبهێنین، بۆیە لێرەدا پشتمان بە ئەنجامی ڕاپرسییەکە بەستووە.

جیهانیی دایك، جەژنی مامۆستایان، ڤیستیڤاڵی خێڵەکان، رۆژی جیهانیی سەرەتان، ڤالانتاین، رۆژی جیهانی نەخۆشی ئایدز، وەستانی شەڕی عێراق-ئێران)

**خشتەی ڕێژەی سەدیی بەکارهێنانی یەکەم وشەی بۆنە و یادەکان لای بەکارهێنەران**

| وشە | ڕێژەی سەدیی |
|---|---|
| جەژنی ڕەمەزان و قوربان | 42 ٪ |
| سەری ساڵ | 34٪ |
| یادی لەدایکبوون | 6٪ |
| چوارشەممەی سوری یەزیدیان | 2٪ |
| لە سێدارەدانی قازی محەمەد | 2٪ |

**تێبینی**

1. دەبینین لەگەڵ دووبارەبوونەوەی زۆربەی وشەی یادەکان، بەڵام زۆر بەکەمیی بەلای ئەو بۆنە و یادانەدا چوون کە باس لە ڕۆژە ڕەشەکانی کورد دەکات، بە تایبەتی دوای ڕاپەڕین. بۆ نموونە لە هیچ کام لە فۆرمەکاندا باسی (17/ ی شوبات) یان (سەرای ئازادی نەکراوە)، هەروەها (31/ ئاب) و (براکوژی) و (ئاشبەتاڵ)، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بیروبۆچوونی خەڵك لە

ئێستا هێندە بێزارە لە سیاسەتی ئەم پارتانە و ئەو کێشە و ناخۆشیانەی بەهۆی ئەوانەوە درووتبووە، نایەوێت لە یادەوەری خۆیدا بیانهێڵێتەوە.

لە لایەکی تر لەئێستادا ململانێکە لە نێوان پارتەکان کەمێك سەختە، بۆیە لەلای بەشداربوانی ڕاپرسییەکە ناونەهێنانی هەندێ بۆنە، بۆ خۆدوورخستنەوەیە لە کێشە.

2. فۆڕمەکان بەسەر چەند کەسێك لە تەمەنی جیاوازدا دابەشکراون، بە سەرنجدان لە فۆڕمەکان ، دەبینین ئەوانەی تەمەنیان گەورەیە زۆر بە وردی و دڵسۆزی وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە، بەڵام ئەوانەی گەنجن(کە زۆرینەی خوێندکاری زانکۆن)، زۆر بە کورتی و بێگرنگیدان وەڵامیان داوەتەوە. هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم جیلەی ئێستامان کەمتر گوێدەدەن بە هاوکاری و پەرۆشی بۆ یەکتر و بۆ زانست و لێکۆڵینەوە، هەروەها کەمتر گرنگیدەدەن بە پەیوەندی خزمایەتی و یادکردنەوەی بۆنەکان بە تایبەتی نیشتیمانی.

3. پیرۆزیی جەژنە ئاینییەکان لەناو کورددا و پەیوەست بوون بە یاد و بۆنە ئاینییەکان وای لە بیری خەڵك کردووە یەکەم وشە بۆ بۆنە و یادەکان، جەژنی ڕەمەزان و قوربان بێتە یادگەیان.

4. پەیوەست بوونی کۆمەڵگای کوردی بە بۆنەویادەکانەوە بە پێی کات یەکێکی ترە لە سەرنجەکان، چونکە هەندێ لە بۆنەکان پەیوەستە بە کاتەوە، ڕەنگە زۆرجار تەنها ئەو ڕۆژە بیریان بێت کە یاددەکرێتەوە، نموونەی ئەمە ناوهێنانی (چوارشەممە سورەی یەزیدیان)ە لە زۆربەی فۆڕمەکاندا، چونکە ماوەی دابەشکردنی فۆڕمەکان، دەوروبەری ئەو یادە یوو، بۆیە لە بیرەوەری زۆربەیاندا

هەبوو.بەڵام هەندێ بۆنە هەیە کە زۆر گرنگن یان زۆر پیرۆزن لە هیچ کام لە فۆڕمەکان ناوی نەهاتبوو، وەك (موحەڕەم)، ئەمە جێگای سەرنج بوو بۆ لێکۆڵەر، لە کاتێکدا زۆربەی بەشداربوانی ڕاپرسییەکە گرنگی دەدەن بە بۆنەی ئاینی، کەچی ناوی ئەو بۆنەیە کەمتر هاتبوو، ڕەنگە وەك پێشتر ئاماژەم پێدا هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگە بە کات و شوێنەوە زۆر پەیوەستە و بیرکردنەوە و بیرهاتنەوەکانیشیان لەگەڵ ئەو دەوروبەرەیە.

5. کورتیی وەلامەکان لای ئەو کەسانەی تەمەنیان ناوەند بوو، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ورده ورده کۆمەڵگای ئێمە بەرەو ئەوە دەچێت کە وەك کۆمەڵگای ئەوروپی خۆیان خەریك نەکەن بە درێژدادڕی، ئایا هۆکارەکەی کەمتەرخەمییە؟ یان کەمی کاتە؟ یان کەمیی زانیارییە؟ یا گرنگینەدانە بە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان، بەهۆی خەریك بوون بە دنیای تەکنەلۆجیاوە.

6. زۆریی وشەکان لەناو لقە کێڵگەی بۆنەی (نەتەوایەتی) دەگەڕێتەوە بۆ کەلتووری کوردی و گرنگیدان بە بۆنە و یادە نەتەوەییەکان، هەروەها بۆ ئەو زنجیرە ڕوداوە مێژووییانەی بەسەر نەتەوەکەماندا هاتووە، کە هەمیشە لە ململانێ و بەرەنگاربوونەوەدا بووە، هەر بۆیە بۆنە نەتەوەییەکان یادەوەری ناخۆشن.

## (2-4/3) کێڵگەی بۆنە و یادەکان لە زمانی ئینگلیزیدا[1]:

---

1. کێڵگەی بۆنەویادەکان لە زمانی ئینگلیزیدا بە شێوەی هێڵکاری نەبوو، تەنها دابەشکردنەکە بە پێی جۆری بۆنەکە لە تەنیشتییەوە ئاماژەی پێکرابوو، بۆیە ئێمەش هەوڵماندا زۆربەیان بە ڕیزبەندیی کاتەکەی لەناو ڕۆژەکانی ساڵدا دیاری بکەین، بەڵام بە پێی ڕاوێژکردن بە هەندێ کەسی دانیشتووی ئەو

New Year's Day - January 1 .1

سەریساڵی زاینی.

Twelfth Night - January 5 .2

ئەم یادە چوار ڕۆژ دوای سەری ساڵە، ئەبێ هەموو دیارییەکان لە داری کریسمس لێبکرێتەوە، بۆ ڕێگریکردن لە چارەنووسی خراپ؟

Candlemas Day - February 2 .3

کورتترین ڕۆژە لە ساڵدا، نیشانەی ناوەڕاستی وەرزی زستانە.

Valentine's Day - February 14 .4

ڕۆژی خۆشەویستی

St. David's Day (Wales) - March 1 .5

لەم ڕۆژەدا یادی (Dewe sant) دەکەنەوە کە ئاینی مەسیحی لە شاری (Wales) بلاوکردەوە.

St. Patrick's Day - March 17 .6

---

ولاتەو هەندێ لە قسەکەری ڕەسەنی زمانەکە، هەندێ لە بۆنەکان وەك مێژوو تۆماردەکرێن و یادناکرێنەوە، مەگەر لای هەندێ چین و توێژی جیاواز نەبێت، بۆیە لێەدا هەندێکیمان بە پێویست نەزانی. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی بۆنە و یادەکان بڕوانە (http://holidaygirl.hubpages.com/hub/List-of-United-Kingdom-Holidays-and-Celebrations) و (http://fayehelen.hubpages.com/hub/Bank-Holidays-And-Special-Occasions-In-The-UK-2011) و (http://www.timeanddate.com/holidays/uk/)

ئەم یادە تایبەتە بە ئێرلەندییەکان، بە ئاهەنگ یادی دەکەنەوە، پشویەکی کەلتووری و ئاینییە.

7. Shrove Tuesday (Pancake Day) - Day Before Lent - March/April

ئەم یادە بە جەژنی (Pancake) ناسراوە، رۆژێك پیش (Lent)ە، بۆ خۆحازرکردنە بۆ (Lent).

8. Lent - March/April

(40) رۆژ پێش (Easter) ە، ئەم یادە وەك ڕۆژووگرتن وایە، بەلام بە شێوەیەکە تیایدا بڕیار دەدەن لە ماوەی ئەو چل ڕۆژە جۆرە خواردنێك نەخۆن، وەکو پەیمانێك.

9. Mothering Sunday - 4th Sunday of Lent - March/April

چوارەم یەکشەمەی (Lent)ە.

10. Maundy Thursday - Thursday Before Easter - March/April

پێنجشەممەی پێش (Lent)ە، کە تیایدا مەسیح ئەخیر نانی ئێوارەی خواردووە.

11. Easter - March/April

رۆژی گەڕانەوەی مەسیح

12. April Fool's Day - April 1

درۆی نیسان

13. St. George's Day (England's National Day) - April 23

وەك ئەفسانەیەکە لە کلتوری ئینگلیزیدا، تیایدا (George) ئەژدیهایەکی کوشتووە.

14. May Day - May 1

جەژنی کرێکارانSee all 4 photos

15. Trooping the Colours - Sometime in June

رۆژی سوپاسگوزاری بۆ سوپای بەریتانیا

16. Fathers Day – June

جەژنی باوك

17. Wimbledon Tennis Tournament - Sometime in June

رۆژی جیهانی یاریی تێنس

18. Swan Upping - Third Week of July

سێیەم حەفتەی مانگی (7)ە، وەك یادێکی کلتووری، خەڵکی بەریتانیا، تەنانەت مەلیکەش دەچن سەیری بەلەمە کۆنەکان قازەکانی ناو ڕوباری ()دەکەن.

19. Notting Hill Carnival - Last Monday in August

ئەخێر دووشەممەی مانگی (8)، لە (Notting Hill) ئەچنە سەرجادە بۆ ئاهەنگ و هەڵپەرکێ، ئەم ڕۆژە سەربەستن چی دەکەن، واتە (free day)ە.

20. Harvest Festival - On or Near the Sunday of the Harvest Moon

ڕۆژی جیهانیی یادکردنەوەی بەروبوم چنینەوە.

21. Halloween - October 31.

ڕۆژی هاتنەوەی رۆحیانەتی خراپ، شیرینی ئەبەخشنەوە بۆ خۆ دوورخستنەوە لە شەڕی ئەوان

22. Bonfire Night (Guy Fawkes Day) - November 5

ئەو کاتەی پەرلەمانی بەریتانیا دەسەڵاتەکەی زوڵم و زۆر بووە، کەسێك ویستویەتی پەرلەمان بتەقێنێتەوە بەلام سەرکەوتوو نەبووە.

23. Remembrance Day - November 11

یادی جەنگی جیهانی دووەم، گوڵی سوور دەدەن لە سنگیان، وەك هێمایەك بۆ ئەو هەموو خوێنەی ڕژاوە.

24. St. Andrew's Day - November 30

رۆژی نیشتیمانیی سکۆتلەندا

25. Advent - December 1-24

رۆژانی چاوەڕێکردنی لەدایکبوونی عیسا

26. Christmas - December 25

جەژنی لەدایکبوونی مەسیح

.27 Boxing Day - December 26

ئەم ڕۆژە بۆ یادکردنەوەی لەداکبوونی مەسیحە، بەڵام بۆ خزمەتکارەکان، چونکە ڕۆژی پێشووتر ئەوان سەرقاڵی خزمەتکردن بوون.

### (2-4/3) کێڵگەی بۆنە و یادەکان لە زمانی ئینگلیزیدا  بە پێی ئەنجامی ڕاپرسییەکە:

1. Christmas (سەری ساڵ)
2. Easter (ڕۆژی گەڕانەوەی مەسیح)
3. Thanksgiving (جەژنی سوپاسگوزاریی)
4. Halloween (ڕۆژی گەڕانەوەی ڕۆحیانەتی خراپ)
5. Birthdays (لەداکیوون)
6. Wedding (ئاهەنگی هاوسەر گیری)
7. Wedding Anniversaries (یادکردنەوەی هاوسەرگیری)
8. Barbecues (گۆشتبرژاندن)
9. House Parties (ئاهەنگی ماڵەوە)
10. Work Events ( کۆبوونەوەی کۆمەڵێك کەس لەسەر کار)
11. Fundraisers (ڕۆژی پارە کۆکردنەوە بۆ ڕێکخراوی خێرخوازیی)
12. New Years Eve (شەوی سەری ساڵ)
13. Fathers Day (جەژنی باوك)
14. Mothers Day (جەژنی دایك)
15. Bank Holidays (پشووی گشتییە)

16. Remembrance day (یادکردنەوە)
17. Bonfire Night ()
18. Valentines Day (رۆژی خۆشەویستی)
19. Christening (منالّ ئەبەن بۆ کەنیسە و لە ئاوی هەڵئەکێشن)
20. Summer Holiday (پشووی هاوین)
21. Anniversaries (یادی هاوسەرگیری)
22. St. George's Day (پێشتر ئاماژەی پێدراوە)
23. Women's Day (رۆژی جیهانیی ژنان)
24. May Day (جەژنی کرێکاران)
25. Funerals (پرسە)
26. Book Day (رۆژی جیهانیی کتێب)
27. World Cup (جامی حیهانیی)
28. Guy Fawkes (پێشتر ئاماژەی پێدراوە)
29. Good Friday (لە خاچدانی عیسا)
30. Pancake Day (پێشتر ئاماژەی پێدراوە)
31. Shrove Tuesday (پێشتر ئاماژەی پێدراوە)
32. April fools (پێشتر ئاماژەی پێدراوە)
33. Sister's Day (جەژنی خوشك)
34. Brother's Day (جەژنی برا)
35. Children In Need ( یادێکە تایبەتە بە کۆکردنەوەی پارە بۆ منالّە ئەفریقییەکان)
36. Music Festivals (رۆژی جیهانیی میوزیك)
37. St. Patrick's Day (پێشتر ئاماژەی پێدراوە)

## (2-4/3) جیاوازی زمانی كوردی و ئینگلیزی لە كێڵگەی بۆنەویادەكاندا:

1. گرنگیدانی كەلتووری كوردی بە بۆنە ئاینییەكان، هەم وەك بەكارهێنانی وشەی ڕەمەزان و قوربان لە ڕیزبەندی یەكەمی وشەكاندا، هەم وەك دووبارەكردنەوەی بۆنە ئاینییەكانی تری وەك (موحەرەم و عاشورا و بەرات ...)

2. دووبارە كەمی وەڵامەكان، واتە نوسینی كەمترین وشە بۆ بۆنەوە یاد، هۆكەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كەمتر گرنگی بە بوارە كلتووریەكە و بۆنەویادەكان دەدرێت. ئەوروپیەكان كەسێكی كارەكین و كەمتر خۆیان خەریك دەكەن بەم بوارارنەوە.

3. لەناو فۆڕمە ئینگلیزییەكاندا یەكەم وشە بە ڕێژەیەكی زۆر وشە (Christmas) بەكارهاتووە، چونكە ئەوەندەی گرنگی بەم بۆنەیە دەدەن ئەوەندە گرنگی بە بۆنەكانی تر نادەن.

4. جۆراوجۆریی بۆنەكان و دابەشكردنیان بە پێی تایبەتێتی لە زمانی ئینگلیزیدا، لەوسەرچاوانەی پێشتر ئاماژەمان پێدا، دیاریی كراوە. هەندێ لە بۆنەكان ئاینی و هەندێكی تر كۆمەڵایەتی و هەندێكی تر بۆ كات بەسەربردن و هەندێكی نەتەوەییە. لەناو وەڵامی فۆڕمە كوردییەكاندا زۆرتر گرنگی بە بۆنەی ئاینی و كۆمەڵایەتی دراوە، بەڵام لە فۆڕمە كوردییەكاندا زۆرتر گرنگی بە بۆنەی ئاینی و كۆمەڵایەتی دراوە. بەڵام لە فۆڕمە ئینگلیزییەكاندا ڕێژەیەكی زۆر بۆ بۆنە كۆمەڵایەتییەكان بووە، یان ئەوانەی بۆ كات بەسەربردن بوون.

5. خۆدوورخستنەوە لە بۆنە ناخۆشەكان، یان بە شێچوەیەكی تر لەبەر ئەوەی (تەعزێ) لەناو كۆمەڵگای كوردیدا یەكێكە لە مەراسیمە ناخۆش و پڕئازارەكا،

بۆیە لە هیچ کام لە وەلامەکاندا ناوی نەهاتووە، بەڵام لای کۆمەلچگایەکی ئینگلیزیی، ئەوەندە خۆیان بە مردنی یەکێکی ترەوە خەریك ناکەن، بۆیە بە ئاسایی ناویان بردووە.

## ئەنجام

1. دانانی فەرهەنگ بە پێی تیۆری کێڵگەی واتایی، یەکێکە لەو ڕێگایانەی وشەکانی زمان لەسەر بنەمای پەیوەندی و پێکەوەهاتنیان ڕیز دەکات، ئەمەش زیاتر هاوکاری قسەکەرانی زمانی دایك و بێگانەش دەکات لە لێکۆڵینەوەکاندا.
2. وشەکان لەناو کێڵگەیەکی واتاییدا بە پێی چەند بنەمایەك ڕیزدەکرێن، کە ئەویش نیشانە واتاییەکانە، چونکە دانەکانی کێڵگەیەك لە نیشانەیەك یان چەند نیشانەیەکدا هاوبەشن، کە بنەمای بە ئەندامبوونیانە.
3. کۆمەڵ و کلتوور بە ئاشکرا لەناو زماندا ڕەنگدەدەنەوە، چونکە زمان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵ و قسەکەرانێتی، بۆیە بەبەراوردکردنی دوو زمان لە ڕێی زمانەوە دەتوانرێت جیاوازییە کلتووری و کۆمەڵایەتتیەکانی ئەو دوو کۆمەڵەی پێ دیاریی بکرێت.
4. کارکردن بە تیۆری کێڵگەی واتایی یەکێکە لە ڕێگە کاریگەرەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا، چونکە بە پێی ئەم تیۆرە وشەکان وەك کێڵگەیەك و پێکەوە ڕیز دەکرێن، بۆیە بۆ قسەکەری زمانی دووەم ئاسانتر لەبەردەکرێن بەهۆی پەیوەندییەکانیانەوە لەگەڵ وشەکانی تر.

## لیستی سەرچاوەکان

- سەرچاوە کوردییەکان


1. ئەورەحمانی حاجی مارف (1975)، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
2. انور قادر جاف (2007)، مۆتیڤی پایز لە شیعرەکانی بێسارانیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (20)، حوزەیرانی.
3. بێستون حسن احمد (2010)، پەیوەندییە واتاییەکان و ڕۆڵیان لە دروستکردنی قسەی نەستەقدا، گۆڤاری زانکۆ، ژمارە 24، کۆیە.
4. بێستون حەسەن ئەحمەد (2012)، کۆمەڵە وشەو پێکەوەهاتن، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
5. بەکر عومەر عەلی و د. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف(2011)، سنوری کێڵگەی واتایی لە وشەی بێگانە و ڕەنگدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (31).
6. پەروین عوسمان عەللاف (2009)، واتا و وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
7. تالیب حوسین عەلی (2011)، واتاسازیی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
8. دارا حەمید محەمەد (2010)، واتاسازی، چاپەمەنی ژیر، سلێمانی.
9. سەلام ناوخۆش و مەریوان خۆشناو (2009)، زمانەوانی، بەرگەکانی (یەکەم دووەم و سێهەم) چاپخانەی منارە، هەولێر.
10. سەبوور عبدالكريم (2007)، ڕەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا بە تایبەت لای مەحوی و حافزی شیرازی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
11. کلۆد جیرمان و ریمۆ لۆبلان (2006)، و.یوسف شەریف سەعید، واتاسازیی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
12. عەبدولواحید موشیر دزەیی (2011)، لێکسیکۆلۆجی، چاپخانەی ماردین، هەولێر.
13. عبدالواحيد موشير دزەیی (2010)، واتاسازیی وشە و ڕستە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

14. عەبدالواحید موشیر دزەیی (2010)، واتاسازیی وشە و ڕستە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
15. حەمدی ئێزەد پەناه (1987)، فەرهەنگە لەك و لوور، لێدوان و بەراوردکردنی: مەحمود زامدار، بەغدا.
16. طالب حسین (2002)، دیاردەی هاواتایی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆ، ژمارە 16.
17. محمد مەعروف فتاح (1990)، زمانەوانی، دار الحکمة للطباعة والنشر في اربیل.
18. محەمەدی مەحوی (2009)، زانستی هێما واتاو واتالێکدانەوە، چاپخانەی پەیوەند، بەرگی یەکەم، سلێمانی.
19. محەمەدی مەحوی (2009)، زانستی هێما واتاو واتالێکدانەوە، چاپخانەی پەیوەند، بەرگی دووەم، سلێمانی.
20. یوسف شەریف سەعید (2011)، زمانەوانی، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی زمانناسی، هەولێر.

- نامەی ماستەر و دکتۆرا

1. ئارام عبدالواحید حەمە ڕەشید (2012)، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر.
2. بەهار زایر محەمەد (2009)، زمان و یاساکۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.
3. تابان محەمەد سەعید حەسەن (2008)، گەشەسەندن و پووکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
4. پەیمان حسن محمد (2010)، پەیوەندیی نێوان زمان و کلتوور، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.
5. دارا حەمید محمد (2006)، پەیوەندییە واتاییەکان، نامەی ماستەر، بەغدا.
6. شاخەوان جلال فەرەج (2011)، تابۆ وەك نمونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور، نامەی دکتۆرا، سلێمانی.

7. شیلان عمر حسین (2011)، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
8. فەرهاد توفیق حسن (2010)، پەیوەندییە سیمانتییەکان و هەندێ دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
9. هۆگر مەحمد فەرەج (1993)، بوارە واتاییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب.

- سەرچاوە عەرەبییەکان
1. احسان محمد حسن (1991)، رواد الفكر الاجتماعى، وزاره التعليم العالى والبحپ العلمى، بغداد.
2. أحمد عزوز (2002)، أصول التراثية في نظرية الحقول الدلالية، اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
3. أحمد عزوز (2011)، جذور نظرية الحقول الدلالية في التراث اللغوي العربي، مجلة الفضيلة، تصدر اتحاد و الكتاب العرب، دمشق، العدد، 85.
4. أحمد مختار عمر (2006)، علم الدلالة، علم الكتب، الطبعة السادسة، القاهرة.
5. المعجم الفلسفي (1983)، مجمع اللغة العربية، الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية، القاهرة.
6. جون لاينز (1981)، علم الدلالة، ت: مجيد عبدالحليم الماشطة، مطبعة الجامعة البصرة، بصرة.
7. حاكم مالك الزيادي (1980)، الترادف في اللغة، بغداد.
8. حسام البهنساوي (2003)، التوليد الدلالي، مكتبة زهراء الشرق، القاهرة.
9. ستيفن اولمان (1997)، دور الكلمة في اللغة، ت: د.كمال محمد بشير، مصر،.
10. عزمي اسلام (1980)، مفهوم المعنى، حوليات كلية الاداب، الكويت.
11. علي عبدالواحد الوافي (1971)، اللغة والمجتمع، دار النهضة مصر للطبع والنشر، القاهرة،.

12. عمار شلواى (2002)، نظرية الحقول الدلالية، مجلة العلوم الأنسانية، جامعة محمد خيضر بسكرة، العدد الثاني.
13. ف. بالمر (1985)، ت. مجيد عبدالحليم الماشطة، علم الدلالة، كلية الاداب- الجامعة المستنصرية.
14. فرانك نوفو (2010)، ت: صالح الحاجري، قاموس علوم اللغة، الطبعة أولى، بيروت،.
15. فندريس (1950)، اللغة، ت: عبدالحميد الدواحلي و محمد القصاص، مطبعة البيان العربي، القاهرة.
16. كلود جيرمان و ريمو لوبلان (2006)، ت:د. نور الهدى لوشن، علم الدلالة، المكتب الجامعي الحديث.
17. ليلى ال حماد (1427 هـ)، المجاز والحقول الدلالية، جامعة الملك صعود، المملكة العربية السعودية.
18. محمد عبد الرحمن الزامل (2000)، ألفاظ الأخلاق في صحيح الامام البخاري، دراسة في ضوء نظرية الحقول الدلالية، جامعة ام القرى، المملكة العربية السعودية.
19. نايف خرما (1978) ، أضواء على دراسات اللغوية المعاصرة، عالم المعرفة، الكويت.
20. نعوم ضومسكى (1980)، جوانب من نظرية النحو، ت: مرتضى جواد باقر، البصرة.
21. نور الهدى لوشن (1995)، علم الدلالة دراسة و تطبيقا، جامعة ڤان بنغازى.
22. هادي النهر (2002)، الأساس في فقه اللغة و أرومتها، دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع، الطبعة الأولى، عمان.
23. هيفاء عبدالحميد كلنتن (2001)، نظرية الحقول الدلالية، رسالة دكتوراه، جامعة أم القرى، المملكة العربية السعودية.

- سەرچاوە ئینگلیزییەکان

1. Adrenne Lehrer(1974), Semantic Fields and lexical structure, north holland publishing company.

2. Alan Cruse (2000), Meaning in Language, an introduction to semantics and pragmatics, oxford univwrsty press.
3. David Crystal(2003), A Dictionary of Lingustics & Phonetics, Oxford.
4. Dirk geeraerts (2010), theories of lexical semantics, oxford university press.
5. F.R.Palmer (1976), Semantics, second edition, Cambridge university press.
6. Finch (2005), Key Concepts in Language and Linguistics, Pal Grave Macmilan press.
7. Guo Changhong, The application of semantic field theory in college English vocabulary instruction, Chinese journal of applied lingustics (bimonthly) vol 33, no 3.
8. Haylery g & Davis and Talbot J.Taylor (2003), Rethinking Lingustics, New York.
9. Hudson (1996) , sociolingustics , Cambridge university.
10. Hudson (2000), Essential Introductory, Lingusticsm, oxford.
11. Jean aitchison (1999). Lingustics , NTC publishing group.
12. John I Saied (2009), semantics.
13. John lyons (1997), semantics, v1, Cambridge university press.
14. John lyons (1997), semantics, v2, Cambridge university press.
15. Nick riemer (2010), introducing semantics, Cambridge university press.
16. Robins R.H (1964), General Linguistics, second edition, London.
17. Sawsan ali halaby (2000), collocational unpublished M.A thesis, college of art university of mosul.
18. Sebastian lobner (2002), understanding semantics, oxford university press.
19. Steinberg, D.D (1999), psycolinguistic languageu, minct and word, logman, London, and newyork.

20. Twana hamid saadi (2007), investigating kurd EFL learners ability to recognize and produce English collocation, basic education college university of sulamani.
21. Ullman (1973), meaning and style, oxford.

- پێگەی ئینتەرنێت

1. www.angelfire.com/tx4/lisan/lex_zam/.../**fields**.doc
2. http://beta.visl.sdu.dk/visl/da/info/prototype_project.htm
3. http://www.alukah.net/fatawa_counsels/0/34266/#ixzz2wLfvEA3R
4. http://fayehelen.hubpages.com/hub/Bank-Holidays-And-Special-Occasions-In-The-UK-2011
5. http://www.timeanddate.com/holidays/uk/


## ملخص الأطروحة


**الأطروحة موسومة بـ ( الحقول الدلالية من منظور المجتمع)، وهي دراسة مقارنة بين اللغتين الكوردية والإنجليزية، مخصصة لإظهار جوانب الاختلاف في الحقول الدلالية، مادتها مستوحاة من مواد هتين اللغتين.**

**في الفصل الأول بُحثت نظرية الحقول الدلالية وخصائصها ، و أنواع الحقول الدلالية ،والأسس التي بُنيت عليها،ثمّ أشير الى السمات الدلالية التي تشكل مبدء مهماً في تحديد الحقول الدلالية.**

**وفي الفصل الثاني حاولنا تحديد خصائص الحقول الدلالية،التي تتمثل في عدة محاور، أحدهما : بحث العلاقات الدلالية بين الألفاظ داخل الحقول وذلك في إطار العلاقات الدلالية والثاني :بحث الحقول الدلالية في الأدب، نظراً لأهمية هذه النظرية الدلالية في مجال الأدب،ودور الحقول الدلالية في تسهيل تعلم اللغة الثانية مثل محوراً آخر من الدراسة، فالحقول الدلالية هي إحدى الطرق الحديثة لتعلم اللغة الثانية.**

**وفي الفصل الثالث بُحثت الحقول الدلالية في إطار المجتمع ، أي علاقة هذه النظرية بالمجتمع، لأنّ ثقافة الفرد وكيفية تفكيره تؤثر تأثيراً مباشراً على وحدات الحقل وترتيبها .**

لهذا الغرض حددنا حقلين دلاليين هما حقل الأسرة ،والذكرى والمناسبات، ثمّ تحديد مقصد الباحث فيهما من خلال سؤالين رئيسين،أعد على شكل استمارات استبيانية موزعة على المشاركين في الاستفتاء من الناطقين باللغة الكوردية والإنجليزية ومن فئات عمرية مختلفة و اختصاصات مختلفة.

في ختام الدراسة توصلنا الى النتائج التالية:

1- إن وضع المعجمات على وفق نظرية الحقول الدلالية ، من الطرق التي ترتب الألفاظ على أساس العلاقة والمناسبة فيما بينها، وهذا ما يساعد الناطق بلغة الأم و الناطق باللغة الأجنبية في البحوث.
2- أن نظرية الحقول الدلالية تعتبر من النظريات الرئيسة في البحث اللغوي المقارن، لأن داخل هذه الحقول تحدد الكلمات حسب العلاقات، لذا تكون المقارنة أسهل وأدق.
3- من خلال المقارنة توصلنا الى أن هناك اختلاف كبير بين تفكير الناطق باللغة الكوردية والناطق باللغة لإنجليزية وهذا الاختلاف يظهر جلياً من خلال لغتهما.
4- ترتيب الألفاظ داخل الحقل الدلالي يكون تحت تأثير المجتمع المباشر ،فطريقة تفكير أفراد المجتمع وثقافتهم تنعكس على الألفاظ.


## Abstract

This dissertation which is entitled "Semantic Fields from a Sociolinguistic Perspective" is a comparative study on semantic fields between Kurdish and English. It explicates the notion of semantic field and discusses those points of differences that can be found between the two languages in this regard.

This study consists of three chapters, an introduction and some conclusions as follows:

Chapter one presents a theoretical framework of semantic field, its characteristic elements and its types. It also stresses those principles on which semantic fields are built. In additions to these, the chapter sheds some light on semantic features which play vital roles in indicating the semantic fields.

In chapter two, the researcher tries to determine the properties of semantic fields which are explained as follows: describing those relations which connect words with one another and with the other words in other semantic fields, providing the reader with some information about semantic fields in literature which is one of the important studies in the world of literature, and finally the chapter gives an account of semantic fields in relation to second language learning which is one of the most recent approaches used in making second language learning easier.

Chapter three is devoted to the explanation of semantic field in human society in order to show its relationship with the community since it is the community which has a direct effect on the elements of a field and their orders. Hence, concept and culture become part of this thought and affect the elements.

For this purpose, two semantic fields are taken as examples: family and celebration and commemoration. This dissertation is a case study which is guided by two research questions. Its data are collected by distributing some questionnaires among Kurdish and English native speakers of different ages and professions.

As the result, the following conclusions have been reached in this study:

1. Preparing dictionaries according to the theory of semantic field is one of the ways which organizes or lexical items on the basis of their relations and collocations. This further helps speakers of native and foreign languages in their studies.
2. Semantic field is one of the main theories for conducting a comparative study between two languages and makes the process of the comparison easier and more accurate. This can be related to the fact that the words in semantic fields are determined collectively according to their relations.
3. The last conclusion which can be stated here is that the orders of the words in the fields are directly indicated by the social groups, their thinking and their cultures.